یادی مەردان

بەرگی دووهەم

یادی مەردان

شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ

لە موراد و مەنسووبە دیارەکانیان

بەرگی دووهەم

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

داینـاوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

3

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

مەلا عەبدولکەریمی مودەرپس
یادی مەردان – بەرگی دووهەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١١٣
چاپی دووەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٣ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیت لێدان: ڕۆشنا ڕەشاد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. ئومێد بەننا. فەرهاد ئەکبەری
ڕێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

بِسم الله الرحَمنِ الرحيم

الحمد للّه رب العالمين. والصلاة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين، وأتباعه بإحسان إلى يوم الدين.

پاش ئەوەی بە یارمەتیی خودای میهرەبان یادنامەی تاقانەی ڕۆژگار حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندیم نووسی[1]، ئەمەوێ، باسی یەکەمین خەلیفەی ناوداریشی بنووسم کە حەزرەتی شێخ عوثمان سیراجودینی تەوێڵەییە لەگەڵ باسی هەندێ لە کوڕ و کوڕەزا بەشان و شکۆکانی و هەندێ لە موريد و مەنسووبە ناوداڕەکانیان بۆ ئەوەی دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی نیشتمان بە یادیان ڕووناك بکەمەوە.

ئەم باسەم کردووە بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم بە ناوونیشانی (شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان) و بەشی دووەمیشی بە ناوونیشانی (هەندێ لە موريد و مەنسووبە دیارەکانی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان).

(١) ئەم کتێبە بە ناوی (یادی مەردان. بەرگی یەکەم. مەولانا خالیدی نەقشبەندی) لە ساڵی ١٩٧٩دا لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، بە ٦٥٦ لاپەڕە لە چاپ درا.

بەشی یەکەم

شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان

یادی شێخ عوسمان سیراجودین

لە دایکبوونی شێخ عوسمان و پشت و بنەچەی

شێخ عوثمان سالّی ١١٩٥ی هیجرەت لە دێی (تەوێلّە) لە قەزای هەلّەبجەی ئێستا لە دایك بووە. ئەم ذاتە بە پێی دەسنووسێکی شێخ موحەمەد بەهائودینی کوڕی[٢]، کوڕی خالید ئاغای کوڕی عەبدولّلا ئاغای کوڕی سەید موحەمەدی کوڕی سەید دەرویّشی کوڕی سەید موشریفی کوڕی سەید جومعەی کوڕی سەیید زاهیر ناوێکە.

سەید زاهیری ناوبراو لە سەییدەکانی (نعێم) و لە نەوەی حەزرەتی حوسەینی کوڕی حەزرەتی عەلییە و لە مەلّبەندی خۆیەوە کە لە دەوروپشتی بەغدا بووە، لە ناو سەیدەکانی چیای حەمریندا، ڕووی کردووەتە هەورامان و لە دێی تەوێلّە دامەزراوە و نەوەی لێ بووەتەوە. ئەمانە لە تەوێلّە زۆر بە قەدر و حورمەت بوون وپاش چەند پشتێك بە ناوی (ئاغە)وە ناسراون.

دایکی شێخ عوسمان ناوی (حەلیمە) و کچی (فەقێ ئەبووبەکر)ی تەوێلّەییەکە بە (فەقێ هەی بەکر) ناسراوە و ئەچێتەوە سەر (فەقێ ئەحمەدی غەزاییی بەغدایی). ئەم فەقێ ئەحمەدەیش هەر بە منالّی بەغدای بە جێ هێشتووە و بۆ خوێندن ڕووی کردووەتە کوردستان و لە گەلێ مزگەوتدا خوێندوویە تا سەرەنجام لە تەوێلّە سەقامگیر بووە و ژنی هێناوە. لەبەر ئەوەی کە پیاوێکی زۆر چاك و لە خواترس بووە و گەلێ جار خۆی ون کردووە و پاش ماوەیەك هاتووەتەوە، لە تەوێلّە مەشهوور بووە بە (فەقێ ئەحمەدی غەزایی) بەو باوەڕە کەوا لە (رجال الغیب)ە و لە ماوەکانی ونبوونیا بۆ غەزا ئەچێ لە ناو سوپای موسوڵمانانداً.

بۆ پشتگیریی ناوونیشانی ئەم فەقێ ئەحمەدە، سەید عەبولسەمەدی تووداری کە یەکێك بووە لە موریدانی شێخ شەهابودینی کاکۆزەکەریا، لە کتێبی (نورالانوار)دا کە لە سالّی ١٠٩٩ی هیجرەتدا بە فارسی دای ناوە، لە (قاموس الانساب)ی شێخ ڕەزا موعینودینی کاکۆزەکریاییەوە ئەگێڕێتەوە ئەلّێ: «فەقێ ئەحمەد ناوێکی کورتەبنە کە

(٢) شێخ بەهائوددین لە پشتی نامەیەك کە بۆ شێخ عومەر زیائودینی برای نووسیوە، وای نووسیوە: إلی عمر ابن عثمان ابن خالد ابن عبدالله ابن السید محمد ابن السید درویش ابن السید مشرف ابن السید جمعة ابن السید ظاهر.

پێیان ئەوت (گردە) و بە عەرەبی قسەی ئەکرد، هاتە قوتابخانەکەی ئێمە. خۆی لە سەیدەکانی بەغدا ئەدایە قەڵەم و ئەیوت لە نەوەی شێخ عەبدولڕەئووفی کوڕی شێخ نیعمەتوڵڵای وەلیم. ماوەیەك مایەوە و پاشان چوو بۆ تەوێڵەی هەورامان. پاش ماوەیەك ناوبانگی دەر کرد بە (غەزایی). ئیتر نازانم ژنی هێنا یا نە؟». پاشان ئەڵێ: «منیش ئەڵێم بۆم دەرکەوت کە ژنی هێناوە و وەچەی لێ کەوتووەتەوە و هەرلەوێش مردووە. وە لە سەفەری حیجازما کۆڵیمەوە لەوە کە ئاخۆ ڕاستی ئەکرد یا نە؟ وە زانیم کوڕی شێخ موحەمەدی کوڕی شێخ عەبدولئەحەدی کوڕی عەبدولواحیدی کوڕی مەحموودی کوڕی عەبدولسەمەدی کوڕی عەلیی کوڕی عەبدولڕەئووفی کوڕی شاهـ نیعمەتوڵڵای وەلیی کوڕی شێخ زەکەریا کەمالودینی کاکۆزەکەریاییە، کەواتە سەییدی حەسەنییە»[٣]. من خۆیشم دیومە لە پشتی کتێبێکی خوالێخوشبوو مامۆستا مەلا بەهائوددینی ئیمامی خانەقای بیارە بە خەتی مامۆستا مەلا بەهائودین خۆی نەسەبی شێخ عوسمان سیراجودین نووسرابوو هەر بەم جۆرە کە لە پێشەوە باسمان کرد و لە داوێنیشیەوە نووسیبووی: «کتبت هذا النسب من خط شیخنا عمر ضیاءالدین قدس سره» واتە: ئەم نەسەبەم لە بەر خەتی شێخی خۆمان عومەر زیائوددین(قدس سره) نووسیوەتەوە.

وا بە پێی ئەم سەرچاوانە دەر کەوت کە شێخ عوسمان سیراجودین لە لایەنی باوکییەوە لە سەیدەکانی نعێم و لە نەوەی حەزرەتی حوسین و لەلایەنی دایکییەوە لە سەیدەکانی شازیلی و لە نەوەی حەزرەتی حەسەنە، چونکە شێخەکانی کاکۆزەکەریا لە نەوەی ئەبولحەسەنی شازیلین. ئەوەش بزانین کە شێخ عوسمان خۆی و نە کوڕەکانی لە ناو خەڵکدا باسی سەیدیەتیی خۆیانیان نەکردووە و بە تەسەووف و تەریقەتەوە خەریك بوون.

خوێندنی شێخ عوسمان سیراجودین

بە پێی داوونەریتی سەردەمی خۆی هەرلە منالییەوە، پاش فامکردنەوە، نراوەتە بەر خوێندن و قورئانی پیرۆزی تەواو کردووە و چەند وردە کتێبێکی خوێندووە و ئینجا

(٣) چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان، چەند لاپەڕەیەکە لە کتێبی (نور الأنوار)ی سەید عەبدولسەمەدی تووداری، موحەمەدی مەلاکەریم وەری گێڕاوەتەوە سەر کوردی، بەغدا، ١٩٧٠، ل ٣١. ئەسڵە فارسییەکەی ئەم کتێبەش لە کتێبخانەکەماندا هەیە.

بووه به فەقێ و هەندێ کتێبی نەحو و سەرف و شەرعی خوێندووه و بۆ خوێندن زیاد لە دێی تەوێلە، کە لەوێ نراوەتە بەر خوێندن، چووەتە بیارە و خەرپانی و خورماڵیش.

لە فەقێیەتیدا زۆریش بە خواپەرەستییەوە خەریك بووە و نوێژی سوننەت و شەونوێژی هەمیشە کردووە و هەر لە منالییەوە سیمای ساڵحانی گرتووە. ئارەزووی لە سۆفییەت و سولووك بووە و لە سەر ئەم ئارەزووە لە دەوروبەری تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا چووە بۆ بەغدا و لە مەدرەسەی مزگەوتی حەزرەتی غەوس (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) دامەزراوە، وانەی عیلم و شەرعی خوێندووە و خەریکی ذکر و فیکر و خواپەرەستیش بووە، تا پاشان هەر لە بەغدا بە خزمەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی گەیشتووە و تەریقەتی لەسەر دەستیدا وەر گرتووە. لەو کاتەدا، لە ڕووی فەقێیەتییەوە، لە پلەی خوێندنی(سیوتی)و (فناری)دا بووە. لە خوالێخۆشبوو شێخ عوسمانم بیستووە ئەیفەرموو: خوێندنی باپیرم لە مادەی سیوتی تێ نەپەڕیوە. هەروا لێم بیستووە ئەیفەرموو: دانەیەك کتێبی(فرائض)م دیوە بە خەتی باپیرم نووسرابووەوە. لە جەنابی سەیید تاهێری هاشمی کوڕی سەید قەیدەری سەیدودەوڵەی خەڵکی دەوڵەتاوایشم بیستووە کە شێخ عوسمان لەو کاتەدا کە لە مەکتەبی حەزرەتی غەوس خوێندوویەتی شەرحی لە (رسالة الشاه صديق الهراتي في شرح الكلام القدسي) کردووە کە حەزرەتی غەوس دای ناوە و ئەو شەرحە کە بە دەستنووسی شێخ عوسمان خۆیەتی، لە کتێبخانەکەی ئەودایە و شێخ عوسمان لە دواێنی ئەو شەرحەوە نووسیویە: «كتبه عثمان بن خالد الطويلي الأصل في مدرسة الشيخ عبدالقادر الگيلاني قدس الله سره العزيز في سنة ألف ومئتين وست وعشرين من الهجرة في رجب سنة ١٢٢٦». من خۆیشم نوسخەیەك ڕسالەی وەزع و ئیستعارەی دەستنووسی شێخ عوسمانم دیوە لای شێخ تۆفیقی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی خەڵکی (پشتە)ی ناوچەی (تاوەگۆزی) لە قەزای هەڵەبجە، بەڵام لە بیرم نەماوە لە چ ساڵێکدا نووسیویەتەوە. شێخ عوسمان سیراجودین کە لە مەکتەبی حەزرەتی غەوس فەقێ بووە، دوو هاورێی بووە کە ئەوانیش هەر لەوێ خوێندوویانە، یەکێکیان مەلا ئەحمەد ناوێکی دێی (کۆڵەسارە) لە ناوچەی (بێلەوار)ی سەر بە شارستانی سنە و ئەویشیان فەقێیەکی شیعە کە خۆی بە سوننی پیشان داوە و پێیان وتووە (فازڵی خەڵخاڵی). مەلا ئەحمەد لەئەنجاما بووە بە خەلیفەی مەولانا خالید و دەستی کردووەە بە ئیرشاد. فازڵی (خەڵخاڵ)یش لەم بارەوە شتێکی دەسگیر بووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و لە تاران نیشتەجێ بووە.

بۆ تەئکیدی ئەم قسەیە حاجی موحەمەدی سمێرانیی[٤] خەلیفەی شێخ موحەممەدی بەهائوددینی کوڕی شێخ عوسمان لە کتێبی (بارقات)دا[٥] نووسیویە: لە جەنابی سەید موحیەدینی کەلجینیم بیست، فەرمووی جارێکیان لەگەڵ خێزانی ڕەزاقولی ئەردەڵان لە سنەوە چووم بۆ تاران، چەند ڕۆژێ لە تاران ماینەوە، لەو ماوەیەدا خێزانی ڕەزاقولی خانی سەری لە زانایەکی گەورە دا کە ناوی فازڵی خەڵخاڵی بوو. لەکاتی سەردانەکەدا فازڵی خەڵخاڵی پرسی: لە وڵاتی ئێوە کێ بە خواناسی بەناووبانگە؟ وەڵامیان دایەوە لە کوردستان پیاوێکی گەورە هەیە مەشهوورە بە شێخ عوسمان سیراجودین و بۆیان باس کرد. جا فازڵی خەڵخاڵی وتی: وا دێتە بیرم کە من هاوڕێی ئەو زاتە بووم لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا و لە یەک حوجرەدا لەگەڵ ئەو و مەلا ئەحمەدی کۆڵەسارەیی پێکەوە ئەمانخوێند و هەر لەو سەردەمەدا نیشانەی پیرۆزی بە ناوچاوییەوە دیاربوو و ئێمەش بە پیاوێکی خاوەن هیمەتمان ئەهاتە پێش چاو.

تەریقەت وەرگرتنی شێخ عوسمان لە سەر دەستی مەولاناخالیددا لە بەغدا

شێخ عوسمان سیراجودین خۆی گێڕاویەتەوە فەرموویەتی کە مەولانا تەشریفی هاتە بەغدا و لە تەکیەی حەزرەتی غەوس جێگیر بوو، چوومە خزمەتی و دەستم ماچ کرد و بە خێرهاتنم لێ کرد. ئەویش ناسیمیەوە؛ چونکە پێشتر کە لە خورمالّ و بیارە

---

(٤) سمێران : دێیەکە لە نزیکی سنە.

(٥) بارقات: کتێبێکە بە فارسی حاجی موحەمەدی جافی سمێرانیی کوڕی ڕۆستەم بەگی میراخورباشی دای ناوە کە یەکێك بووە لە موریدانی شێخ عوسمان سیراجودین و خەلیفەی شێخ موحەمەد بەهائودینی کوڕی بووە و لە دێی سمێرانی نزیکی سنە دانیشتووە. ئەم کتێبە سەرانسەری باسی کەراماتی شێخ عوسمان سیراجودین و شێخ موحەمەد بەهائودینی کوڕیەتی. لەسەر ئەرکی حاجی مەحموود چەلەبی لە نەوەی عەبدولقادر دەبباغی هەولێری لە چاپخانەی نەجاحی بەغدا لەچاپ دراوە لەگەڵ کتێبی (نظم المحاسن في حسن شمائل حضرة الرسول الأكرم صلى الله عليه وسلم) کە شیعرە بە فارسی و هەر ئەو دای ناوە. ئەم دوو کتێبە پێکەوە ٤٧٩ لاپەڕەیان گرتووەتەوە و ساڵی لە چاپدانیان لە سەر نەنووسراوە.

ئەمخوێند بە خزمەتی گەیشتبووم و ئەویش لە کاتی لاویدا چەند جارێ هاتبوو بۆ تەوێلّە. ئیتر گەلێ جار لە تەکیە ئەچوومە خزمەتی و بەچاوپێکەوتنی دلّشاد ئەبووم، ئەویش زۆر دلّخۆشیی منی ئەدایەوە و بە میهربانییەوە تەماشای ئەکردم.

پاش چەند ڕۆژێك جارێکی تر چوومەوە لای و نیازی دلّی خۆمم عەرز کرد و تکام لێ کرد کە ئادابی تەریقەتم فێر بکا. ئەویش بە لوتفەوە تکاکەی قبوولّ کردم و ئادابی تەریقەتی نەقشبەندیی فێر کردم و نیشانی دام، چۆن ویرد و ذکری خۆم بە جێ بێنم. بەم جۆرە لە پەرێشانی ڕزگاری کردم.

منیش لەم شوێنەدا ئەڵێم بە پێی ئەوە کە لە ساڵی ١٢٢٦ی هیجرەت دەستنیشان کراوە کە مەولانا لەو ساڵەدا لە هیندوستانەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و هاتووەتە بەغدا و لە تەکیەی حەزرەتی غەوس نیشتەجێ بووە، دەر ئەکەوێ کە شێخ عوسمانیش هەر لەو ساڵەدا بووە بە موریدی مەولانا و ئەبێ کاتیش ئاخری ساڵ بووبێ و تەمەنی شێخ عوسمان لەو کاتەدا (٣١) ساڵان بووبێ.

گەڕانەوەی شێخ عوسمان بۆ سلێمانی لە خزمەتی مەولانادا

مەولانا لە دوادواییی ساڵی ١٢٢٦ یا سەرەتای ساڵی ١٢٢٧دا لە بەغداوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، چونکە سەفەرەکەی بۆ بەغدا و مانەوەی ئەو ماوەیەی لەوێ بە فەرمانی شاهـ عەبدولّلای دیهلەویی مورشیدی بووە.

مەولانا کە دێتەوە بۆ سلێمانی لە هەمان مزگەوتی خۆیدا دائەنیشێ کە کاتی خۆی مامۆستا بووە تێیدا و وانەی بە فەقێکانی وتووەتەوە کە مزگەوتی عەبدولڕەحمان پاشای بابانە و ئێستا بە مزگەوتی شێخ بابا عەلی بەناووبانگە. مەولانا لەم مزگەوتەدادەست ئەکا بە ڕێنموونیی موسولّمانان بە پێ داوونەریتی تەریقەتی نەقشبەندی. شێخ عوسمانیش لەم سەفەرەدا لە خزمەتیا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و دەستی کردووە بە سولووککردن و بەجێهێنانی ئادابی تەریقەت و مەولانایش زۆر چاودێریی کردووە. شێخ عوسمان خۆی فەرموویەتی ئەو ماوەیە کە لە سلێمانی بووم لە عالەمی ذیکر و رابیتەدا زۆر شتی سەیرم چاوپێ ئەکەوت و عەرزی مەولانام ئەکرد، ئەویش بە لوتفی خۆی ڕێنموونیی ئەکردم تا ئەو دەورانەم تێ پەڕاند. بە کورتی شێخ عوسمان سیراجودین لەو ماوەیەدا وەکو موریدێکی بە سۆز خەریکی خواپەرستی و

سولـووك ئـەبـێ و كـەمـوزۆر كـاتـی خـۆی زایـە نـاكـا و بـە هـەموو جۆرێ بـە ئـادابـی تەسەوفەوە خەریك ئەبێ و دوو ساڵی ١٢٢٧ و ١٢٢٨ بەم جۆرە بە سەر ئەبا تا ئەگاتە یایەی خەلافەت و مەولانا ئیجازەی خەلافەتی ئەداتێ. شێخ عوسمان یەكەمین كەسە كە مەولانا ئیجازەی خەلافەتی داوەتێ.

ئیبراهیم فەسیح حەیدەری لە كتێبی (المجد التالد، في مناقب مولانا خالد)دا ئەڵێ: «لەناو ئەهلی بەغدادا شێخ عوبەیدوڵڵای حەیدەری كە موفتیی بەغدا بووە و لە ناو خەڵكی شیمالی عێراقیشدا شێخ عوسمانی تەوێڵەیی یەكەم خەلیفەی مەولانا بوون». بەڵام من هێشتا بۆم ساغ نەبووەتەوە ئاخۆ شێخ عوسمان سیراجوددین كە لە ئاخری ساڵی ١٢٢٨دا ئیجازەی خەلافەتی لە مەولانا وەر گرتووە، هەر لە سلێمانی لێی وەر گرتووە، یا لە بەغدا، پاش ئەوەی كە مەولانا بۆ یەكەمین جار كۆچی بۆ ئەوێ كردووە، چونكە بە پێی ئەوەی لە شێخ عوسمان سیراجوددین خۆیەوە گێڕاوەتەوە، مەعلوومە لە تەمەنی ٣٣ ساڵاندا ئیجازەی خەلافەتی وەرگرتووە و وەك مەشهووریشە لە ١١٩٥دا لە دایك بووە و بەم پێیە ٣٣ ساڵییە كە رێكەوتی ١٢٢٨ ئەكا و مەولانا لە ساڵی ١٢٢٨دا بۆ یەكەمجار لە سلێمانییەوە كۆچی كردووە بۆ بەغدا و شێخ عوسمانیشی لەگەڵ رۆیستووە.

گەڕانەوە دیسانەوەی شێخ عوسمان بۆ سلێمانی لە خزمەتی مەولانادا

مەولانا، وەك لە بەرگی یەكەمی ئەم كتێبەدا باسمان كرد، تا ساڵی ١٢٣٠ لە بەغدا ئەمێنێتەوە، پاشان لەسەر تكای مەحمود پاشای بابان ئەگەڕێتەوە بۆسلێمانی و پاشا خانەقای گەورەی بۆ دروست ئەكا كە هەر لەو كاتەوە بە خانەقای مەولانا ناوبانگی دەركردووە و ماڵ و مووڵكێكی زۆری لەسەر وەقف ئەكا و زانایان و ئەهلی تەریقەت لە هەموولایەكەوە ڕووی تێ ئەكەن. شێخ عوسمانیش لەم وەختەدا خەلیفەیەكی بە پایە و مەقام بووە، لە خزمەتی مەولانادا ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و، مەحموود پاشا ڕێزێكی زۆر لەمیش ئەگرێ و زۆر جار لە مزگەوتی تایبەتی ناو ماڵی خۆیا پێشنوێژیی پێ ئەكا. شێخ عوسمان هەروا لای مەولانایش زۆر بەڕێز بووە و مەولانا فەرمانی داوەتێ كە خەتمی تایبەتی دامەزرێنێ و ئێواران و بەیانیان خەتم بكا و تەوەجوهـ لە

موریدەکان بکا. هەروا فەرمانی بە موریدەکانیشی داوە کە لە حەڵقەی خەتمی شێخ عوثماندا دانیشن. لەم ماوەیەدا کەسانی پایە بڵندی وەك سەید ئیسماعیلی داغستانی و مەلا عەبدولحەکیمی کاشغەری و شێخ موحەمەدی هەڵەبجەیی و کەسانی تر لە سەر دەستی شێخ عوسماندا سولووکیان کردووە و تەربیەتی سۆفیانەیان وەر گرتووە و، مەولانا تەنیا چاودێرییەکی گشتیی کردوون.

گەڕانەوەی شێخ عوسمان بۆ هەورامان

پاش گەڕانەوەی مەولانا بۆ سلێمانی بە ماوەی چەند سالێك، پیاوخراپان و فیتنەگێڕان ئاژاوەیەکی بۆ ئەنێنەوە و ئەویش وەك لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا بە درێژی لێی دواین– لە ساڵی ١٢٣٦ی هیجرەتدا بۆ جاری دووەم سلێمانی بەجێ دێڵێ و لە ڕێگای قەرەداغەوە بەرەو بەغدا ئەکەوێتە ڕێ. هەندێ لە مەنسووبەکانیشی لەگەڵی ئەڕۆن بۆ بەغدا و هەندێکیان لە خانەقادا ئەمێنێنەوە و هەندێکیشیان بڵاوەی لێ ئەکەن. شێخ عوسمان سیراجودینیش کە خەلیفەی فەرمانی ئیرشادکردن پێدراو بووە، ئەگەڕێتەوە بۆ هەورامان و لە تەوێڵە نیشتەجێ ئەبێتەوە و جاروباریش لە بیارە دانیشتووە. هاوینانیش جار جار چووە بۆ سەرچاوەی ئاوی دێی (کیمنە) و هەندێ ساڵیش چووە بۆ سەرچاوەی (حەوش و بەورانی) لە هەورامانی ئەودیو (هەورامانی بەشی ئێران) و لە هەر کوێ بووبێ بە ئیرشادی موسوڵمانان و ڕێنموونییانەوە خەریك بووە و زانایان و تالیبانی سولووك لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێ کردووە. نیشمەنی شێخ عوسمان سیراجودین لە دێی تەوێڵە خانووی بنەماڵەی خۆیان بووە و ئیرشادیشی لە مزگەوتی دێی تەوێڵە کردووە. لە بیارەیش لەو خانووانەدا دانیشتووە کە ئەکەونە پشت خانەقاوە و بە خانووی حەمەکەریمی شێخ ڕەشید ناسراون و ئێستا هیی نەوەی شێخ ڕەشیدن.

لەو ماوەیەدا کە شێخ عوسمان لە هەورامان بووە و مەولانا لە بەغدا بووە و تاچووە بۆ شام (١٢٣٦–١٢٣٨)، شێخ عوسمان گەلێ سەفەری بۆ دەوروبەری هەورامان کردووە. یەکێ لەم سەفەرانە بۆ سنە بووە. لەم سەفەرەدا ماوەیەك لە سنە ماوەتەوە و لەوێ ئیرشادی کردووە و گەلێ مەلا و پیاوی موناسب تەریقەتیان لەسەر دەستیا وەرگرتووە وەك شێخ شوکروڵڵای سنەیی و مەلا موحەمەدی باقر کە پاشان بە شێخ موحەمەد باقر ناوی دەرکردووە.

وەك بۆم دەرکەوتووە هەر لەم ماوەیەدا شێخ عوسمان چەند جارێکیش بە خزمەتی مەولانا گەیشتووەتەوە. جارێك لە بەغدا و دوو جار لە هەورامان کە مەولانا لە بەغداوە بۆ هاوینە خۆری چووە بۆ کوێستانەکانی هەورامان.

دەوری شێخ عوسمان سیراجودین پاش کۆچکردنی مەولانا بۆ شام

هەروەك چۆن پاش کۆچکردنی مەولانا لە سولەیمانییەوە بۆ بەغدا، شێخ عوسمان لە هەورامان بە ئیرشادکردنەوە خەریك بووە، هەروا پاش کۆچکردنیشی لە بە غداوە بۆ شام لە ئیرشادکردنی خۆیدا بەردەوام بووە. لە ناوچەی هەورامان و باباندا مەولانا خەلیفەیەکی لە شێخ عوسمان شایانتر و لێهاتووتری نەبووە و لە بەر ئەوەی لە هەموو لایەکەوە خەڵك ڕوویان تێ کردووە و هەمیشە خانەقای تەوێڵە پڕ بووە لە مورید و مەنسووب کە لە زۆر لای کوردستان و وڵاتانی ئیسلامەوە هاتوون.

بەم جۆرە شێخ عوسمان لە ١٢٣٦ەوە کە مەولانا بە یەکجاری کۆچی کردووە بۆ بەغدا و تا ١٢٨٣ کە خۆی کۆچی دوایی کردووە – دوو ساڵی نەبێ کە هاتووە بۆ سلێمانی – لە هەورامان (تەوێڵە و بیارە) خەریکی ئیرشاد بووە.

هاتنی شێخ عوسمان بۆ خانەقای مەولانا لە سلێمانی بەتکای ئەحمەد پاشای بابان بۆ ماوەیەك

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان کرد کەوا پاش کۆچکردنی مەولانا بۆ بەغدا، بە فەرمانی مەولانا خۆی، شێخ عەبدوڵڵای هیراتی لە سەر خانەقای مەولانا دانیشتووە بۆ ئیرشاد و شێخ مەحموود ساحێبی برای مەولانایشی لەگەڵ بووە. ئەم بارە بەم جۆرە ماوەتەوە تا مەولانا لە ١٢٤٢دا فەوتی کردووە و شێخ عەبدوڵڵای هیراتی بە وەسیەتی مەولانا چووە بۆ شام تا لە جێگەی ئەودا دانیشێ و تەنیا شێخ مەحموود ساحێب لەسەر خانەقا ماوەتەوە. ئەویش پاش ماوەیەك سلێمانیی بەجێ هێشتووە و چووە بۆ شام و شێخ ئەحمەدی هەولێرییان لە شامەوە ناردوەتەوە بۆ سلێمانیی بۆ سەر خانەقا. ئیتر وەزعەکە بەم جۆرە درێژەی کێشاوە و مورید و مەنسووبی نەقشبەندی هەموو تێکرا لە خانەقادا پێکەوە خەتمیان کردووە تا کاتێ کە شێخ لوتفوڵڵا ناو و مەلا

عوسمانی باڵخی کە لە موریدانی شێخ عوسمان بوون ئەڕۆن بۆ هەورامان بۆ سەرلێدانی شێخ. پاش گەڕانەوەیان ئیتر شێخ ئەحمەدی هەولێری ڕێگایان نادا لەناو خانەقای مەولانادا خەتم بکەن، ئەوانیش ئەڕۆن لە مزگەوتی مەلا عوسمانی باڵخی خەتم ئەکەن و ئادابی تەریقەت بە جێ دێنن. شێخ ئەحمەدی هەولێری ئەمەیش بە بەربەرەکانێ دائەنێ بۆ خۆی و ئەچێ لای ئەحمەد پاشای کوڕی سولەیمان پاشای بابان و شکاتیان لێ ئەکا. ئەحمەد پاشا لەم بارەوە نامەیەك بۆ شێخ عوسمان سیراجودینی ئەنووسێ بۆ تەوێڵە. شێخیش زۆر بە ناسکی وەڵامی نامەکەی ئەداتەوە. کە ئەحمەد پاشا نامەکە ئەخوێنێتەوە، زۆر شادمان ئەبێ و خۆشەویستیی شێخ عوسمان ئەچێتە دڵیەوە و ئارەزووی دێتە سەر ئەوە بنێرێ بەدوایا لە هەورامانەوە بیهێنێ بۆ سلێمانی و لەسەر خانەقا دایێنی.

پاش ئەمە زۆری پێ ناچێ سولەیمان پاشای باوکی ئەحمەد پاشا کۆچی دوایی ئەکا و ئەحمەد پاشای کوڕی لەجێی دائەنیشێ[٦]. ئەمجار ئەحمەد پاشا لەسەر ئارەزووەکەی خۆی بە دوای شێخ عوسماندا ئەنێرێ و لە ساڵی ١٢٥٤دا لە هەورامانەوە ئەیهێنێ بۆ سلێمانی و لەسەر خانەقای دائەنێ بۆ ئیرشادکردنی موسوڵمانان. کە شێخ ئەحمەدی هەولێری ئەمە ئەبینێ و تێ ئەگا خەڵکی سلێمانیش هەروەك ئەحمەد پاشا ئارەزوویان لەوەیە شێخ عوسمان بەسەر خانەقاوە بێ، بێدەنگ هەموو کاروباری خانەقا ئەداتە دەستی شێخ عوسمان. پاش دامەزراندنی شێخ عوسمان لەسەر خانەقا خەڵکێکی لە جاران زۆرتر ڕووی تێ ئەکەن و وەختە بڵێین دەوری ئیرشادی مەولانا لە خانەقادا تازە ئەبێتەوە. عەبدوڵڵا پاشای مامی ئەحمەد پاشایش شێخ ئەحمەدی هەولێری ئەباتە زەردیاوای قەرەداغ و خانەقایەکی لەوێ بۆ ئەکاتەوە، دەستی تیا ئەکا بە ئیرشاد.

---

(٦) سولەیمان پاشا لە ساڵی ١٢٥٤ی هیجرەتدا کۆچی دواییی کردووە. نالی لە لاواندنەوەی سولەیمان پاشا و پیرۆزبایی لێکردنی ئەحمەد پاشای کوڕیدا قەسیدەیەکی هەیە بەم بەیتە دەست پێ ئکا:

تا فەلەك دەورەی نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبەی میهری موبارەك تەلعەتی پەیدا نەبوو

شێخ مەعرووفی نۆدێیش هەر لەم ساڵەدا کۆچی دواییی کردووە.

لەو ماوەیەدا کە شێخ عوسمان لە خانەقا بووە، جار جاریش سەر لە هەورامان ئەداتەوە و ماوەیەك لەو ناوانە ئەمێنێ و یەك لە خەلیفەکانی لە جێی خۆی لە خانەقا بەجێ ئەهێڵێ. جارێ لەو جارانە مەلا حامیدی[٧] کوڕی مەلا عەلیی بیسارانی لە جێی خۆی دائەنێ کە پیاوێکی زانا و هوشیار و شارەزای ئوسوولّی دین و تەریقەت و مەلایەکی باش بووە و بۆ کاروباری دنیای خانەقایش هەروا لێهاتوو بووە. ئەوکاتە ڕێکەوتی فەرمانڕەواییی عەبدوڵڵا پاشای بابانی کردووە و سەردەمی ئەحمەد پاشا نەبووە. لەم وەختەدا شێخ ئەحمەدی هەولێری و شێخ فەتاحی کوڕی حەمەخانی برای مەولانا کە لە پیاوماقوولّانی بنەماڵەی مەولانا بووە، بە بیانووی ئەوەوە کە گوایا شێخ عوسمان گەلێ جار خانەقا بەجێ ئەهێڵێ و ئەڕواتەوە بۆ هەورامان و خەلیفەیەکی خۆی لە جێی خۆی دائەنێ و ڕەوایش نییە تا خەلیفەی مەولانا وەستابێ کەسی تر سەرپەرەشتی کاروباری دینی و دنیاییی خانەقا بکا و بەڕەزامەندیی عەبدوڵڵا پاشایش، داوا لە مەلا حامید ئەکەن خانەقا بە جێی بێڵێ و ئەڵێن ئەبێ شێخ ئەحمەد بەسەر خانەقاوە بێ. شێخ فەتاحیش پێی ئەڵێ ئیمڕۆ تەنیا دوو کەس لە جێی مەولانادا بە کاری ئیرشاد دێن شێخ تەهای شەمزینی و شێخ عوسمانی تەوێڵە، بەڵام شێخ عوسمان زوو ئیجازەی خەلافەت ئەدا و ئەمە ناشێ. بۆ نموونە بیستوومە ئیجازەی خەلافەتی بە دوو منداڵی قەرەداغی داوە.

مەلا حامیدیش لە وەڵامی شێخ فەتاحا ئەڵێ: من لە جەنابی شێخ عوسمانم بیستووە فەرموویەتی ئەوندەی لێ ئەزانم کە حەزرەتی مەولانا خالید (قدس سره) لە چ حاڵێکا ئیجازەی داوە بە من. ئەگەر بە هۆی بەرەکاتی ئەوەوە ڕۆژی سەد کەس بگەنە ئەو حاڵەتە، من ئیجازەیان ئەدەمێ چونکە عومرێکی زۆرم لەم ڕێگایەدا لە خزمەتی مەولانادا بەسەر بردووە. من ئەیشزانم کە مەبەستت لەو دوو منداڵە شێخ عەبدوڵڵاو شێخ موحەممەدی کوڕانی شێخ عەبدوللەتیفی قەرەداغییە (کە دوو گەنجی خوێندن تەواوکردووی لە خواترس و تەریقەت وەرگرتوو بوون). من خۆم لەوێ بووم کە شێخ عوسمان ئیجازەی دانێ. نامەی بۆ شێخ ئەحمەدی هەولێرییش نووسی و بۆی نووسی وامان بە باش زانی ئەم دوو کوڕە ئیجازە بدەین و بیانێرینەوە بۆ خزمەتتان تا بە

(٧) ئەم مەلا حامیدە خۆی نووسیویە لەسەر ئامۆژگاریی شێخ موحەمەد سادقی مازی بنی، لە دەوروبەری ١٢٥٠ی هیجرەتدا، هاتووە بۆ خزمەتی شێخ عوسمان. پاشانیش باسی ئەمە ئەکەین.

پێی فەرمانی ئێوە بجوولێنەوە. حەز ئەکەم ئێوەیش بۆ بەرەکەت ئیجازەیان بدەنێ تا سەرکەوتوو و خاوەن بەرەکەت بن. لەو کاتەیشەوە کە گەڕاونەتەوە بۆ قەرەداغ ملپێچییان لە فەرمانی شێخ ئەحمەد نەکردووە و هەر بەهۆی ئەوەوە کە خەڵك ئەو دووکوڕەیان خۆش ئەوێ و باوەڕیان پێیان هەیە، حەق وایە کە شێخ ئەحمەدیش زۆرتر چاودێرییان بکا، نەك ببن بە مایەی دڵ ئێشانی ئەویش و جەنابیشتان.

ئیتر پاش ئەم چەند قسەیە مەلاحامید خانەقا بە جێی دێڵێ و ئەگەڕێتەوە بۆ بیارە بۆ خزمەتی شێخ عوسمان و ڕووداوەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە. شێخیش حاڵی ئەبێ کە دەور گۆڕاوە و دەوری حوکمداری ئەحمەد پاشا نەماوە و مانەوەی لە سلێمانی ئەبێ بە مایەی پەرێشانی و دڵ ئازاری و ئەمەیش لەگەڵ ناسکیی ئادابی تەریقەت ناگونجێ و بڕیار ئەدا لە بیارە بمێنێتەوە و هەر لەوێ خەریکی ئیرشاد بێ. هەروایش ئەکا و ئیتر تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی ئەکا بە ئیرشادکردن و ڕێنموونیی موسوڵمانان و خزمەتکردنیانەوە خەریك ئەبێ و تاڵبانی زۆری تەریقەت لە هەموو لایەکەوە لێی گرد ئەبنەوە و بە بەرەکەتی ئەو گەلێ پیاوی خاوەن پایە پێ ئەگەن.

ناوی هەندێ لە خەلیفەکانی شێخ عوسمان سیراجودین

بە داخەوە ئاگادارییەکی باشمان لە بارەی دەوری ئیرشاد و ناو و مێژووی ژیانی خەلیفەکانی شێخ عوسمان سیراجودینەوە بەدەستەوە نییە، بۆیە بە ناچاری بەوەندە دەسبەردار ئەبین کە ناوی ئەوانەیان بنووسین کە ناویان لە بەردەستمانایە:

١- شێخ عەلیی تەوێڵەیی.

٢- شێخ عەلیی سەرگەتی.

٣- شێخ عەبدولکەریمی سەرگەتی.

٤- مەلا حامیدی مەلا عەلیی بێسارانی (کاتبی شێخ).

٥- مەلا موحەمەدی هانەدنی (هانەدنی لای سەرگەت).

٦- شێخ موحەمەدی کوڕی شێخ وەیسی بەرزنجی.

٧- شێخ حوسەینی هەورامی.

٨- سەید حامیدی هەورامی.

٩- مەلا صەدرودینی ڕووداری.

١٠- سەید قوتبوددینی کەلجینی.

١١- سەید موحەمەد ئەمینی کوڕی سەید قوتبودینی کەلجینی.

١٢- شێخ ئیسماعیلی هەجیجی.

١٣- حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشەییی کوڕی مەلا عەبدوڵڕەحمانی نۆتشەییی موفتیی سلێمانی.

١٤- مەلا موحەمەد ئەمینی نۆتشەیی.

١٥- مەلا مەحموودی دشەییی باوکی مەلا عەبدوڵڵای موفتیی سنە.

١٦- سەید شەهابودینی طاڵشی دانیشتووی دشە.

١٧- مەلا ئیبراهیمی جوانڕۆیی.

١٨- مەلا حەسەنی جوانڕۆیی.

١٩- مەلا فەتحوڵڵای کوڕی مەلا شەریفی جوانڕۆیی کە لە ڕێژاوی لای زەهاو بووە.

٢٠- سەید قانوونی خانەگایی.

٢١- سەید عەبدولحەکیمی خانەگایی.

٢٢- سەید بایەزیدی خانەگایی.

٢٣- سەید عەبدولڕەحمانی خانەگایی.

٢٤- سەید شاکەرەمی تاوەگۆزی.

٢٥- سەید عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی (مەولەوی).

٢٦- شێخ یەعقووب بەگی کوڕی عەبدوڵڵا بەگی شەرەفبەیانی.

٢٧- شێخ موحەممەدە کوردە.

٢٨- سەید عەبدولقادری مەشهوور بە خەلیفە قادر.

٢٩- مەلا عەبدوڵڵای چۆڕی.

٣٠- شێخ حەمەسادق وەزیری دانیشتووی سەولاوا.

٣١- سەید قاسمی نگڵی.

٣٢- شێخ حوسەینی باقلاوایی.

٣٣- مەلا موستەفای کەلاتی.

٣٤- شێخ حەمە سادقی مازی بن.

٣٥- مەلا قاسمی پایگەلانی.

٣٦- مەلا مووسای پایگەلانی.

٣٧- مەلا حەیدەری ئەوێهەنگی.

٣٨- مەلا عەبدولکەریمی ئەوێهەنگی.

٣٩- شێخ شوکروڵڵای سنەیی.

٤٠- شێخ مەحموود باقر سنەیی.

٤١- مەلا مەحموودی سنەیی.

٤٢- شێخ موحەمەدی سمێرانی.

٤٣- مەلا موصطەفا شیعری.

٤٤- شێخ موصطەفا سەقزی.

٤٥- سەید عەبدولکەریمی موکریانیی مەشهووربە سەید زەینەڵ.

٤٦- مەلا موحەمەدی هەوشاری.

٤٧- مەلایوسفی پالاواییی مەشهوور بە شێخ بورهان.

٤٨- مەلا موحەمەدی بانەیی.

٤٩- شێخ فەتاح شلێری کە لە بالیکەدەر ئیرشادی کردووە.

٥٠- مەلا عەبدولکەریمی هەڵەبجەیی.

٥١- شێخ سولەیمانی چنارەیی.

٥٢- شێخ ئیسماعیلی سۆڵەییی بەرزنجی.

٥٣- شێخ موحەمەدی قەرەداغی لە نەوەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە و دانیشتووی دێی چەمی سمۆر.

٥٤- شێخ عەبدوڵڵای قوتب کوڕی شێخ لەتیفی قەرەداغی.

٥٥- شێخ موحەمەدی برای شێخ عەبدوڵڵای قوتب.

٥٦- شێخ عەبدولڕەحمانی ئیبنولخەیاتی قەرەداغی.

٥٧- سەید موحەمەد ئەمینی زەوێمەریی قەرەداغی.

٥٨- شێخ موصطەفای کوڕی شێخ حەمە عەلیی نەوتیی قەرەداغی.

٥٩- شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی موحەمەد بەگی مەولان بەگ کە زوو موریدی شێخ

عەبدوڵڵای قوتب بووە و لە خزمەتی شێخ عوسمان سیراجودیندا تەواوی کردووە.

٦٠- مەلا عوثمانی باڵەخی.

٦١- مەلا عوسمان کوڕی حاجی ئیسماعیلی کانی کەوەیی.

٦٢- مەلا موحەمەدی کوڕی مەلا خدری سولەیمانیی.

٦٣- شێخ حوسەینی کوڕی ئەوڕەحمان بەگی خەزنەدار.

٦٤- شێخ حەمەسالحی کوڕی ئەوڕەحمان بەگی خەزنەدار.

٦٥- مەلا عومەری جلەمۆردی.

٦٦- شێخ حەسەنی کەرکووکی.

٦٧- شێخ جەوادی کەرکووکی.

٦٨- مەلا عومەری عومەر گومبەدی.

٦٩- مەلا ئیبراهیمی کۆیسنجقی.

٧٠- مەلا موحەمەد ئەمینی کۆیسنجقی.

٧١- مەلا موستەفا کە لە کۆیسنجق ئیرشادی کردووە.

٧٢- مەلا موصطەفای بلّباس.

٧٣- مەلا ئەحمەدی شاوری.

٧٤- مەلا وەیسی.

٧٥- مەلا شێخ نەبیی ماویلی.

٧٦- مەلا تەهای باڵەکی.

٧٧- مەلا مەحموودی ڕەواندزی

٧٨- مەلا موحەمەد کە پێشان موریدی شێخ نەبی بووە.

٧٩- مەلا عەلیی بێتواتەیی.

٨٠- شێخ عەلیی بالیسانی.

٨١- مەلا ئەبووبەکری هەولێری.

٨٢- مەلا موحەمەدی هەولێریی مەشهوور بە شێخی چۆڵی.

٨٣- سەید حوسەین ئەفەندیی ئەستەموولّی.

٨٤- عەلی ئەفەندیی حاکمزادەی ئینطاکییە.

٨٥- مەلا موحەمەدی خەڵکی سعرەت.

٨٦- مەلا موحەمەدی قورەیشیی دیاربەکری.

ئەم خەلیفانەی شێخ عوسمان سیراجودین ئەوانەن کە مەلا حامیدی مەلا عەلیی بێسارانیی کاتبی شێخ لە کتێبی (ریاض المشتاقین)دا[٨] نووسیون، کە زیاتر ئیجازەنامەی خەلافەتیش هەر ئەم ئەینووسییەوە.

بەڵام من باوەڕم وایە مەلا حامید تەنیا ناوی ئەوانەی لەو کتێبەدا نووسیوە کە لە کاتی دانانی کتێبەکەدا خەلیفە بوون، ئەگینا شێخ عوسمان گەلێ خەلیفەی تریشی بووە. بۆ نموونە من خۆم خەلافەتنامەی شێخ عەبدولهادیی تاڵشیم دیوە کە چی ناویشی لە (ریاض المشتاقین)دا نییە. هەروا شێخ خزری باوکی شێخ جەواد لە گەڕەکی ئیمام قاسمی کەرکووک، خەلیفەی شێخ بووە. مەلا عومەری کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئیبراهیمی عومەر گومبەتی[٩] و شێخ عەبدولکەریمی دەگا

---

(٨) مەلا حامید ئەم کتێبەی بۆ باسی مەولانا خالید و شێخ عوسمان سیراجودین و شێخ موحەمەد بەهائودین و براکانی داناوە. هێشتا لە چاپ نەدراوە. دانەیەکی لە کتێبخانەی شێخ موحەمەد ئەمینی کاکە شێخ (کاردۆخی)دا هەیە، وێنەیەکیشی بە فۆتۆکۆپی لای منە. کتێبەکە ٤٣٠ لاپەڕەیە.

(٩) ئەم مەلا عومەرە کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئیبراهیم و برازای مەلا ئەحمەدی عومەر گومبەتییە که بە فازلی دەربەندی بەناووبانگ بووە و لەگەڵ موفتیی زەهاوی مونازەرەی توندی بووە. لەقەبی دەربەندی لەسەر ئەوە هەڵگرتووە کە وەختی خۆی لە ناو دەربەندی کرماشانەوە کۆچیان کردووە لە کوردستانی عێراق نیشتەجێ بوون. مەلا ئەحمەدی فازلی دەربەندیی مامی لەگەڵ موفتیی زەهاوی پێکەوە لای مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی خوێندوویانە و ئیجازەیان لەو وەرگرتووە. ئیجازەی ڕیوایەتی سەحیحەینی بوخاری و موسلیم و عیلمەکانی تری لە مەلا یەحیای مزووریش وەرگرتووە. ئەمەش سوورەتی ئیجازەنامەکەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم.

«الحمد لله رب العالمين. والصلوة والسلام على سيد المرسلين محمد وآله وصحبه أجمعين. أما بعد، فاني أجزت ولدي القلبي الملا احمد ابن الحاج ابراهيم العمر گنبدي بأن يروي عني صحيحي البخاري ومسلم وباقي كتب الحديث وكذلك كتب الفقه على سائر العلوم، كما أجازني مشايخي الإعلام. وأنا الحقير يحيى بن خالد الكردي المزوري عفا الله تعالى =

شێخانی لای بیارە و شێخ عەلیی بیارەیی و خەلیفە حەمە مرادی باوکی شێخ حەمە ئەمینی سەرگەتی و شێخ عەبدوڵڵای دەیمەیەوی و حاجی عیوەزی پاوەیی و مەلا عەبدولباقیی پاوەیی و شێخ سولەیمانی کەیمنەییش هەروا خەلیفەی شێخ عوسمان بوون و ناویشیان لە کتێبەکەی مەلا حامیددا نییە، جا یا پاش دانانی کتێبەکە ئەمانە بوون بە خەلیفە، یا لە کتێبێکی تردا ناوی نووسیون و بەر چاوی ئێمە نەکەوتووە.

شێخ عوسمان سیراجودین، گەلێ مەنسووبی خاوەن پایەیشی بووە کە نەبوون بە خەلیفە وەك:

١- شێخ شەریفی پەنجەیی.
٢- شێخ عەلیی کوڕی شێخ سەعدوڵڵا.
٣- سەید هیدایەت.
٤- شێخ حەمەسەعید.
٥- ئەحمەد پریسی.
٦- شێخ عەبدوڵڵای مرادوەیسیی شەمێرانی.
٧- شێخ حەمە سەعیدی هەڵەبجەیی.
٨- مەلا ئەحمەدی ڕەواندزی.
٩- مەلا سالح سنەیی.
١٠- شێخ موحەمەدی فیراقی.
١١- مەلا مەحموودی تەوێڵەیی
١٢- شێخ حوسەینی پشتکێوی(١٠).

= عنهما. سنة ١٢٤٥ ألف ومئتين وخمس وأربعين هجرية. (توكل يحيى على ربه)». ئەم ڕستەی دواییە نەخشی مۆرەکەیەتی.
ئەم مەلا عومەرە مامی مەلا عومەری عومەر گومبەتیی خەتیب و پێشنوێژی مزگەوتی ئیمام قاسمی کەرکووکە کە تا ئەم چەند ساڵەی دواییە مابوو.

(١٠) ئەم شێخ حوسەینە کە خەڵکی پێشتکێوی هۆرین و شێخان بووە، باوکی حاجی شێخ عارفی قزلڕەباتە. وەختی خۆی لە ناوچەی هۆرین و شێخان دانیشتوون، پاشان شێخ عومەر زیائودین ناردوویە بۆ هەرگێنەی لای پێنجوێن و لەوێ کۆچی دواییی کردووە.

١٣- شێخ موحەمەدی هاروونی.
١٤- شێخ ئەحمەدی زەهاوی.
١٥- ئەحمەد پاشای بابان.
١٦- ئەحمەد بەگی وەڵەد بەگ.
١٧- مەلا داودی دشەیی.
١٨- شێخ عومەری خەلیفە(١١).
١٩- مەلا ئەحمەدی کانی هەمزە.
٢٠- مەلا مەحموودی وڵووبە.
٢١- ڕەزاقولی خانی حاکمی سنە.
٢٢- شێخ موحەمەدی کەمانگەر.
٢٣- سەید موحەممەدی خانەگایی.
٢٤- ئاغا فەتاحی میرزا فەرەجوڵڵای وەزیر.
٢٥- موحەمەد بەگی ئەحمەد بەگ.
٢٦- عەلی ئەفەندیی موفتیی ئەنطاکییە.
٢٧- عەزیز بەگی حوسەین بەگ.
٢٨- مەلا مەعرووفی مەندەلاوی.
٢٩- فەقێ مەحموودی سابوونچی.
٣٠- حەمەسادق خانی حاکمی جوانڕۆ.
٣١- ئەحمەد قارەمان.
٣٢- میرزا ئەکبەری سنەیی.
٣٣ - مەلا سالّحی سنەیی.

(١١) ئەم شێخ عومەرە لە مەردۆخییەکانی قەرەداغە و بە شێخ هۆمەر بەناووبانگ بووە.

دارایی و باری گوزەرانی شێخ عوسمان سیراجودین

وەك بە بەڵگە و نیشانەدا دەرئەکەوی شێخ عوسمان سیراجودین زۆر لە دنیا و پەیوەند بە دنیاوە دوور بووە و لەگەڵ ئەو تەمەنە درێژەدا کە ڕای بواردووە کە ٨٨ ساڵ بووە نەمبیستووە مەراقی دنیا و دارایی پێکەوەنانی بووبێ. لە دوا ساڵەکانی ژیانیا لەو باخچەیەدا کە ئەکەوێتە داوێنی دێی تەوێڵەوە و بە میرات لە باوکیەوە بۆی ماوەتەوە خانەقایەکی سادەی دروست کردووە. پاش وەفاتی خۆیشی شێخ مەحەمەد بەهائودینی کوڕی چەند هۆدەی یەك قات و دوو قاتی بەدەوریدا دروست کردوە. لەوە بەولاوە نەمبیستووە لە تەوێڵە موڵك و ماڵێکی بووبێ. بەڵێ چەمی هانە گەرمەڵە لە ژوور دێی بیارەوە دوو باخی بووە، یەکەم باخی (لاڕووە) کە ئێستا وەقفە و هیی خانەقای بیارەیە و دووەم باخی (سۆسێ) کە بە میرات کەوتووەتە دەستی شێخ مەعرووفی کوڕی و میراتگرانی ئەویش فرۆشتوویانە بە هانە گەرمەڵەیی. لە بیارەیش باخی (ملەگای چنار) و (باغی قادر ئاغا)ی بووە. باخی ملەگای چناری وەقف کردووە و ئێستایش هەروا وەقفە. باخی قادر ئاغایش بە میرات کەوتووەتە دەستی حاجی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی و لەویشەوە بۆ شێخ تاجوددینی کوڕی ماوەتەوە و ئەویش فرۆشتوویە بە شێخ نەجمودین.

شێخ عوسمان سیراجودین زۆر قانیع و زاهید و دەست لە دنیادا شۆردووبووە. تەنانەت ئەڵێن کە کەرەستەی چایی لێنانی وەك قۆری و سەماوەر و پیاڵە و ژێرپیاڵەی دیوە، تووڕەبووە و بە هەورامییانە وتوویە «لاش بەردێ. ئینە ئەسبابو فیرعەونیا» واتە: لای بەرن، ئەم شتانە کەلوپەلی فیرعەونن، واتە ئەبن بە هۆی فیز و دەمار و خوا لە بیرچوونەوە و دنیاپەرستی.

هەروەها بیستوومە بینا لە سەر دۆستایەتیی ناوبەینی شێخ عوسمان سیراجودین و شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانیی مەشهوور بە (خالیص)، شێخ عوسمان، شێخ عومەری کوڕی ئەنێرێ بۆ تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکووك کە لەوێ لەگەڵ شێخ عەلیی کوڕی شێخ عەبدولڕەحماندا پێکەوە بخوێنن. پاش ماوەیەك شێخ عوسمان چاوی بە دەرویشێکی شێخ عەبدولڕەحمان ئەکەوێ کە لە کەرکووکەوە گەڕاوەتەوە پرسیاری لێ ئەکا: عومەری کوڕم چۆن بوو؟ ئەویش ئەڵێ: زۆر چاك بوو، بەیانی و ئێوارە لە ماڵی

شێخەوە و بە سینی خواردنی چاك بۆ ئەو و شێخ عەلیی کوڕی شیخ دێ. کە شێخ عوسمان ئەمە ئەبیسێ پەلەپەل نامەیەك بۆ شێخ عەبدولڕەحمان ئەنێرێ تکای لێ ئەکا زووبەزوو عومەری کوڕی بۆ بنێرێتەوە با لە قەناعەت کردن و قنیات کردن بە تووە ڕەقەی هەورامان نەکەوێ.

بە کورتی، خانەدانی شێخ عوسمانی تەوێڵە وەختی خۆی لەسەر چوار بناغە دامەزراوە: یەکەم – شوێنکەوتنی شەرع و لانەدان لە ڕێبازی ئاین. دووەم– لانەدان لە ڕێگای زوهد و قەناعەت و نەکەوتنە دوای ڕابواردن و ئارەزووبازی. سێیەم– تێکەڵ نەبوون بەو کەسانەی کە خاوەنی دنیان چ بە ئیدارە و چ بە دارایی. چوارەم– فەرامۆشی نەکردن لە خزمەتی دڵدا.

سەفەرەکانی شێخ عوسمان سیراجودین

وەکو لە کتێبی (بارقات)ی شێخ مەحەممەدی سێمرانی و (ریاض المشتاقین)ی مەلا حامیدی کاتبی شێخەوە دەرئەکەوێ و لە پیاوانی باوەڕپێکراویشەوە بیستراوە، شێخ عوسمان سیراجودین لە سەردەمی خەلیفەیی و لە سەردەمی ئیرشادی سەربەخۆیدا چەند سەفەری کردووە:

یەکەم– کاتێ کە مەولانا لە بەغدا بووە و شێخ عوسمان لە هەورامان، شێخ سەفەرێکی سنەی کردووە و ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە ئیرشادی کردووە.

دووەم– سەفەری بۆ بەغدا بۆ خزمەتی مەولانا بە هۆی شکاتی حاجی سەید موحەمەد ناوی خەلیفەی مەولاناوە لەوە کە شێخ عوسمان ئیجازەی خەلافەتی بە مەلا ئەحمەدی کۆڵەسارەیی داوە و گوایە مەلا ئەحمەد شایانی خەلافەت نییە.

سێیەم– سەفەری بۆ سنە بۆ ئاشتکردنەوە و دڵدانەوەی حاجی سەید موحەمەد، بە پێی فەرمانی مەولانا.

چوارەم– سەفەری بۆ کۆیسنجق، کاتێ کە دانیشتووی خانەقای مەولانا بووە لە سولەیمانی، لە سەردەمی ئەحمەد پاشای بابانداا، بۆ چاوپێکەوتنی والی کە لەوێ بووە، بە داوای ئەحمەد پاشا.

پێنجەم– سەفەری لە هەورامانەوە بۆ سلێمانی پاش تێکچوونی بابانەکان بۆ چاوپێکەوتنی موحەمەد مونیب پاشای موتەصەڕیفی سلێمانی.

شەشەم- سەفەری بۆ ڕەوانسەر بۆ چاوپێکەوتنی موحەمەد سادق خانی ئەردەلانی کە فەرمانڕەوای ئەو ناوە بووە.

حەوتەم- سەفەری بۆ دەگا شێخانی مەریوان بۆ لای ئەمانوڵڵا خانی دووەم کە مەشهوور بووە بە غوڵام شاخان بۆ تکای ئەوە کە سوپا نەهێنێتە سەر حەسەن سوڵتانی هەورامی، بەڵام ئەمانوڵڵا خان تکاکەی ناگرێ و شێخ بە دڵگرانی ئەگەڕێتەوە. ئەم ئەمانوڵڵا خان پاشان لەگەڵ مەلا ئەحمەدی شێخولئیسلامدا دێ بۆ بیارە بۆ زیارەتی شێخ و بۆ دڵدانەوەی لە سەر دڵگیربوونی، بەڵام شێخ موبالاتێکی ئەوتۆی پێ ناکا و بە پێچەوانەوە قەدر و حورمەتێکی زۆری شێخولئیسلام ئەگرێ.

خێزان و منداڵەکانی شێخ عوسمانی سیراجودین

شێخ عوسمانی سیراجودین پاش ئەوەی بووە بە خەلیفەی مەولانا، لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا یەکەم ژنی هێناوە. حاجی شێخ موحەمەدی سمێرانی لە کتێبی (بارقات)دا نووسیویە شێخ لە سەرەتای ماڵداریەوە تا کۆچی دواییی کردووە ١٨ ژنی هێناوە. ئێمە لێرەدا ئەوەندە کە بۆمان ساغ بووبێتەوە، ناوی ئەم حەرەمانەی ئەنووسین. هەروەها ناوی هەموو کوڕ و کچەکانیشی ئەنووسین و هەرکەسێ هەڵەیەک یا ناتەواوییەکی تیا بەدی ئەکا سوپاسی ئەکەین ئەگەر ئاگادارمان بکا و هەڵەکانمان بۆ ڕاست و ناتەواوییەکەمان بۆ پڕ بکاتەوە.

خێزانی یەکەمی خاتوو تڵێخانی کچی عەبدوڵڵا بەگی شەرەفبەیانی و خوشکی یەعقوب بەگ بووە کە یەکێکە لە خەلیفەکانی.

خێزانی دووەمی خاتوو پەریخانی کچی زەکەریا ناوی تەوێڵەییە. لەم ژنە کوڕێك و سێ کچی بووە. کوڕەکە ناوی عەبدولحەکیم بووە و پێش بااڵغبوون مردووە. کچەکانیش عایشە و عاسمە و فاتمە بوون.

خێزانی سێیەمی نووریجان لە سەیدەکانی بەلەبزانی ئەوبەری سیروان بووە. ئەوەی من بیزانم لەم ژنەی کوڕێکی بووە ناوی مەعرووف بووە و گەورە بووە و ژنی هێناوە و کوڕێکیشی بووە ناوی شێخ قادر بووە، بەڵام هەر لە سەردەمی ژیانی شێخ خۆیدا مردووە و لە قەبرستانی دێی تەوێڵە کە بە قەبرستانی بابا (سەرهەنگ) بەناوبانگە نێژراوە.

نەوەی شێخ قادر ئێستا لە بیارە هەن.

خێزانی چوارەمی خاتوو خورشیدە کە لە بەگزادەکانی ماوەتی چوارتایە. لەم خێزانەی شێخ موحەمەد بەهائودین و شێخ عومەر زیائودین و چەند کچێکیشی بووە.

خێزانی پێنجەم وا مەشهوورە بەرازای مەولانا بووە. لەم خێزانەی شێخ عەبدولڕەحمان و کچێکی توحفە ناوی بووە.

خێزانی شەشەمی نوور شەرەف خانمی کچی موحەمەد ئاغایە کە لە ئاغەواتی پژدەرە. لەم خێزانەی کوڕێکی بووە ناوی شێخ ئەحمەد بووە.

خێزانی حەوتەمی جانێ خانمە کە لە بەگزادەکانی سنەیە. برایەکی بووە ناوی میرزاعەبدولعەزیم بووە. حاجی شێخ موحەمەدی سمێرانی لە (بارقات)دا باس ئەکا. لە بارە خێزانەکانی تریەوە هی مەعلوماتێکم دەسگیر نەبووە. ناوی کوڕەکانیشی ئەمانەن لەگەڵ سالّی هاتنە دنیا و کۆچکردنی ئەوانەیاندا بیزانم:

١- عەبدولحەکیم.

٢- مەعرووف (١٢٥١- ١٢٧٧).

٣- موحەمەد بەهائودین (١٢٥٢- ١٢٩٨).

٤- عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا (١٢٥٣- ١٢٨٥).

٥- عومەر زیائودین (١٢٥٥-١٣١٨).

٦- ئەحمەد شەمسودین (١٢٦٦- ١٣٠٧).

پاشان بەدرێژی باسی ئەم کوڕانەی ئەکەین. لەبارەی کچەکانیشیەوە، پاش لێکۆڵینەوە و پرسیار لە گەلێ کەسی شارەزا لەم بنەماڵەیە و لە خەڵکی تەوێڵە، ناوی شازدە لە کچەکانی شێخم بۆ ساغ بووەوە، وا لێرەدا ئەیاننووسم:

١- عایشە، شووی بە مەلا نەزیری تەوێڵەیی کردووە.

٢- فاتمە، شووی بە وەستا هۆمەری تەوێڵەیی و پاش ئەو شووی بە وەستا عوسمان کردووە.

٣- خەدیجە، شووی بە شێخ عەلیی سەرگەتی کردووە.

٤- لالێ، شووی بە شێخ عەبدولکەریمی سەرگەتی کردووە.

٥- عەمەرێ، شووی بە شێخ موحەمەدی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی و پاش ئەو،

شووی بە سەید موحەمەدی کەلجینی کردووە.

ئەم کچە لە ژنە بەلەبزانییەکەی شێخە.

٦- شەمسییە، شووی بە مەلا موحەمەدی دزاوەری کردووە.

٧- ئامینە، شووی بە سەید عەبدولکەریمی زەنبیل کردووە.

٨- ئەمنە، شووی بە سەید شەهابی طالّشی کردووە.

٩- عەزرا، شووی بە سەید نەجمودینی هەمرۆلّەیی کردووە.

١٠- توحفە، شووی بە شێخ موحەممەدی قەرەداغیی بەرزنجەیی کردووە.

١١- زوبەیدە، شووی بە شێخ مەحموودی مەردۆخەیی کردووە.

١٢ - خورشید، شووی بە شێخ مەحەمەدی شێخ وەیسی بەرزنجەیی کردووە کە لە نەوەی شێخ حەسەنی گلّەزەردە بووە.

١٣- ڕابیعە، شووی بە شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ عەبدولّلای خەرپانی کردووە.

١٤- قەتحێ، شووی بە یەکێ لە شێخەکانی خەرپانی کردووە.

١٥- عاسمە، شووی بە مەلا قاسمی دزاوەری کردووە.

١٦- ئەمینە، شووی بە ڕەشید پاشای کوڕی موفتیی زەهاوی کردووە لە بەغدا[١٢].

---

(١٢) ئەم کچەی شێخ لە ٢١ی ڕەجەبی ١٣٢١ی هیجرەتدا کۆچی دواییی کردووە و لە گۆرستانی حەبیبی عەجەمی نێژراوە لە بەغدا. ئەم ئافرەتە بە پارەی خۆی مزگەوتی حەبیبی عەجەمیی تازە کردووەتەوە. ئەم چەند بەیتەیش لە کێلی قەبرەکەی هەلّکەنراوە:

هوالباقي

ان القلـوب كلـــها حـــزينة

لـــــفقد ذات عـــفة فطينة

سيدة قـد أدركـــت حـــتفها

وكـــل نفس بـالردى رهينة

عفوك يـا رحمن، يـــا ربنا

عـن أمة باللّه مـــســـتعينة

في طاعة المولى و مرضاته

قد أرخصت حـياتها الثمينة

وللحبيب عمـــرت مـــسجداً

قـــواعد التقوى بـــه رصينة =

کچێکی تریشی بووه شووی به شێخ فەتاحی کوڕی شێخ ئەحمەدی هەولێری کردووه که له جوانڕۆ دانیشتووه.

وەك زانیومه شێخ عوسمان سیراجودین هەشت برایشی بووه ناوی حەوتیان بەم چۆرەیە: موستەفا، قاسم، ئەحمەد، مەعرووف، حوسەین، عەبدوڵڵا، مەحموود و ناوی هەشتەمیانم دەسگیر نەبووه.

کۆچی دواییی شێخ عوسمان سیراجودین

پاش کۆچی دووەمی مەولانا له سلێمانییەوه بۆ بەغدا که لەوێشەوه به یەکجاری کۆچ ئەکا بۆ شام، شێخ عوسمان سیراجودینیش، وەك پێشتر باسمان کرد، ئەگەڕێتەوه بۆ هەورامان، جگە لە دوو ساڵێك لە ١٢٥٤ەوه کە لە سلێمانی دانیشتووه، هەر لە هەورامان ئەبێ له بیاره و تەوێڵه و زیاتریش له بیاره ئەبێ، تا له دەوروبەری ١٢٧٢دا بۆ یەگجاری ئەچێتەوه بۆ تەوێڵه و خانەقای تەوێڵه دروست ئەکا لەوێ نیشتەجێ ئەبێ.

له دوا ساڵەکانی ژیانیا کاروباری ڕێنموونیکردنی موسوڵمانان ئەداته دەستی کوڕه گەورەکانی: شێخ موحەمەد بەهائودین وشێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا. خۆی لەو ساڵانەدا نەخۆش و گرفتاری ئیفلیجی بووه. مەشهوورە ئەوەندە بوردەبار و بەسەبر بووه کەس لەو ماوەی نەخۆشییەدا هاواری لێ نەبیستووه وتا کۆچی دواییی کردووه لەوپەڕی ڕەزامەندیدا بووه.

سەرەنجام له شەوی سێ شەمەی ١٣ی شەشەڵانی ١٢٨٣دا له تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی ئەکا و له ناو باخچەی موڵکی خۆیدا له داوێنی دێی تەوێڵەوه، نزیك بەو خانەقایه که خۆی دروستی کردبوو به خاك ئەسپێررێ. پاش وەفاتی به ماوەیەکی کەم گەورەترینی کوڕەکانی و جێگیری کە شێخ مەحەممەد بەهائوددین بووه

= ثم قضت وجاورت قبره
فحبذا الجوار والدفينة
وجاءني النداء أن أرخوا
«إلى الجنان ارتحلت أمينة»

هذا قبر المرحومة أمينة خانم قرينة رشيد الزهاوي، توفيت في ٢١ رجب. الفاتحة.

خانەقاکەی گەورە ئەکا و لە ناو باخچەکەدا چەند هۆدەیەك ئەکاتەوە بە جۆرێ کە ئارامگای شێخ بکەوێتە ناو یەکێ لەو هۆدانەوە کە کەوتووەتە باشووری خانەقاوە و نووساوە بە دیوارەکەیەوە. نسأل الله تعالی ان یتغمدهم وایانا بنور رحمته، ویشملنا بسوابغ کرمه و نعمته، بمنه و فضله، آمین.

لاواندنەوەی شێخ عوسمان سیراجودین لەلایەن

هەندێ لە شاعیرانی سەردەمەوە

بە کۆچی دوایی شێخ عوسمان سیراجودین پەرێشانی کەوتووەتە ناو بەشێکی زۆر لە موسوڵمانانی کوردستانەوە، بەتایبەتی ناو خەلیفە و مورید و مەنسووبەکانی و تەنیا بەوە کەمێك سەبووریان هاتووەتەوە کە شێخ لە پاش خۆی کوڕانی وەکو شێخ مەحموود بەهائودین و شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا و شێخ عومەر زیائودینی بەجێ هێشتبوو کە دوانی پێشوویان بە فەرموودەی خۆی ئیجازەی خەلافەتیان درابوویە.

گەلێ کەس لە ئەدیبانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە بۆ لاواندنەوەی شێخ عوسمان سیراجودین شیعریان داناوە. ئیمە بە داخەوە پێمان نەکرا هەموو ئەو شیعرانەی بڵاو بکەینەوە، بۆیە تەنیا دوو پارچەیان لێ هەڵئەبژێرین کە قەسیدەیەکی فارسی مەلاحامیدی کاتب و خەلیفەی شێخ و ئەویشیان قەسیدەیەکی عەرەبی مەولەوییە.

ئەمە قەسیدە فارسییەکەی مەلا حامیدە:

بسم الله الرحمن الرحیم

امشب که جهان یکسر پر ناله و فریادست
عالم همه در هم شد تا باز چه غم زادەست

آشوب قیامت خاست یا زمزمەی توحید
که حضرت شیخ ما در حلقەی ارشادست

نه آن و نه این باشد کان پادشه معنی
آهنگ سفر فرمود، عزمش عدم آباد است

فـریـاد مـریـدانش، غـوغـای شهـیـدانش
از درد فـــراق او در خـــاطـــر نـــاشادست

(الـحـق) کـه وجـود او چـون سەد سکـنـدر بـود
قرنی است که در اسلام این رخنه نیفتادەست

زین پیش که نطق من دعوای فصاحت داشت
در راه ثـــنـــای او بـــی راحـــلـــه و زادست

حـــیـــرت زدەام امـــا در دفـــتـــر اوصافش
از فکر که وصاف است این قطعه مرا یادست

سهـل است اگـر گـویـم سردفـتـر ابـرارست
جـهـل است اگر خـوانـم سرحـلـقـەی او تـادست

افـراد هـــمـــه چـاکـر، او بـر هـمـگـی سرور
اقـطـاب هـمـه شاگـرد، او بـر هـمـه ستـادست

صدیـق صفت صادق، فـاروق نـمـط عـاشق
عـثـمـان دوم بـاشد ایـن رتـبـه خـدادادست

فـرزنـد عـلـی خـوانش زیـرا کـه بـه عـهـد خـود
کس بـاب ولایت را ایـن مـرتـبـه نـگشادەست

یـارب تو ببخش او را در حضرت قدس خویش
آن مقعد صدقی کو مخصوص به امجادست

هـم نـیك و بـد مـا را جـمـلـه بـه طـفـیـل او
می بخش و عنایت کن زان روی که معتادست

نـــصف شب سەشنـــبـــه، ثـــالث عشر شوال
ایـن واقـعـەی عظمی، وین هـائـلـه رخ دادەست

در فـکـر شدم کـانـدر تـاریـخ چـه بـنـویسم
نـاگـاه خـرد گـفـتـا(قـطب ره ارشاد است)[۱۳]

(۱۳) بە حیسابی حەرفەکانی ئەبجەد ئەکاتە ۱۲۸۳.

تاریخ ظهورش نیز چون(مظهر گل)[١٤] باشد
پس سن شریف او هشت از پی هشتادست

رسم است پسر دائم مرآة پدر باشد
فضلی که پدر دارد تفصیل در اولادست

اولاد کرامش را یارب تو حمایت کن
در ظل عنایت تا آن روزی که معیادست

اسرار ولایت را در جمله مضاعف ساز
همچون بر یك حبه که هفتصد افتادهست

ئەمەیش قەسیدە عەرەبییەکەی مەولەوی:

ألا تری إلی التي بنُهیتَي
ومُهجَتي من غُمَّةِ البلیَّةِ

لو نزلَت منها علی الثوابتِ
أو السما لآنتَثَرَت وانشقَّتِ

هل لي بدارِ الهجرِ من بِدار
فدارني لست بدارِ مُقلتَي

طورٌ تِهي أم قبَة القطب لها
أنوار باریءِ الوری تَجَلَّتِ

بل بانَ بَونٌ بَینَه وبَینها
إذ دكَّ ذي، وهذِهِ استقرَّتِ

أم فلك الأعظمِ دائرٌ علی
قطبِهِ بالفوائضِ الیومیَّة

لکنَّه کما تری مختلَفٌ
وذی علیها الأمم اجتمعَتِ

(١٤) بە حیسابی حەرفەکانی ئەبجەد ئەکاتە ١١٩٥.

ان لـم تـكـن مشبَّـهـاً بـهـا السمـا
فـلـيستِ السمـاء ذاتَ السَّعَـةِ

لاحت كـمشكـاةٍ بـهـا مِـصبـاحٌ
وذلكَ الـمـصبـاح فـي زُجـاجـةِ

نـعـم، بـهـا سراجُ ديـنِ الـمصطفى
ضيـاءُ أهـلِ الشرعِ والـطـريـقـة

أعـظِـم بـهـا فـانَّـهـا سمـاءٌ
ذاتُ سِراجٍ نـيّـرٍ ذي بـهـجَـةِ

فـما انطفى ومـا انتفى كـانَ كـما
كـان لـدى ذوي الـصَّفـا والـفِطنَةِ

فـيستـضيء نـاجٍ بـداجٍ ساجٍ
داجٍ مُـنـاجٍ ربَّـهُ لـضوأةِ

مـا انـبغى ذا الشخص والتَّشَخُّص
ولا أتـى لـمـا سوى الـولايـةِ

فـمـن رأه استَـيـقَـنَـتـه نـفسه
ولـو تـرى ظـاهـرَه ذا نَـكـرَةِ

مـن عـيـرهِ بسرِّه قـوافـل
جَـلـوَة ذاتٍ وصفـاتٍ حـلَّـتِ

تمكـيـنـه جَـلـوَةُ بُـحتِ الـذاتِ
تـلـويـنـه ظـهـور شأن الـصَّفَـةِ

ظـاهـره شرعٌ وورعٌ أكـمـل
بـاطـنُـهُ حـقـيـقَـةُ الـحـقـيـقَـةِ

ان سهُـل الأمـر عـلـى حـافِـظِـهِ
فـاحَ شذا أسرارِهِ الـخَـفـيـةِ

ولـو تـرى أخـلاقـه الـعـظـيـمَـةَ
سبُـحـانكَ الـلـهـمَّ ربِّ الـعـزَّةِ

فـالـجـهـل مـن شيـمَتِـه الـجُـحـودُ
وإنّـمـا الـتـصديـق لـلـمـعـرفَـةِ

لاغَـروَ فـي أن لِـم يَـر الـخـفّـاش
لـمـحَـةَ يـوحِ وحـدةِ شعشعَـتِ

فـاضَ عـلـى السَوى عـلـى السَواءِ
أنـوارُهـا، والـنـقصُ فـي الـقـابِلَـة

نـيلٌ جرى، يـا أهـلَ مـصرَ فـاشربوا
فـالـفـرق فـي الـفِـرقِ اخـتـلـفَـتِ

فَـرَقَّـتِ الشَّرذِمـةُ الـنـاجـيـةُ
قـلـوبَـهـا، وفِـرقـةٌ فـرَّقتِ

كـم مـن قـرىً قَـراهُ قـد أشبـعَـهـا
كـم بـلـدةٍ جـاءت بسوءِ جـاعَـةِ

يـا عـجـبـاً لسالِـكِ مُـسَلَّـكِ
لـنـفسِهِ لأنـفُـس الـبـريَّـةِ

أخـذَ مـا جـاء بـه رسولـنـا
وانـتـهـى عـمّـا نـهـى بـقـوَّةِ

أمـرَ بـالمعـروفِ جـداً، ونَـهـى
عـن كـل مـنـكَـرٍ وكـلَّ بِـدعَـةِ

هـدى بـه الـلـهُ تـعـالـى مَـن يشا
وقـد غـوى ذو فـتـرَة فـي الـفـطـرة

مـن ذا الـذي صَحـبـهِ وَلَـم يـكُـن
مُـتَّـصِفـاً بـفـرحَـةٍ أو حَـسرَةِ

يـا فـرحـةً لجاهـدٍ مُـستَـحـضِرِ
يـــا حسرةً لـــقـــاعـــدٍ ذي حسرَةِ

مـطـيـعـهُ مُـطـيـعُ ربِّ الـعـالَـمِ
عـاصيـه عـاصيـه بـغـيـرِ شُبـهَـةِ

مُـــريـــدهُ مُـــريـــدُهُ ذو شَرفٍ
مَـريـدهُ مـريـدُه ذو نـكـبَـةِ

إذ تـمٌ فـقـرُهُ بـخَـيـرٍ وخـلا
مـن نـفسِه و خِلـطَـةِ الـكـيـفـيَّـةِ

تَـحـرَّكَـت أمـواج بَـحـرِ الأحَـدِ
اضطـربَـت تـرتـفِـعُ الـتَـطَـمَـتِ

فـانـفـجـرت مـيـاهـه فـقـد جـرت
بـكـلِّ عَـبـرٍ وبـكـل شرعَـةِ

فسقَـتِ الـزرع إلـى أنِ استـوى
وبـعـدمـا اضطـربت وسقَـتِ

«هـدأ اضطـراب بـحـرِ الـواحِـدِ»(١٥)
بِـذا بَـدا تـأريـخُ عـامِ الـهِـجـرَةِ

***

تـقَـدسَ الـلـهُ تـعـالـى سِرُّهُ
أولاه مـولاه تـمـامَ الـنِّـعـمَـةِ

لـقـد أصاب قـلـبَـنـا مـصيـبـةٌ
ألسُنُ كـلٌ فـي أداءِ كَـلَـتِ

سهُـلَ الأمـرُ ان مـضى وبـعـدَهُ
فـمـرحـبـاً بسائِـرِ الـمـضرَّةِ

(١٥) بە حیسابی حوروفی ئەبجەد ئەکاتە ١٢٨٣ کە ساڵی کۆچی دواییی شێخە.

فـصبـراً أفـرِغ ربَّـنـا تـفـضّلاً
وفـزَعـاً ثـبِّـط، وقـلـبـاً ثَـبِّـتِ

ان غـرُب الشمسُ، بـدا بـدرُ الدُّجـى
مـن شمسِنـا أنـوارَه استـفـادتَ

أوصافُـهُ فـي ذلكَ السَّجـنـجَـلِ
حـمـداً لـه بـعـيـنـهِ انـعـكستِ

فَجَّر علـى الـفـجرِ الـذي طـلـوعـهُ
أضحـى لـنـا مُـزيـحَ كـلِّ ظُـلـمَـةِ

وأصبـحت هِـجـرتُـه جـبَـيـرةً
لـكسرَةِ مـن كـثـرةِ الـمُـصِيبـةِ

وآلـــهِ الأنجابِ والأصحـــابِ
خـيـرِ الـمَـلا ذويِ الـعُـلا والـعِـتـرَةِ

نـــهـــرَ صلاةٍ وسلامٍ جـــاريـــاً
مـن عَـيـنِ رَحـمَـةٍ إلـى أن تـمَّـتِ

نامەکانی شێخ عوسمان سیراجودین

زاتێکی وەکو شێخ عوسمان سیراجودین کە مەرجەعی موسوڵمانانی دەوروپشت بووە لە هەموو تاقم و پیشەیەك و مورشیدی موراید و مەنسووبێکی زۆری دوور و نزیك بووە و گەلێ کەس ئیشیان تێی کەوتووە و پەنایان بردووەتە لای و گەلێ کەسی تریش سکالای خۆیانیان پێ گەیاندووە، ئەبێ لە ماوەی لە پەنجا ساڵ زیاتر ئیرشادکردن و ڕێنموونیکردنی موسوڵمانانا هەزاران نامەی بۆ چاککردنی ناوبەینی خەڵك، بۆ ئاموژگاریکردنیان، بۆ بەدەنگەوەچوونی داد و هاواریان، بۆ ڕاپەڕاندنی گەلێ جۆرە کاروباری دین و دنیایان نووسیبێ.

پیاوانی لە چەشنی شێخ عوسمانی سیراجودین، هەمیشە کەسانێك بوون نامەیان هەڵگرتوون یان لەبەریان نووسیونەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو نامەیەکیان

هـەڵـنـەگیـراوە و نـەپـارێـزراوە. ئـەم جـۆرە نـامـانـە بـایـەخـێـکـی زۆریـان بـۆ تـێـگـەیـشـتـنـی مـەیـدانـی هـەڵـسـووڕانـی خـاوەنـەکـانـیـان، جـۆری بـیـرکـردنـەوەیـان، بـۆ دەسـتـنـیـشـانـکـردنـی گـیـروگـرفـتـی ئـایـنـی و دنـیـایـی سـەردەمـیـان هـەیـە. ئـێـمـە وا لێـرەدا ئـەو ئـەنـدازە نـامـانـەی شـێـخ عـوسـمـان سـیـراجـودیـن ئـەنـووسـیـنـەوە کـە دەسـگـیـرمـان بـوون و تـکـامـان لـە خـوێـنـدەوارانـی خـۆشـەویـسـتـیـش ئـەوەیـە، ئـەگـەر نـامـەی تـری لـەم بـابـەتـەیـان لا بـێ، وێـنـەیـمـان بـۆ بـگـرنـەوە، بـەڵـکـو لـە هـەڵـێـکـی تـرا بـتـوانـیـن بـڵـاویـان بـکـەیـنـەوە و هـەرچـۆن بـێ کـورد واتـەنـی ئـەم چـەنـد نـامـەیـەی شـێـخ بـە گـوێـرەی « مشتێ نموونەی خەرواڕێکە» سـەرێـکـی بـابـەتـی سـەرانـسـەری نـامـەکـانـیـمـان بـۆ ڕوون ئـەکـاتـەوە.

نـامـەی یـەکـەم

بۆ کاك ئەحمەدی شێخی نووسیوە

بسمه سبحانه وتعالی. بعد از تعرض بعرض نخبات تحیات، عرضهء عرصهء جلال حلال اشکال غامضة النتایج حافیة المناهج علوم حقیقی، و فتاح معاقد قواعد عسیرة المدارك عویصة المسالك معارف تحقیقی، الذی وفق بصرف همته نحو بیان المعانی ببدیع منطقه و فصیح کلامه، وفاز یبذل جهده و طاقته بتمهید اصول الدین وبسط فروعه و احکامه، ذی المیل الطبیعی بالتأیید الالهی ریاضه نفسه الرضیة لاکتساب الکمالات الصوریة و المعنویة-- می دارد که اگر چه ذره را هوای مهر انور نه درخور است، و مثال خیال در عرصهء مدیح آن سرور مانند پشه در گذر باد صرصر است،

همین بس گرچه بس کاسد قماشیم
کـه در سلك خـریـدارانش بـاشیـم

درین ولاء، که حامل عریضهء شوق و ولاء، مخدوم خجسته مآثر، دوست حقیقی ملاعبدالقادر، از آنجا که پرتو شمع رخسار آن سرخیل اخیار، جاذب قلوب هر پروانهی دل فگار است، رشتهی طاقت و اصطبار را بر سکونت دیار مألوف گسسته است، وشیشهی ناموس و نامرا در شوق و غرام پایبوسی خدام آن مفخر انام شکسته. یقین که انشاءالله الرحمن مضمون اینکه

چو خورشید تابان دهد فیض نور
نـه نـزدیك مـحـروم مـانـد، نـه دور

ظهور خواهد کرد، این بی ادبی و گستاخی بنابر اشاره و امر جناب مخدوم مشارالیه واقع شد، والا

چه یارا سها را که فرخنده مه را
سفارش به خورشید انور نویسد

همین رفعت قدر او بس که خود را
دران حضرت از ذره کمتر نویسد

ظل مکارم وصالی بر فرق اکارم و اعالی ممدود باد.(والتحیة معادة ودائمة إلی أبد الآباد).

عثمان الخالدي المجددي النقشبندي

نامەی دووهەم

بۆ سەید عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی (مەولەوی)ی نووسیوە

قوهء بصارت و قرهء بصیرت، باعتدال صورت وحسن و زینت سریرت و برکت علانیه در خلوت و جلوت محبور و مسرور، و چشم بینیش [ش] از همه گردی، ودانشش از همه دردی دور باد.

و بعد در همه کار تأمل کن تحمل، (اتبع سبیلاً سویاً لا السبل، واصبر کما صبر أولوا العزم من الرسل)، که حق تعالی تآنی را مستحسن دید، از آن جهت آسمان و زمین را به شش روز آفرید، والا خود جناب بی چند و چون (إذا قضی أمراً فانما یقول له کن فیکون)، (أناء اللیل و أطراف النهار) آگاهند. آنانکه رضای خالق را طمع دارند، مخلوق را اگر به دقت نظر تماشا کنی سربسر، نه در مدحشان ثواب پیدا، نه در ذمشان عقاب هویداست. از قول و فعلت اگر حق خشنود است، خوشنودی خلق همه نابود است، والا هر کسی هرچه گوید راست، و عاجزی از راستی نه سزاست.

هر کس بهر دوری، و در هر عصر و بهر طوری، فقیر را قدحی گوید، دلت ره پریشانی نپوید. اگر راست است از عیب خودم خبردارم کن، اگر دروغ است درختی از بستان من نکنند که عیّابان من از مناز فیض ظلم صابون هستند، سیاهی معصیت شسته نشود مگر به آب غیبت. و علی الخصوص ای دلدار من

خـلـق در اوضـاع و انـدر كـار مـن
هر كسى از ظن خود شد يار من

چشم بيرون بر قياس خود گشاد
وز درون مـــن نـــجست اسرار مـــن

سرايلان به سرايلم خوانند، كدخدايان كدخدايم دانند، مدرسان در اهل تدريسم شمرند، و ملبّسان در زمرهى تلبيسم گمان برند، بيگانه بيگانه، و خويشانم خويش. آرى به هر نوعم دانى ، گويم آرى.

گـر گـزنـدت رسد ز خـلـق مـرنـج
كه نه راحت رسد ز خلق نه رنج

بهر پرده كه بينى پردگى اواست
قضا جنبان هر دل بردگى اواست

(لاتـنـكـر البـاطل فـي طوره، فـان بـعض ظهـوراتـه، وشأن من شؤونـه، وحيـثـيـة من حيثياته). ظرف را گذاشته، ببين آنچه در ظرف است، كه

آسايش دو گيتى تفسير اين دو حرف است
بـــا دوستـــان مـــروت، بـــا دشمـنـــان مـدارا

عامل به اين مضمون كه درى است در صدف مكنون، اسب طربرا بدواند، و خود را به منزل برساند.

چنان بـا نيك و بد (عرفى) بسر بر كز پس از مردن
مسلـــمـــانت بـــزمـــزم شويـد و هـــنـــدو بسوزانـد

والسلام.(١٦)

عثمان النقشبندي

(١٦) بـه نيشانـهى ئـهو پارچـه شيعرانـهدا كه مـهولـهوى بۆ شێخ عوسمان سيراجودينى نووسيون، ديـاره كه ئـهميش نامـهى زۆرى بۆ ئـهو نووسيوه، بـهڵام بـهداخـهوه تا ئێستا هيچ كام لـهو نامـانـهم دهسگير نـهبووه كه هـهر به وهڵامـهكانى مـهولـهويدا ديـاره زۆريـان پڕ بوون لـه سۆز و هـهستى نـاسك. لـه بـاسى مـهولـهويدا گـهڕانـهوهيـهكمان بۆ بـاسى ئـهم نـامـانـه ئـهبێ.

نامەی سێهەم

بۆ حاجی موحەمەدی سمیرانیی نووسیوە

بسمه سبحانه و تعالی. منظور انظار علیهء خدام طریقەی انقیەی نقشبندیه، مخلص حقیقی و معتقد علی التحقیق، الحاج شیخ محمد موفق و مؤید باد. نوشتهء مهر سرشتهات رسید. عبارات ادب آمیز و اشارات شورانگیزت مزه بەمذاق اشتیاق چشانید. از استسقای ماء الحیات معنی تقاضا شده بود، این دلالت بر علو استعداد دارد که ماهی وار در قعر دریا (هَل مِن مزید) گویان، و لذت وصال را جویانند، با این ترانه ترنم باید کرد:

نه حسنش غایتی دارد، نه سعدی را سخن پایان
بمیرد تشنه مستسقی و دریا همچنان باقی

وفی الحقیقه گرمی طلب نشانەی وصول به مطلوب است. گر نخواستندی داد ندادندی خواست. شوق حضور درویشان را که اظهار کرده بودی اگر میسر شود نعمتی است علی حده که الفت ظاهر ممدّ نسبت باطن است. و اگر متعسر است باز گر در یمنی، چو با منی، پیش منی. هر وقت موانع دفع شدند وشوق ملاقات فقرا غلبه کرد، البته ترا بی خواست میآورند، والا نیاز و رابطەی قلبی کافی است. در قرب تفاوت نکند بعد مسافت، که مدار کار این طایفه بر سفر در وطن است و گم شدن رابطه دلالت بر قصور طالب نمیکند، بلکه چون قرب مطلوب حقیقی دست میدهد رابطه نیز غیر است.

حاصل اندر وصل چون افتاد مرد
گشت دلالە بە پیش مرد سرد

حق تعالی مرا و ترا ازمن و تویی برهاند و به خود برساند. الدع

عثمان الخالدي المجددي النقشبندي

نامەی چواردەم

دیسان بۆ حاجی موحەمەدی سمێرانیی نووسیوە

بسمه سبحانه و تعالی. برادر طریق ارشد، فرزندی الحاج محمد موفق و مؤید باد. ارادات نامچەی ایشان با هوای درویشان شرف وصول یافتند و پذیرای خاطر فقیر

گردیدند. امید که درحقیقت نیزمقبول، و مایه‌ی سعادت و حسن خاتمه گردند. حق تعالی سستی طاعت را به شوق و ذوق روحانی مبدل، و از آمیزش هوای نفسانی صاف فرماید، و وسعت در روزی جسدی و روحی اندازد، و خاطر را از وسوسه‌ی که عین نقص و شین است بپردازد. آمین. وصلی الله علی سیدنا محمد وآله وصحبه أجمعین. الدعا.

عثمان الخالد المجددي النقشبندي

نامه‌ی پێنجەم

شێخ سیراجودین مەلا حامیدی زۆر خۆش ویستووە و برازایەکی مەولانا خالیدی بۆ هێناوە کە ژن خوشکی خۆی بووە. مەلا حامید لەم ژنە دوو کوڕ و چەند کچی بووە.

مەلا حامید تا کۆچی دواییی شێخ سیراجودین هەر لای بووە و پاش ئەویش لای شێخ موحەمەد بەهائودین و ئەوسا لای شێخ عومەر ضیائودین بووە و لە دەوروبەری ١٣١٠دا لە بیارە کۆچی دواییی کردووە و لە گۆڕستانی (ملەگای چنار) بە خاك سپێرراوە. مەلا حامید هەرچەند صیفەتی دەرس وتنەوەی نەبووە، گەلێ جار چ لە تەوێلە و چ لە بیارە دەرسی بە فەقێ وتووەتەوە و زۆر کەس لای خوێندوویانە. هەرچەندیش کاتبی شێخەکان بووە، گەلێ شتیشی بۆ خۆی نووسیوەتەوە وەك چوار ڕوبعەی (تحفة ابن حجر) بە حاشیەکانی مەلا یەحیای مزووریشەوە، تا باسی نوێژی جەماعەت. ئەم نوسخەیە لە کتێبخانەی خانەقای بیارەدا بوو. ئەبێ هێشتا لە کتێبخانەی ئەوقاف بێ لە سولەیمانی. مەلا حامید خەتی زۆر خۆش بووە.

مەلا حامید گەلێ تەئلیفاتیشی هەیە، وا لێرەدا باسیان ئەکەم:

(١) عەقیدەی ئیمان و ئیسلام بە هەورامییانە. ئەمە ئەوەیە کە من کردوومە بە کوردیی سۆرانی و لەچاپم داوە.

(٢) شەرحی مەثنەویی مەولانا جەلالودینی ڕۆمی بە فارسی لە سێ بەرگدا. لە شێخ عەلائودینم بیستووە فەرمووی مەلا حامید ئەم شەرحەی لە سەر تەقریری شێخ موحەمەد بە هائودین نووسیوە. ئەم کتێبە لای کوڕەکانی مەلا حامید بوو، لە دەورووبەری ١٣٦٠دا کەوتە دەستی مەلا عەزیزی پریس، جا نازانم کڕیبووی لێیان یا بە ئەمانەت لێی وەر گرتبوون. ئێستاش لای حاجی مەلا عوثمانی کوڕی مەلا عەزیزە لە هەڵەبجە.

(٣) حاشیەی لەسەر (گلشن راز)ی مەحموودی شەبوستەریی تەبریزی لە عیلمی تەصەوفودا. ئەم کتێبە ئێستا لای منە لەلایەن نەوەکانیەوە دەستم کەوتووە.

(٤) شەرحی مەنظوومەی (الزبدة) لە فیقهی شافیعیدا کە بە فارسی نووسیویە. ئەم کتێبە لە کتێبخانەی خانەقای بیارەدا بوو.

(٥) شەرحی مەنظوومەی (ذات الشفا)ی ئیبنولحاجی جێشانەیی. ئەم شەرحەیش بە فارسییە. نوسخەکەشی لە کتێبخانەی خانەقای بیارەدا بوو.

(٦) (ریاض المشتاقین) کە باسی مەولانا خالید و شێخ عوسمان سیراجودین ئەکا. ئەم کتێبانەی کە ناوم هێنان خۆم دیومن.

مەلا حامید شاعیرێکی ورد و ناسکیش بووە. پێشتر لە باسی هەرکام لە شێخ عوسمان سیراجودین و کوڕەکانیدا چەند قەسیدەیەکیمان نووسییەوە، وا لێرەشدا هەندێکی تر لە شیعرەکانی ئەخەینە پێش چاو:

قەسیدەی یەکەمی بە بۆنەی هاتنی فەرهاد میرزای مامی ناصیرودین شای قاجارەوە بۆ سەر هەورامان و شکستخواردنی[١] وتوویە:

بە سال(فور)[٢] پس از الف روز یکشنبە
کە بود سلخ محرم قریب ماه صفر

بیان واقعە میرزا پلنگ اورامی
کە هست کاتب دیوان و قاضی عسکر

(١) لە باسی «ڕووداوێك لە نێوان شێخ موحەمەد بەهائودین و فەرهاد میرزای مامی ناصیروددین شای قاجاردا» باسی ڕازی ئەم هێرشە بخوێنەوە.

(٢) لەگەڵ (الف)ەکەدا کە هەزارە، ئەکاتە ١٢٨٧ .

علی البدیهه همین قطعه کرده است انشاء
به فتح نامهء شهزادهء بلند اختر

جناب معتمد الدوله شیر ایرانی
که هست در عالم علم به علم و هنر

سخنورانی که در مناقبش خوانند
زهی چو رستم دستان تهمتن و صفدر

زهی ز شوق وغا بی قرار چون کشتی
زهی به معرکه صاحب ثبات چون لنگر

صلا زد از پی تسخیر سد اورامان
به هیبتی که بدی رشك روح اسکندر

چو تیغ قهر کشیده، قبای صبر درید
به نیتی که کند محو نامش از دفتر

نهاد روی به راه و سپاه در عقبش
به هیئتی که زدی طعنه بر شه سنجر

خروش وش به خروش و سحاب وش در جوش
ز شوق اخذ غنیمت سپاه و سر لشکر

شبی که راه همایون بر این قرار گرفت
که بهر ساعت آسودگی ز رنج سفر

(هزارخانی) و (انجمنه) گشت جای موکب او
هزار خان همه انجم صفت درآن سنگر

به گرد خیمهء آن مه چو هاله حلقه زدند
به صورتی که به جز بادرا نبود گذر

ز احتیاط مبادا که چشم زخم رسد
ولی ز حکم قضا و قدر به وقت سحر

بـران سپـه دو سه گـربـه بـه هـول مـو کـردند
ازان نـــهـــیب یـــلان را پـــریـــد هـــوش ز سر

خـــزیـــد حـــضرت شهـــزاده در یـــکـــی سوراخ
شدنـد عسکـر شاهـــانـــه جـمـلـه زیـر و زبـر

بـــه بـــاد شد بـــنـــه و بـــارخـــانـــه و خـرگـاه
ز یـــاد شد یـــدك و اسپ و تـــازی و استـــر

گـــرفت حـــق گـــذشتـــه ز وارث بـــهـــمـــن
زهـــی تـــهـــمتن ثـــانـــی گـرفت خـون پـدر

بـلـی، فـرار ز مـالایـطـاق هـم هـنـری است
ضرور نـــیست زدن مشت بـــر سر نشتـــر

چه لازم است فتد ماکیان به چنگ شغال
خـلاف عـقـل بـود چـنگ پشه بـا مـرمـر

مسلم است چو سر هست قحط نیست کلاه
فـــدای سر هـــمـــه اسبـــاب شاهـــی و افسر

ئەمەیش قەسیدەیەکی تری لە لاواندنەوەی شێخ عەبدورەحمانی خالصی تاڵەبانیدا:

شـیّخ آفـاق کـه در مـعـرفت عـلـم عَـلَـم بـود
مـخـزن فـکـرت و گـنـجـیـنـهء اسرار حِـکـم بـود

طـلـعـتش مـطـلـع انـوار و دلش مـنـبـع اسرار
سیـنـهء او بـه مـثـل لـوح و زبـانش چـو قـلـم بـود

بـصرش مـائـل بـالا، خـبـرش مـائـل مـیـنـا
نـظرش گـرچـه بـه صورت هـمـه دم زیـر قدم بـود

زمـــرهء اهـــل صفـــا را بـــه درش روی ارادت
جـرگـهء اهـل وفـا را بـه سرش جـمـلـه قسم بـود

غـلـغـل کـورهء ذکـرش نمك شور مـحـبـت
قـلـقـل کـوزهء فـکـرش هـمـه انـوار قِـدم بـود

کـاشف سر طـریـقت، در دریـای حـقـیـقت
سنـد اهـل شریـعت، شرف اهـل هـمـم بـود

رحـمـتش تـرجـمـهء رحـمت رحـمـان صیـتش
مـنـتشر در صفـحـات عـرب وروم و عـجـم بـود

عـبـد رحـمـن عـلـم و فـخـر زمـان بـد لـقب او
(خـالص)ش گـاه تـخـلص ز پـی نـظم رقـم بـود

از هـمـه بـود بـه مـعـنـی چـو الف صفر مـجرد
گـرچـه بـر مسنـد عـزت شه بـا خـیـل و حشم بـود

دم ز حـکـمش چـه زنم خـاك نشین سر کـویش
عـارش از تخت فریدون و کی و حشمت جم بود

بـر جـهـیـد از قـفس تـنگ جـهـان بـلـبـل جـانش
عـمـرهـا بـود چـو دستـان زن گـلـزار عـدم بـود

مـانـد انـدوه و دریـغ و غـم و حسرت پـی عـالـم
زانـکـه او سدّ سکـنـدر پـی بـأجـوج ستـم بـود

سفـره ای بـود مـهـیـا ز پـی مـؤمـن و کـافـر
خـوان یـغـمـای کـرم بـود پـر الـوان نـعـم بـود

گـوهـری بـود بـه دریـا بـه کـنـار آمـد و بـاز
شد به دریا و درین جلوه دوصد گونه حکم بود

غـرهء مـاه جـمـادی، چـه جـمـادی؟ مـه أولـی
شب سه‌شنـبـهء آن اول ایـن مـاتم بـود

دل کـزیـن وحشت عـظمـی و ازیـن صدمت کـبـری
پـر زانـدوه و غـم و ولـولـه و درد و الـم بـود

خـواست تـاریـخ وفـاتش(ز غـم و کـرب) نـویسد
نـاگـهـان گفت سروشی که بگو(بـاغ کرم)[۳] بود

(۳) ئەکاتە ۱۲۷۵.

ئەمەیش قەسیدەیەکی تری لە ساڵی ١٢٩٤دا وتوویە بۆ بەخێرهاتنەوەی موحەمەد پاشای جاف لە ولاتی ئێرانەوە بۆ ولاتی عوسمانی:

آمـــــدی و آمـــدنت بس خـــوش است
رفتن و بـــــــاز آمـــدنت مـــەوش است

جـــاذب دولت بـــه خـــود مـــیـــکشد
شاهـــد اقـــبـــال عـــجب دلـــکش است

ای شه مـــیـــدان کـــرم رخ مـــتـــاب
اسب طـــرب را بـــه جـــهـــان دوشش است

بـــخت بـــهـــرجـــا کـــه روی مسنـــد است
تـــخت بـــهـــر جـــا کـــه شوی مـــفـــرش است

حـــال خـــودش دشمـــن بـــدخـــواه تـــو
حـــال خس و دشمـــنـــی آتـــش است

عـــصمت حـــق هست تـــرا دور بـــاش
غـــیـــرت مـــردان خـــدا چـــاوش است

جـــلـــوه کـــن ای سرو خـــرامـــان بـــه نـــاز
زانـــکـــه تـــرا غـــایت کش وفش است

فش چـــه بـــود؟ دست فشانـــدن بـــه جـــود
جستن دلـــهـــای عـــزیـــزان کش است

جـــمـــع شد از بـــهـــر تـــو ایـــن دم دو عـــید
نوش کن این جام صفای بی غش است

جـــائـــزهء جشنـــی و عـــیـــدانـــه است
ایـــنـــکـــه نـــویسی کـــه دمـــاغـــم خـــوش است

ئەم قەسیدەیەشی لە بەهاری ساڵی ١٢٩٢دا بۆ بەخێرهاتنەوەی مەحموود پاشای کوڕی موحەمەد پاشای جاف لە سەفەری بەغدا، نووسیوە:

مـژده ای دل کـه بـهـار آمـد و دلـدار آمد
ساغـر عـیش پـر از بـادهء سرشار آمد

چـمـن از غـائـلـهء زاغ زغـن فـارغ شد
بـلـبـل نـغـمـه‌سرا بـاز بـه گـلـزار آمـد

سحـر از لـطـف هـوا غـالـیـه‌سا گشت صبـا
گـویـی از طـرف چـمـن آهـوی تـاتـار آمد

بـلـبـلـی رفت ازیـن جـانب و شهـبـاز آمد
بـاز گـردیـد کـنـون طـالب آشکـار آمد

این خبر کز اثرش غنچه صفت دل بشگفت
مـرهـم سیـنـهء مـجـروح و دل زار آمد

خـاطـر اهـل صفـا تـازه‌تـر از گـلشن شد
لـیك در دیـدهء اربـاب جـفـا خـار آمد

ای ایـاز از غـم و انـدیشهء مـکـروه زمـان
دل بـه پـرواز کـه مـحـمـود جـهـانـدار آمد

زبـدهء اهـل کـرم، مـفـخـر اربـاب عـجـم
عـمـدهء اهـل صفـا، نـادره کـردار آمد

بـخت هـم عـاشق دیدار تـو بـاشد هـمـه روز
از پـی دیـدن رخسار تـو صد بـار آمد

قـوهء نـطـق ز تـقـریـر ثـنـایت خـجـل است
زانـکـه وصفت بـدر از حـیـطـهء گـفـتـار آمد

این قدر بس که وجودت اثر لطف حق است
سطـوتت تـرجـمـهء سطـوت قـهـار آمد

دل ز انـدیشه نـگـه‌دار بـه هـر جـا کـه تـوی
هـمت اهـل حـق و لـطـف حـقت یـار آمد

یادی حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی

حاجی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی نۆدشەیی زیاتر لە بیست پشتی دانیشتووی دێی نۆدشە بوون لە هەورامانی لهۆن و هەموو مەلای گەورە بوون و گەلێ پیاوی بە زانست و ئاینپەروەریان تیا هەڵکەوتووە، بە تایبەتی خۆی و باوکی.

مەلا عەبدولڕەحمان چوار کوڕی بووە: موحەمەد و ئەحمەد و فەضلودین و جەلالودین. موحەمەدیان بە منالّی مردووە. کوڕەکانی تر گەورە بوون و ژنیان هێناوە و نەوەیان لێ کەوتووەتەوە.

مەلا ئەحمەد لە ١٢٢٨ی هیجرەتدا لەدایك بووە و[١] هەر بە منالّی لای باوکی دەستی کردووە بە خوێندن و قورئانی تەواو کردووە و کتێبە وردەکانی خوێندووە و بووە بە فەقێ. ماوەیەك لای باوکی ماوەتەوە، پاشان بە ئوسوولّی ئەو سەردەمە چووە بۆ خوێندن و زۆر لای کوردستان گەڕاوە. سەرەنجام لای مەلا موحەمەدی خەتێ مەلای میری گەورەی ڕەواندز ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە.

مەلا عەبدولڕەحمان باوکی مەلا ئەحمەد پاش چوونی مەلا ئەحمەدی کوڕی بۆ فەقێیەتی، دلّی لە نۆدشە هەڵئەکەنرێ و ئەچێ بۆ سنە. میرەکانی ئەردەڵان لای خۆیان ئەیکەن بە مودەڕیس. پاش ئیجازە وەرگرتنی مەلا ئەحمەدی کوڕی لە سنەیش نامێنێ و دێ بۆ سولەیمانی و لە مزگەوتی (مەڵکەندی) ئەبێ بە مامۆستا و پێشنوێژ. پاشان ئەشکرێ بە موفتیی سولەیمانی و تا کۆچی دواییی کردووە لە ١٢٦٤دا، هەر موفتی بووە. قەبری حاجی مەلا عەبدولڕەحمان لە گردی سەیوانە.

ئەم دیاریکردنی ساڵی وەفاتی مەلا عەبدولڕەحمانە لەسەر ئەوەیە کە شێخ موحەمەدی سمێرانی لە (بارقات)دا نووسیویە ئەڵێ: حاجی مەلا عەبدولڕەحمان لە سەردەمی موتەسەڕیفییەتیی موحەممەد مونیب پاشادا بووە کە ئەویش پاش تەواوبوونی چەرخی بابانەکان هاتووە کە ڕێکەوتی ئەو ساڵە ئەکا.

هەروەها شێخ موحەمەدی سمێرانی ئەڵێ حاجی مەلا ئەحمەد پاش وەفاتی باوکی

---

(١) ساڵی لە دایکبوونی حاجی مەلائەحمەد بە حەرفەکانی ئەبجەد لەم بەیتەدا دیاری کراوە، کە نیوە بەیتی دووەمی ئەکاتە ١٢٢٨: هاتفی از سر الهام به تاریخش گفت:

«بود احمد خلف امجد عبدالرحمن»

بەیارمەتیی موحەممەد مونیب پاشا ئەکرێ بە موفتی لە جێی باوکی و پاش ئەو موحەمەد مونیب پاشا نەقڵ ئەکرێ بۆ مووسڵ و موصطەفا پاشا ناوێك دێتە جێی. ئەم موصطەفا پاشایەش ئینسانێکی سالم و باش بووە و زۆر حورمەتی حاجی مەلا ئەحمەدی گرتووە و دەرزی صەحیحی بوخاریی لە خزمەتیدا خوێندووە. بە عادەتی هەمیشە پاش ماوەیەك هەندێ کەس دەستیان کردووە بە مونافەسەی حاخی مەلا ئەحمەد و بەم مەبەستە هاتوچۆیەکی زۆر لای موصطەفا پاشایان کردووە و عەرزوحاڵیان داوە بۆ داوای عەزڵکردنی حاجی مەلا ئەحمەد تا فەرمانی عەزڵی لە ئەستەموڵەوە دێ، بەڵام موصطەفا پاشا لە بەر ڕەوشت بەرزیی خۆی ڕووی نایەت فەرمانەکە پیشانی حاجی مەلا ئەحمەد بدا، پێی ئەڵێ بڕۆ بۆ بەغدا بەڵکو بەهۆی موفتیی زەهاوییەوە فەرمانی موفتیییەکەت بۆ دووبارە ببێتەوە. حاجی مەلا ئەحمەدیش ئەچێ پۆ بەغدا و بە میوانی لای موفتی دائەبەزێ. موفتی هەوڵێکی زۆری بۆ ئەدا تا دووبارە ئەمری موفتییەتیی بۆ دەرئەچێتەوە، بەڵام حاجی مەلا ئەحمەد بەهۆی هەندێ حاڵەتی نەفسیی خۆیەوە پەشیمان ئەبێتەوە و ناچێتەوە سەر وەزیفەکە. بیستوومە هەر لەو ڕۆژەدا کە ئەمری دانانەوەی حاجی مەلا ئەحمەد گەیشتووەتە دەستی موفتیی زەهاوی، حاجی مەلا ئەحمەد بە خزمەتی موفتی ئەگا و موفتییش مژدەی بە موفتی کرانەوەکەی پێ ئەگەیەنێ. حاجی مەلا ئەحمەدیش پاش سوپاسی زۆر و بەیانی مەمنوونییەتی لە موفتی عەرزی ئەکا کەوا بڕیاری داوە ئیتر موفتییەتی نەکا. موفتی زەهاوی لەمە زۆر دڵگران ئەبێ و بە حاجی مەلا ئەحمەد ئەڵێ بە هۆی ئەم مەسەلەیەوە گەلێ لە پیاوماقوولانی سولەیمانی لێم دڵگران بوون، کەچی وا ئێستە تۆیش وەزیفەکەت ناوێ، بەڵام حاجی مەلا ئەحمەد لە بڕیاری خۆی پاشگەز نابێتەوە و ئەگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی و لە سولەیمانییش بار ئەکا و ئەچێتەوە بۆ نۆدشەی هەورامان و لەوێ دەست ئەکاتەوە بە دەرزوتنەوەی فەقێ و پێشنوێژیکردنی موسوڵمانان. بە پێی هەندێ بەڵگە ئەبێ ئەم ڕووداوانە لە ١٢٦٨ی هیجرەتدا ڕوویان دابێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە حاجی مەلا ئەحمەد بە هۆی پایەی بەرزی مەلایەتیی خۆی و بە یارمەتیی موحەمەد مونیب پاشا، پاش کۆچی دواییی باوکی بووە بە موفتیی سولەیمانی و پاش موحەمەد مونیب پاشا، موصطەفا پاشایش زۆر قەدر و حورمەتی گرتووە، بە هۆی کرداری بەدی هەندێ کەسەوە گەلێ جار تووشی دڵگرانی بووە؛ چونکە

ئەوانە ویستوویانە بیشکێنن و بەدناوی بکەن. بیستوومە ڕۆژێ لە مەجلیسێکی گەورەدا مەلایێ شوێنێکی لە (ابن حجر) نیشان داوە و داوای لێ کردووە مەعنای لێ بداتەوە، بەڵام ئەو شوێنە لەو نوسخەیەدا هەڵەیەکی تیابووە، حاجی مەلا ئەحمەدیش پاش تەماشاکردنی شوێنەکە بە خەتی خۆی ڕستەیەك ئەنووسێ و ئەڵێ ئەم شوێنە بە بێ ئەم زیادەی منە مەعنای نایەت، کە پاشان نوسخەی بێ هەڵەی (ابن حجر) دێنن، تەماشائەکەن هەمان زیادەی تیایە کە حاجی مەلا ئەحمەد نووسیبووی، تەنیا حەرفێکی (و) نەبێ. ئەمە لەناو خەڵکدا دەنگ ئەداتەوە و ئەبێ بە هۆی بەرزتربوونەوەی پایەی حاجی مەلا ئەحمەد لە کۆمەڵدا، بەڵام ناحەزان و بەدکاران بەوەش داناکەون و دەس لە بەدکاریی خۆیان هەڵناگرن. هەر لەو سەردەمەدا کە حاجی مەلا ئەحمەد موفتیی سولەیمانی بووە گەلێ جار مەلایانی سولەیمانی بەربەرەکانێیان کردووە، وەك ئەوە کە لە مەسئلەی شەرطی تەعلیقی و ئیلزامیدا ڕووی داوە، کاتێ کە موفتی فتوای بە کەوتنی تەڵاقی کابرایەك داوە و مەلاکانی تر هەریەکە لە ئاستی خۆیەوە نووسینێکی دوور و درێژی لەسەر نەکەوتنی ئەو تەڵاقە نووسیوە، حاجی مەلا ئەحمەدیش بە پێی پێویستیی وەزیفەکەی خۆی کە موفتییەتی بووە و بۆ ئیسپاتکردنی ڕاستیی فتواکەی نووسینێکی لە بەرپەچدانەوەی ئەواندا نووسیوە. هەموو ئەو نووسینانەم لە بەرگی سێیەمی (جواهر الفتاوی) یەکەمدا لە چاپ داوە. هەر کەسێ ئەندازەیەك مەلایەتیی هەبێ و بێ ئینساف نەبێ ئەزانێ فتواکەی حاجی مەلا ئەحمەد ڕاستە و ئەوانی تر لە ڕێگەی ڕاست لایان داوە.

حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی هەلێکی لەباری بۆ هەڵکەوتووە بۆ خوێندن. لە خزمەتی باوکی و لە خزمەتی مەلا گەورەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی خواروودا خوێندوویەتی. لە عولوومی عەقڵی و نەقڵیدا سەرامەد بووە. لە ڕیازیاتدا دەستێکی باڵای بووە. ئیجازەی مەلایەتیی لای زانای گەورەی کوردستان مەلا موحەمەدی خەتێ وەرگرتووە. کە گەڕاویشتەوە بۆ سولەیمانی تەدریسێکی باشی کردووە و فەقێی بە قابیلەت و تێگەیشتووی بووە. یەکێ لەوانە مەلا عەبدولڕەحمانی مەشهوور بە مەلای پێنجوێنی بووە کە هەربە حاجی مامۆستا ناوی بردووە. هەروەها مەلا قادری کانی کەوەییش کە بە مەلای گەورە و مەلای بیارە بە ناووبانگ بووە، لای ئەم ئیجازەی وەرگرتووە.

لە دەوروبەری ١٢٩٠ی هیجرەتدا مەلا عەلیی قزڵجی کە مەلایەکی بەناووبانگ بووە

و له تورجان مودەڕیس بووە، بە سەفەر هاتووە بۆ هەورامان و لە خانەقای تەوێڵە لەگەڵ حاجی مەلا ئەحمەد کەونە گفتوگۆ لەبارەی وشەی (تەڵاقم)ەوە کە لەناو کورداندا باوە، ئاخۆ صەریحە بۆ تەڵاقدانی ژن و تەڵاقی پێ ئەکەوێ، یا کینایەیە و ئەبێ نیازی تەڵاقی لەگەڵدا بێ ئەگینا تەڵاقی پێ ناکەوێ؟ مەلا عەلی لای وابووە کینایەیە و حاجی مەلا ئەحمەد بە صەریحی داناوە. پاش گفتوگۆیەکی زۆر مەلا عەلی هاتووەتە سەر ڕاکەی حاجی مەلا ئەحمەد و جارێ داوە کەوا لە ڕاکەی خۆی پەشیمانە.

مەلا عەلی کە ئەگەڕێتەوە بۆ موکریان، بە مەریوانا گەڕاوەتەوە. لە ڕێ لائەداتە لای حاجی سەید حەسەنی چۆڕی کە ئیجازەی لە سەر دەستی مەلا عەلیدا وەرگرتووە، لەگەڵ ئەویش ئەکەوێتە گفتوگۆ لەوبارەیەوە و پێی ئەڵێ کەوا لە ڕاکەی خۆی پەشیمان بووەتەوە و چووەتە سەر ڕاکەی حاجی مەلا ئەحمەد. حاجی سەید حەسەن پێی ئەڵێ: قوربان ! ئێمە چەند ساڵە لەسەر ڕاکەی تۆین و بەوە فتوا ئەدەین، ئێستە تۆ چۆن بە سەعاتێ لە ڕاکەی خۆت پاشگەز بوویتەوە و چوویتە سەر ڕای حاجی مەلا ئەحمەد؟ مەلا عەلییش وەڵامی ئەداتەوە ئەڵێ: حاجی سەید حەسەن ئینساف زۆر خۆشە. باوەڕ بکە کە حاجی مەلا ئەحمەد کەوتە تەقریری مەعنای عیبارەتی ئیبنو حەجەر، وای لێك ئەدایەوە کە ئیبنو حەجەر خۆیشی هەر وای ئەزانی.

جارێکیان لەبارەی پایەی مەلایەتیی حاجی مەلا ئەحمەدەوە لە مەولەوی ئەپرسن، ئەویش ئەڵێ: بەڕاستی پایەی عیلمیی حاجی مەلا ئەحمەد بۆ من دیاری ناکرێ، بەڵام ئەوەندە ئەزانم لە سەردەمی خۆیدا تاقانە بوو: جارێکیان حاجی مەلا ئەحمەد لە سنە بوو، منیش لە خزمەتیا بووم، ئاخوونێکی زۆر گەورە و بەناووبانگی ئێرانی هاتبوو بۆ سنە، بەو بۆنەیەوە گەلێ لە ئەعیانی شارو زانایانی ولّات کۆبوونەوە، ئاخوونیش هات. ئێمەیش لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بووین. لە کۆبوونەوەکەدا مەسەلەیەك هاتە پێشەوە. ئاخوون و مەلاحاجی ئەحمەد کەوتنە قسە. تا ماوەیەك قسەی هەردوولا بەجۆرێ بوو هەموو مەلا بەشدارەکان لێی حاڵی ئەبوون، پاش ئەوە وا بەرزبووەوە تێ گەیشتم ئەهلی مەجلیس هیچی لێ تێ ناگەن و تەنیا حاجی مەلا و ئاخوون لەیەك ئەگەن. پاش ماوەیەکی تر وای لێ هات زانیم ئاخوونیش سەرسام بووە و هەر (بەڵی)کردنی بۆ ماوەتەوە. سەرەنجام بە تەواوی کپ و بێدەنگ بوو.

ئەگێڕنەوە لە ساڵی ١٢٩٠ی هیجرەتدا حاجی مەلا ئەحمەد لەگەڵ شێخ موحەمەد بەهائودین ئەچێ بۆ حەج. کە ئەگەنە بەغدا بە میوانی لای موفتیی زەهاوی دائەبەزن.

پاش نانخواردنی شەو مەلای نۆدشەیی شوێنێکی حاشیەی عەبدولحەکیم لەسەر شەرحەشەمسی لە موفتی ئەپرسێ، موفتییش وەڵامی ئەداتەوە. مەلای نۆدشەیی ڕەخنە لە وەڵامەکەی موفتی ئەگرێ. دیسانەوە موفتی وەڵامی ئەداتەوە و ئیتر هەر بەم چەشنە ڕەخنە و وەڵام درێژە ئەکێشێ تا خزمەتکارەکەی موفتی دێ ئەڵێ: «مولانا ! طلع الصباح»، واتە بەو باسەوە شەو ڕۆژ ئەکەنەوە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە هەردوولا چەند خوێندەوار و ورد بوون و چۆن عیبارەتی حاشیەکەیان لێك داوەتەوە و قسەیان لەسەر کردووە، ئەگینا گفتوگۆ لەبارەی باسێکی واوە ئەوەندەی پێ ناوێ شەوی پێ ڕۆژ بکرێتەوە. ئەگێڕنەوە هەر لەو سەفەرەی حەجەدا ئەیشچنە میسر. لەوێ مەلایەك گەلێ پرسیار و ڕەخنە ئامادە ئەکا لە حاجی مەلا ئەحمەدی بگرێ. کە ئەکەونە قسەوە ماوەیەکی زۆر قسە ئەکەن. لە ئەنجاما مەلاکە عەرزی حاجی مەلا ئەحمەد ئەکا: قوربان ! بە شێوەی بەڵگەهێنانەوە، بەڵگەم نەماوە و قەناعەتم بە قسەکانتان کردووە، بەڵام هێشتا دڵم ئاوی نەخواردوەتەوە و هەروەکو ئەوسا وام. جا حاجی مەلا ئەحمەد عەرزی شێخ موحەمەد بەهائودین ئەکا ئەڵێ: قوربان ! ئیتر لەمەولا مەیدانی تەئثیری ڕۆحانییە و من لەو مەیدانەدا دەستم ناڕوا. تۆ پێت ئەکرێ چارێکی ئەم داماوە بکە زۆر خێرە. لە کورتی بیبڕینەوە حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی یەکێك بووە لە مەلا هەڵکەوتووەکانی سەردەمی خۆی. ئەم ذاتە گەلێ فتوای بە قیمەتی نووسیوە، من هەندێکیانم دەسگیر بووە و لە بەرگی سێیەمی (جواهر الفتاوی) یەکەمدا نووسیومنەتەوە و بڵاوم کردوونەتەوە. هەندێکیشانم بەداخەوە دەستگیر نەبوو. حاشیەی لەسەر کیتابی نیکاح و صیداق و خولع و تەڵاقی توحفەی ئیبنو حەجەر هەیە، دەستم نەکەوتوون. ئەو نوسخەی ئیبنو حەجەرە کە ئەو حاشیانەی لەسەر نووسراوەتەوە، لای نەوەکانی هەیە، ئەگەر کەسێ بۆی هەڵکەوێ بییاننووسێتەوە و لە چاپیان بدا خزمەتێکی گەورە بە فیقهی ئیسلام ئەکا[٢]. بیستوومە پیاوێکی

(٢) مەلاکانی کوردستان دەستێکی باڵایان لە حاشیە لێکردن و لێکوڵینەوەی توحفەی ئیبنو حەجەردا بووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی چاپەوە لەو سەردەمەدا لە کوردستان و بە هۆی گوێ نەدانی خوێندەوارانی ئەمڕۆوە ئەم جۆرە بابەتانە، بەرهەمی ئەو مەلایانە بەدەگمەن دەست ئەکەون و لەوانەشە بفەوتێن، لەگەڵ ئەوەشا کە بڵاوکردنەوەی ئەو حاشیانە بەشداریەکی گەورەیە لە ژیاندنەوەی بەشداریی مەلایانی کوردستاندا بۆ پەرەپێدانی فیقهی ئیسلام. بۆ نموونە بیستوومە یوسفی ئەصەم کە مەلایەکی گەورەی ناوچەی =

نەخوێندەوار بووە خزمەتی حاجی مەلائەحمەدی کردووە. حاجی مەلا ئەحمەد لەوەختی پرسی شەرعی لێکردندا ئەوەندە پێی وتووە فلان کتێبم بۆ بێنە و فلانە شوێنی بکەرەوە و کابرایش زۆر ورد بووە، وای لێ هاتووە فێر بووە کام باسی شەرعی لە کام شوێنی کام کتێبدایە، پاش کۆچی دواییی حاجی مەلا ئەحمەد هەر کاتێ مەلایان لە مالّی ئەودا کۆبوونەوە بۆ کۆڵینەوە لە باسێکی شەرعی، لەو کابرایانە پرسیوە فلانەباس لە کام کتێبدا هەیە بۆمان بێنە و ئەویش هێناوەیە و تەماشایان کردووە و مەسەلەکەیان لێك داوەتەوە. ئەم پیاوە نەخوێندەوارە لەناو مەلایاندا بە (مەلای دەیمی) ناووبانگی دەرکردووە. حاجی مەلا ئەحمەد لە تەصەوفیشدا پایەیەکی بالّای بووە. لەسەر دەستی شێخ عوسمان سیراجودیندا تەمەسوکی کردووە و سولووکی کردووە. کەلە سولەیمانییەوە گەڕاوەتەوە بۆ نۆدشە، بەشێکی وەختی لە بیارە بەسەر بردووە و لە خزمەتی شێخ عوسمان سیراجودیندا خەریکی خۆپەروەردە کردن بووە. پاش وەفاتی شێخ عوثمانیش بووە بە موریدی شێخ موحەمەد بەهائودین و لە دوادواییی ژیانی ئەودا لە بەر بەدڕەوشتیی کۆیخایەکی نۆدشە، دلّی لەوێ هەڵکەنراوە و کۆچی کردووە بۆ سنە و ئەعیانی سنە پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردووە و بنەماڵەی موعتەمەد لەسەر مزگەوتێکی خۆیان دایانمەزراندووە و دێیەکیان کە ناوی (عیساوا)یە بۆ خۆراك پێدانی فەقێ و ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی پێ بەخشیوە تا بتوانێ بە ڕەحەتی ئەرکی ئاینیی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکا. بەم جۆرە حاجی مەلا ئەحمەد بە قەدرو حورمەتەوە لە سنە ژیاوە و وەك بیستوومە لە ١٣٠٢ی هیجرەتدا کۆچی دواییی کردووە.

= باڵەك بووە مودەووەنەیەکی لەسەر توحفە هەیە تا باسی ڕەهن گەیشتووە، نوسخەیەکی لای شێخ موحەمەدی خاڵ هەبوو، لەگەڵ دەسنووسەکانی کتێبخانەکەیدا بەخشیی بە کتێبخانەی ئەوقافی سولەیمانی. مەلا موحەمەدی ئیبنولحاجی جێشانەییش مودەووەنەیەکی لە سەر هەموو توحفە هەیە، نوسخەیەکیم دیوە لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ نووسرابووەوە لە کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی سولەیمانیدا. بیستوومە نوسخەیەکی تریشی هەیە لای حاجی مەلا مارفی خاوێ لە قەرەداغ. مەلا یەحیای مزووورییش حاشیەی تا باسی نوێژی جەماعەت لەسەر توحفە نووسیوە، نوسخەیەکی لە کتێبخانەی خانەقای بیارەدا هەبوو، ئەبێ ئیستا لە کتێبخانەی ئەوقافی سولەیمانیدا بێ. لە مەلا عەبدولعەظیمی موجتەهیدیی سنەییشم بیستووە کە مەلا یەحیا مودەووەنەی لەسەر هەموو توحفە هەیە، بەڵام خۆم نەمدیوە.

حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی دوو کوڕی بووە. یەکەم عارف کە لە بیارە لەدایك بووە. ئەم کوڕە لە خزمەتی باوکیا خوێندوویە تا ئیجازەی وەرگرتووە و لەپاش کۆچی دواییی باوکی بووە بە جێنشینی و دەرزی وتووەتەوە. کوڕی دووەم زەینولعابیدین. ئەم کوڕەشی لای مەلاکانی ناوچەکە خوێندوویەتی و سەرەنجام لای مەلا عەبدولقادری بیارە خوێندنی تەواو کردووە و ئیجازەی وەرگرتووە. حاجی مەلا ئەحمەد دەستی شیعریشی بووە و نازناوی شیعری (فانی) بووە. بەداخەوە من تەنیا بەیتێکی چەکامەیەکی کە بۆ شێخ عوسمان سیراجودینی نووسیوە و پارچەشیعرێکیم، دەسگیر بووە کە لێرەدا بڵاویان ئەکەمەوە.

ئەمە تاقە بەیتەکەی چەکامەکە:

قطع راه هفت خوان قتل این دیو سفید
از سراج الدین طلب (فانی)، تهمتن همت است

ئەمەش پارچە شیعرەکەی:

آن شیرین [ی] یار من دارد همی
صد چو شیرین کوهکن دارد همی

کوژپشت است این زلیخای فلك
یوسف کنعان وطن دارد همی

ور عرق شد برگ گل عین گلاب
شرم ازان نازك بدن دارد همی

بوستان محض باشد دلستان
سنبل و سرو و چمن دارد همی

ظلمت کفر از دو زلفش بر نخاست
دوستی با اهرمن دارد همی

در عبای تن لطائف در سلوك
شیوەای زان پنج تن دارد همی

زنده دل هرگز نمیرد(فانیا)
ننگ از قید کفن دارد همی

یادی سەید عەبدولڕەحیمی مەشهوور به مەولەوی

ژیانی مەولەوی

سەیدعەبدولڕەحیمی نازناو (مەعدوومی) و به ناووبانگ به (مەولەوی)، کوڕی سەعید تاوەگۆزی و له نەوەی مەلا یوسف جانی کوڕی مەلا ئەبووبەکری چۆڕییه که به (موصەنیف) مەشهوور بووه و ڕشتەی پشتیان ئەچێتەوه سەر خواناسی ناودار سەید موحەممەد زاهیدی کوڕی سەید مەحموودی مەدەنی که به (پیر خدری شاهۆ) ناسراوه و لە نەوەی حەزرەتی حوسەینی کوڕی حەزرەتی عەلیی کوڕی ئەبووطالیب و فاطیمەی زەهرایه خوایان لێ ڕازی بێ.

مەولەوی له ساڵی ۱۲۲۱ی هیجرەتدا له دێی (سەرشاتە)ی ناوچەی تاوەگۆزی که ئەکەوێته بەری باشووری ڕووباری سیروان، له دایك بووه. هێشتا منداڵ بووه ماڵی باوکی ناوچەی تاوەگۆزییان به جێ هێشتووه و له دێی (بێژاوه) جێگیر بوون و لەوێ لای باوکی قورئانی پیرۆز و کتێبه وردەکانی خوێندووه و فێری نووسین بووه.

پاشان به پێی داوونەریتی فەقێیی وڵاتی کوردستان ڕۆیشتووه بۆ هەڵەبجه و لەوێ دەستی کردووه به خوێندن. هەروەها له مەدرەسەکانی دەوروپشتی هەڵەبجه وەك خەرپانی و خورماڵ و بیاره و تەوێڵەیش خوێندوویەتی وپاش ئەوه چووه بۆ پاوه و ماوەیەکیش لەوێ خوێندوویەتی و پاش ئەوه ڕۆیشتووه بۆ چۆڕ له مەریوان که مەڵبەندی کۆنی خۆیان بووه و پاش ماوەیەکیش خوێندن لەوێ، چووه بۆ شاری سنه و لەوێ له مزگەوتی وەزیر دامەزراوه. ئەو سەردەمە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەمانوڵڵاخانی گەوره بووه که یەکێ بووه له پیاوه بەناووبانگەکانی ئەردەڵان و مزگەوتی دارولئیحسان ئەو دروستی کردووه. پاش ماوەیەکی تریش له سنەوه ڕۆیشتووه بۆ بانه و لەوێشەوه پاشتر هاتووه بۆ سولەیمانی و له سەردەمی ژیانی شێخ مەعرووفی نۆیدا به فەقێیەتی له مزگەوتی گەوره دامەزراوه. پاش ماوەیەك مانەوه له سولەیمانی، لەوێشەوه چووەتەوه بۆ هەڵەبجه و له مەدرەسەی شێخ عەبدولڵای خەرپانی له مزگەوتی جامیعه دامەزراوه و لای مەلا صادقی تەوێڵەیی خوێندوویەتی. ئەم مەلا صادقەیش یەکێ بووه له موستەعیدەکانی شێخ عەبدولڵا خۆی.

بیستوومه لەم سەردەمەدا باوکی مەولەوی کۆچی دواییی کردووه و مەولەوی

ماوەیەك پەکی خوێندنی کەوتووە و خەریکی بەخێو کردنی برا و خوشکەکانی بووە. پاشان دەستی کردووەتەوە بە خوێندن و چووە بۆ قەڵای جوانڕۆ بۆ لای مەلا موحەمەدی قازی و ماوەیەك لەوێش خوێندوویەتی، جا بۆ جاری دووەم چووەتەوە بو سنە و لە مزگەوتی دارولئیحسان دامەزراوە. لەم چەرخەدا شێخ موحەمەد سەعیدی باوکی شێخ عەبدولقادری موهاجیر مودەرپیسی دارولئیحسان بووە. مەولەوی ئەم جارە زیاترلە جاری پێشوو لە سنە ماوەتەوە و پاشان دیسانەوە هاتووە بۆ سولەیمانی و لە خزمەتی مەلا عەبدولڕەحمانی نۆدشەییدا کە مودەرپیسی مەدرەسەی مەڵکەندی بووە، خوێندوویەتی و لای ئەو تەواوی کردووە و ئیجازەی مەلایەتیشی لای ئەو وەرگرتووە.

بیستوومە پاش ئیجازە وەرگرتنی مەولەوی، بە پێی داوونەریتی پاشاکانی بابان کە هەر فەقێیەك لە سولەیمانی ئیجازەی وەرگرتایە یەکێ لە پاشازادەکان فەقێ ئیجازە وەرگرتووەکە و کۆمەڵێ مەلا و فەقێی شار و کۆمەڵێ دەستە و دائیرەی خۆی لەگەڵ خۆی هەڵئەگرت و ئەچوون بۆ سەیران بۆ سەرچنار، ئەحمەد پاشای بابانیش کە میانەی دۆستایەتیی لەگەڵ مەولەوی زۆر بووە، مەولەوی و کۆمەڵێ مەلا و فەقێ لەگەڵ خۆی ئەبا بۆ سەیران. لە ڕێگەدا فەلاحێك سەری ڕێیان لێ ئەگرێ و دەست ئەکا بە سکالای حاڵی خۆی لای ئەحمەد پاشا و ئەڵێ پارچە بەراوێکم هەیە، هەموو ساڵێ ئەیکەم بە تەڕەکاڵ و پێی ئەژیم، ئەمساڵ یەکێ لە پیاوەکانی تۆ لێی داگیر کردووم و زۆریشم لێ ئەکا بە جووتی خۆم بیکێڵم و بیکەم بە تەڕەکاڵ بۆ ماڵی پاشا. مەولەوی دێتە پێشەوە خۆی لە کابرای فەلاح تووڕە ئەکاو ناهێڵێ ئەحمەد پاشا وەڵامی بداتەوە. کابرای فەلاح سەرسام ئەبێ و بە مەولەوی ئەڵێ: مەلا! تۆ لای خۆت مەلاو پیاوی ئاینی، کە تکایەکم لای پاشا بۆ ناکەی بۆ وا لێم تووڕە ئەبی؟ مەولەوییش پێی ئەڵێ: کابرا ! مردووت مرێ... من لەبەر عەقڵی تۆ تووڕە بووم لێت. ئاخر تۆ نەتبیستووە دنیا کێڵگەی قیامەتە؟ جا ئەگەر پاشا ئێستا بە جووتی بێگاری زەویی داگیرکراو نەکێڵێ و نەیکا بە تەڕەکاڵ بۆ ماڵی خۆی، دنیای چۆن بۆ ئەبێ بە کێڵگەی قیامەت؟ ئەحمەد پاشا کە ئەم قسەیەی مەولەوی ئەبیسێ، شەرم ئەیگرێ و بە مەولەوی ئەڵێ تکا ئەکەم ئیتر بەس! کابرا تۆیش بڕۆ زەویی خۆت بۆ خۆت و هەر کەس هات بەنزیکتا لێت داگیر بکا و زۆرت لێ بکا، گوێی مەدەرێ و لە کەس مەترسە.

مەولەوی پاش ئیجازە وەرگرتنی ئەڕوا لە دێی چروستانە کە دێیەکە لە نزیکی

هەڵەبجەوە، ئەبێ بە مەلا و مزگەوتێکی تیا ئەکاتەوە و چەند فەقێیەك ڕاگرێ و دەست ئەکا بە دەرز پێوتنیان. شوێنەکەی زۆر پێ خۆش ئەبێ تەنانەت باغێکیشی تیا دائەنێ. بەڵام پاش ماوەیەك ئەگوێزرێتەوە بۆ دێی گونە [گوندە] لە ناوچەی نەورۆڵی لە نزیکی چروستانەوە. لەوێیش مزگەوتێك دروست ئەکا و فەقێ ڕاگرێ و حوجرەیان بۆ ئەکاتەوە و بەپێ خوێندنی ئەوان و ئامۆژگاریکردنی موسوڵمانانەوە چەند ساڵێکیش لەوێ ڕائەبوێرێ.

پاشان لەوێشەوە ئەگوێزێتەوە بۆ کانی کەوە لە ناوچەی شەمێران کە نیشتمانی هۆزی (یەزدان بەخشی)یە. لەو سەردەمەدا سەرپەرشتیکردنی ئەو ناوچەیە بە دەست شێخ عەلیی عەبابەیلێییەوە بووە کە زۆر دۆستی مەولەوی بووە و خاتری گرتووە و خزمەتی کردووە. پاشان موحەمەد پاشای جاف ناوچەکەی لەسەر خۆی تاپۆ کردووە و بەڕێوەبردنی لە شێخ عەلی سەندووەتەوە و داویەتە دەستی عوسمانی خاڵە کە پیاوموناسبی یەزدان بەخشی بووە. پاش ئەمە مەولەوی کانی کەوە بە جێ ئەهێڵێ و ئەگەڕێتەوە بۆ سەرشاتەی زێد و نیشتمانی کۆنی خۆی.

کە موحەمەد پاشای جاف لەمە ئاگادار ئەبێ نامەیەکی گلەیی ئامێز بۆ مەولەوی ئەنووسێ. مەولەوییش لە وەڵامدا نامەیەکی بۆ ئەنووسێ و بۆی باس ئەکا کە لەپاش دەرچوونی شێخ عەلییەوە لە شەمێران، وەزعی عەشرەتەکەی وەك ئەوسا نەماوە و بۆیە ناچار بووە لەبەر ئەوان بار بکا و ئەم چەند بەیتەشی بۆ ئەنووسێ:

وزان سوی وطـن هـیـجـرت نمودم
خـــلافت از عـــلـــی دانستـــه بـــودم

بـــه تـــاثـیـر مـحـمـد پـیـر اکـمـل
خـلافت چـون بـه عـثـمـان شد مـحـول

دل خـویشان مـــارا پـر ز خـون کـرد
به خویشاوند خود نعمت فزون کرد

ئیتر لەگەڵ ئەوەشا کە ناوچەی تاوەگۆزی زۆر کوور و دێم بووە و ژیانی تیا گران بووە، مەولەوی هەر لەوێ ماوەتەوە و نەجووڵاوە و بە هەر جۆر بووە ژیانی بەسەر بردووە، تا لە ١٣٠٠ی هیجرەتدا کۆچی دواییی کردووە و لە گۆڕستانی مەشهوور بە گۆڕستانی

ئەسحابە لە دێی (سەرشاتە) لە سەر بەرزاییەك بە خاك سپێرراوە. مەلا حامیدی کاتبی شێخ عوسمان سیراجودین ئەم چەند شیعرەی لە لاواندنەوەیا داناوە:

آسمـان گـر خـون بـبـارد بـر وفـات مـولـوی
زیـبـد ار بـرگ سیـه پـوشنـد اهـل دنـیـوی

مجمع علم و عبادت، مخزن صدق و صفا
مـظـهـر عـقـل و درایت مـیـر ملك مـعـنـوی

پـیـرو شرع مـحـمـد شیـخ اولاد حسین
سالك راه طـریـقت، در طـریـق اخـروی

فارس نظم و قصاید در حقیقت، در مجاز
ریـزه چین خـوان جـودش صد امـیـر دهـلـوی

بـهـر تـاریـخ وفـاتش آنـقـدر کـردیـم فـکـر
کـاسمـان(غش) کرد بر مرگ جنـاب مـولـوی

مەولەوی لە دواسالّەکانی ژیانیا کوێر بووە و حەوت سالّی بە کوێری بە سەربردووە و لە ژیانی خۆیا کەپرەکەی ئاگری تێ چووە و کتێبەکانی سووتاون و خۆشی لە پارچە شیعرێکیا ئیشارەت بۆ ئەو ڕووداوە ئەکا کە چۆن شیعرەکانی تیا سووتاوە. لەمەوە دەرئەکەوێ کە ئەبێ مەولەوی شیعری زۆری فەوتابێ. ڕاستەکەشی قەوارەی بچووکی دیوانەکەی نە لەگەڵ ژیانی درێژی پڕ لە خۆشی و لە دەرد و مەینەتی و نە لەگەڵ دەستی بالّای لە شیعردا ڕێك ناکەوێ.

ئەو کتێبانەی مەولەوی داینـاون

ئەم ڕاتە لەبەر ئەوەی کە شوێنێکی موناسبی نەبووە تیا بحەسێتەوە و ڕێگایەکی شك نەبردووە گوزەران و ژیانی خۆی بە ڕێکوپێکی لێوە دابین بکا و زۆر وەختی ژیانی لە گواستنەوەدا بووە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەبوو هیچ نووسراوێکی لەپاش بەجێ نەمایە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ کتێبی بەنرخی نووسیوە هەموویان ماون و دیوانێکی شیعریشی لەپاش بەجێ ماوە کە نوسخەی زۆر لێ نووسراوەتەوە و بە گەلێ ناوچەی کوردستانا بلاّو بووەتەوە. ئەم دیوانە شیعرەی یەکەمجار لەسالّی ١٩٣٥دا

بە دوو بەرگ لەگەڵ وەرگێڕانیا بە شیعر بۆ دیالێکتی کرمانجیی خواروو لەلایەن پیرەمێردەوە بڵاو کراوەتەوە و جاری دووەمیش لە ١٩٦١دا بە لێکدانەوەوە لەلایەن منەوە لە چاپ دراوە(١).

کتێبە دانراوەکانی مەولەوی، جگە لە دیوانەکەی ئەمانەن:

یەکەم: کتێبێکی کوردی بە شیعر لەبارەی عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامەوە. ئەم کتێبە هێشتا چاپ نەکراوە. من خۆم نوسخەیەکیم لایە(٢).

دووەم: کتێبێکی تری کوردی بە شیعر بە ناوی (العقیدة المرضیة)وە لەبارەی عەقیدەی فیرقەی ئەشعەرییەوە کە لە دوو هەزار بەیت زۆرترە و لەوپەڕی جوانی و ڕەوانیدایە. ئەم کتێبە زۆر بە سوودە و مەولەوی خۆی حاشیەی زۆری لێ کردووە و هەروا حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عوسمان سیراجودینیش گەلێ حاشیەی لێ کردووە. وا دیارە بە دەرزیش لای مەولەوی خۆی خوێندوویە کاتێ کە مەولەوی لە تەوێڵە بووە لای شێخی باوکی سولووکی کردووە. نوسخەی تەواوی ئەم کتێبە لای حاجی مەلا خالیدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای موفتیی سنە و لای حاجی مەلا سەعیدی ساداوایی هەیە.

سێیەم: کتێبێکی بە فارسی بە شیعر لەبارەی عەقیدە و بیروباوەڕی موسوڵمانانەوە کە ناوی (الفوائح)ە، واتە شتە بۆن خۆشەکان یا بۆنی خۆش گەیێنەکان. ئەم کتێبەش لە هەزار بەیت زیاترە.

---

(١) لەپاش ئەو چاپەی دیوانی مەولەوییەوە تائێستا گەلێ نوسخەی ترمان دەسگیر بووە کە بەراوردکردنیان لەگەڵ نوسخە چاپەکە پێویستە. بۆیە بەدەستمانەوەیە، خوا ڕێکی بخا، لە هەلێکا چاپێکی تری دیوانی مەولەوی بکەینەوە ئەنجامی بەراوردی ئەو نوسخە تازە دەستکەوتووانەشی تیابێ. نیازمان وایە لەم چاپە تازەیەدا لە داوێنی شیعرەکانەوە تەنیا مەعنا گشتییەکەیان بنووسینەوە و مەعنای وشەکان هەڵگرین و لە جیاتیی ئەوە لە داوێندا فەرهەنگێکی تێکڕاییی یە پێی تیپەکانی ئەلف و بێ بۆ بکەین. هەروا ئەشمانەوێ پارچە شیعرەکانی بە گوێرەی بابەتیان ڕێك بخەین.

(٢) من خۆم لە ساڵی ١٣٣٩ی هیجرەتدا ئەم کتێبەم لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی پاش بەردیی مەشهوور بە مەلا ئەحمەدی ڕەش خوێندووە. لە ڕێگای ئەم کتێبەوە پێوەندیی ڕۆحیم لەگەڵ مەولەوی پەیداکرد و عاشقی شێوەی شیعر و نووسینی بووم.

ئەم دوو کتێبە پێکەوە لە ساڵی ١٣٥٢ی هیجرەتدا لە میسر لەلایەن خوالێخۆشبوو (محی الدین صبری النعیمی الکانی مشکانی)یەوە لە چاپ دراون. لەم ساڵانەی دواییشدا لە ڕووی ئەو چاپەوە بە ئۆفسێت لە چاپ دراونەتەوە.

چوارم: نامیلکەیەکی لەبارەی ئیسپاتکردنی دروستیی (رابطە)وە کە یەکێکە لە ئادابی تەریقەتی نەقشبەندی. ئەم نامیلکەیە بە فارسییە، نوسخەیەکی لای شێخ حەیدەری کوڕی شێخ جەعفەر هەیە کە لە دێیەکی نزیك لە سەید صادقی شارەزوورەوە دائەنیشێ. ئەم نامیلکەیە تا ئێستا لە چاپ نەدراوە.

پێنجەم: کتێبێکی شیعری ڕەجەزە بە عەرەبی ناوی (الفضیلة)یە ٢٠٣١ شیعرە لە بارەی زانستی ئوسوولی دینەوە. ئەم کتێبە کتێبێکی زۆر بایەخدارە، مەولەوی بە فەرمانی شێخ موحەمەد بەهائودین داینناوە و لە سەردەمی ژیانی خۆیدا زۆر خوێنراوە. منیش لە سایەی خواوە لە ساڵانی ١٣٧٦ –١٣٧٧دا شەرحێکی باشم بە پێی توانای خۆم لێ کردووە بە ناوی (الوسیلة في شرح الفضیلة) و لە ساڵی ١٣٩٢ی هیجرەت (١٩٧٢ی. ز)دا لە چاپم داوە و ٨١٩ لاپەڕەیە و بە گەلێ ولاتی موسوڵمانان و زۆر لای کوردستانا بلاو بووەتەوە. نوسخەیەکی نایابی ئەم (الفضیلة)یەم لایە بە خەتیکی زۆر جوان نووسراوەتەوە، حاشیەی زۆری مەولەوی خۆی و مەلا فەتاحی پاوەیی و خەتی مەولەوی خۆیشی پێوەیە.

لە خوالێخۆشبوو سەید عەبدولڕەحمانی عازەبانیم بیستووە ئەیفەرموو: لە بیارە لە خزمەتی شێخ نەجمودیندا کتێبێکم دی ناوی (خاطراتی مەولەوی) بوو گەلێ شتی بەسوودی لەبارەی مەولەوییەوە تیابوو. ئەبێ ئەم کتێبە فەوتابێ وا شوێنەواری لە هیچ لایەکەوە دیارنییە. هەروا بیستوومە حاجی سەید عەلیی مەلای (لۆن)، دیوانێکی مەولەویی لایە موناسبەتی دانانی پارچە شیعرەکانی تیا نووسراوە و لە ڕووی نوسخەی مەلا ئەسعەدی پایگەلان نووسیویەتەوە.

ئاخ، مەولەوی! خۆزگە بەو سۆز و عەشق و تێکوشینە لە ولاتێکدا ئەبووی هەرچیت ئەنووسی وەرئەگیراو لە چاپ ئەدرا، تا جیهانی کوردستان بەڵکو هەموو جیهانی موسوڵمانان بە تەئلیفات و ئاسار و ئەشعارت ڕووناك بووبوویایەتەوە و تا هەموو دنیا بیزانیایە بێشەی کوردستان چ جۆرە شێرێکی تێدا بووە و مزگەوتە بێ ئەوقاف و بێ نازەکانی زانای گەورە و بەرز و پیاوانی خاوەن بەهرەی ئەدەبیی چۆنیان پێ

گەیاندووە. لە شاعیرانا کەسانی وەك مەولەوی و مەلاخدری نالی و عەبدولڕەحمان بەگی سالم و مستەفا بەگی کوردی ومەلا موحەمەدی مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەلا مستەفای بێسارانی و صەیدیی هەورامی و وەلی دێوانە و موحەمەد ئاغای دەربند فەقەرە و خانای قوبادی و مەلکەی مرادوەیس و حاجی قادری کۆیی و مەلا عومەری ڕەنجووری و لە زانایاندا کەسانی وەك ئیبنولسەلاحی شارەزووری و کەمالودینی ئەربیلی و ئیبنولحاجیبی سندی و سەیفودینی ئامودی و فاضیل موحەمەد ئەفەندیی گۆرانی و ئیبنو خەلەکان و مەلا عەبدوڵڵای بیتووشی و کەسانی تریش پەروەردەی سووچی ئەم مزگەوتانە بوون.

هەربژی ناوی نامیی مەولەوی
لە ڕیزی سەعدی و جامی و دیهلەوی

بژین زانایان لە ڕووی جیهانا
لە زانای عیلمی مادی و مەعنەوی

حەشرمان بکا خودا بە کەرەم
لەژێر سای ئاڵای بەرزی نەبەوی

سەفەری مەولەوی بۆ ئەملا و ئەولا

مەولەوی زیاد لە ورده سەفەرەکانی بۆ دیدەنیکردنی دۆستان و برادەرانی لە تاوەگۆزی و جوانڕۆ و زەهاو، بۆ ناو عەشایری قوبادی و باوەجانی و وەڵەدبەگی و جاف و شەرەف بەیانی و بۆ شارەزوور و بۆ هەورامان بۆ زیارەتی شێخ سیراجودین و بەهائودین و بۆ سولەیمانی بۆ زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخ و بۆ سنە بۆ خزمەتی شێخ عەبدولقادری موهاجیر کە لەوێ مامۆستای بووە، چەند سەفەری تایبەتیی تریشی بووە کە ڕۆژگار پێویستی کردوون لەسەری. وا کورتەیەك باسی هەندێ لەو سەفەرانەی ئەنووسینەوە بۆ ئاگاداری و بۆ یادگار.

یەکێ لەو سەفەرانەی سەفەرێکیەتی بۆ سنە کە بە فەرمانی شێخ عوسمان سیراجودین بووە لە ١٢٧١ی هیجرەتدا لە خزمەتی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی و شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفای کوڕی شێخدا بۆ لای ئەمانوڵڵا خانی والیی کوڕی خوسرەوخانی ئەردەڵان کە لەقەبی(غوڵام شا خان) بووە. ئەم سەفەرە لە سەر داوا و

پێشنیهادی مەلایان و پیاوماقوولانی سنە بووە لای شێخ سیراجودین کە یەکێ لە کورەکانی لەگەڵ کۆمەڵێ لە مەلا گەورەکانا بنێرێ بۆ لای غولام شا خان ئامۆژگاریی بکەن بەڵکو لە بیرویاوەڕی شیعەیەتی پەشیمان ببێتەوە و بێتەوە سەر ئایینی خەڵکی کوردستان و ئەگەر هەر وازیش ناهێنێ، هیچ نەبێ واز لەوە بهێنێ کە حاجی کەریم خانی موجتەهیدی هەمەدانی بێنێ بۆ سنە و بە زۆر بەسەر خەڵکەکەیدا بسەپێنێ، تا شیعەیەتی لەناویانا بلاو بکاتەوە.

شێخیش، شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفای کوڕی و حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی و مەولەوی بۆ ئەم مەسەلەیە ئەنێرێ بۆ سنە. خەڵکی سنە پێشوازییەکی گەرم لەم میوانانە ئەکەن. ئەمانیش چەند ڕۆژ لە سنە ئەمێننەوە و لەم چەند ڕۆژەدا چەند جار چاویان بە غولام شا خان ئەکەوێ و گەلێ گفتوگۆی لەگەڵ ئەکەن، بەڵام هەمووی بێ سوود ئەبێ و غولام شا خان لەسەر حاڵی خۆی ئەمێنێتەوە و ئەمانیش ناچار بەدڵگرانییەوە ئەگەڕێنەوە بۆ هەورامان(٣).

سەفەرێکی تری مەولەوی بۆ سابڵاخ بووە کە ئێستە بە (مەهاباد) بەناووبانگە. مەولەوی لە ڕێی مەریوانەوە چووە بۆ ئەم سەفەرە و لە ڕێ لای زانای گەورە سەید حەسەنی چۆڕی لای داوە، کە ئەویش بە پشت ئەچێتەوە سەر مەلا ئەبووبەکری موصەنیفی باپیرە گەورەی مەولەوی.

بیستوومە مەولەوی لەم سەفەرەدا فەرەنجییەکی درێژی لە بەردابووە، لەوانە لەناو قوبادی و باوەجانیدا لە بەریان ئەکەن. لە مەلا ئەوڕەحمانی چۆڕیم بیستووە کە ژن برای سەید حەسەن بوو ئەیوت، مەولەوی لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێبوار و ماندوو بوو، شەوان پاش ئەوە کە میواندارەکانی بە جێیان ئەهێشت کەمێك ئەنووست، ئیتر پاشان هەڵئەسایەوە بۆ شەونوێژ و دوای ئەوە ڕووەو قیبلە دائەنیشت خەریکی ذیکر و فیکری خوا و بەجێهێنانی ئادابی تەریقەت ئەبوو و بەوجۆرە ڕۆژی ئەکردەوە.

مەولەوی کە ئەگاتە سابڵاخ مەلاکانی ئەوێ پێشوازییەکی گەرمی لێ ئەکەن، بەڵام تاقمی مالّی سەید نیظامی لەگەڵ ئەوەیش کە چۆڕی و خزمی مەولەوی بوون، گوێی

(٣) لە ئەنجامی ئەم مەسەلەیەدا هەرایەکی گەورە لە سنە قەوماوە کە بە (واقیعاتی کاروانسەرا) بەناووبانگە و چەند کەسی تیا کوژراوە. لە باسی (دۆستانی مەولەوی)دا ئەگەڕێنەوە بۆ ئەم مەسەلەیە.

نـادەنـێ، تـا سەرەنجام بـە هـۆی یـەکتـردیتن و گـۆڕگرتن لـە مـوناقـەشاتـی عیلمیـی مەولەوییەوە لە پایە و ڕێ و شوێنی ئەگەن و بـانگی ئەکەن بۆ مـاڵی خۆیـان و قـەدر و حورمـەتی ئـەگرن.

سەفەرێکی تری مـەولەوی بۆ کەرکووك بووە لـە سـەردەمی ژیـانی شێخ عەبدولڕەحمـانی خـالصیی تـاڵەبانیدا. مـەولـەوی ئـەم سـەفـەرەی لـە زەمـانی شێخ عوسمـان سیراجودینـدا کردووە. شێخ عـەبدوڕەحمـانی تـاڵەبـانی لـەم سـەفـەرەی مـەولـەویدا زۆری حورمـەت گرتووە. بـیستـوومـە مـەولـەوی بـە شەو گـەیشتـووەتـە کـەرکـووك و یـەکسـەر چـووە بـۆ لای شێخ عەبدوڕەحمـان و دیویە هـەرچـەند خـەڵك هـەموو نووستوون ئـەو بـەخـەبـەرە و خـەریکی عیبـادەتـە، ئـەم بـەیتـەی بـەسـەرا ئـەخوێنێتـەوە:

شەوەن، خـەڵـوەتـەن، مـاڵ بـێ ئـەغیـارەن
ئـاڵـەم گـرد وتـەن، دۆس خـەبـەردارەن

ئـەویش بـەم بـەیتـە وەڵامی ئـەداتـەوە:

نـیـازم نـاڵـەن بـەی کـەڵـپـۆسـەوە
شەو نـــــــاڵین وەشەن وە لای دۆسـەوە

مـەولـەوی لـەم سـەفـەرەدا مـاوەیـەك لـە تـەکیە ئـەمێنێتـەوە، جـا ئـەگـەڕێتـەوە.

سـەفـەرێکـی تـریشی هـەروا بـۆ کـەرکـووك بـووە، بـەڵام پـاش کـۆچـی دواییـی شێخ سیراجودین و شێخ عەبدولڕەحمـانی تـاڵەبـانی و لـەسـەردەمـی شێخ بـەهـائـودین و شێخ عەلیی تـاڵەبـانیدا. بـرادەرێك لـە زمـانی سـەید موحـەمـەدی کوڕەزای مـەولـەوییـەوە بـۆی گێڕاومـەتـەوە کـەوا ئـەم چـوونـەی مـەولـەوی بـۆ کـەرکـووك جـۆرە تـۆرانێك بـووە لـەبـەر دڵ عـاجزی، هـەرچـەند نـەیئـەزانی هـۆی ئـەم دڵ عـاجزییـەی چی بـووە.

مـەولـەوی لـەم سـەفـەرەیدا چـەند مـانگێك لـە کـەرکـووك ئـەمێنێتـەوە، پـاشـان بـە فـەرمـانی شێخ بـەهـائـودیـن، شێخ ضیـائـودیـنـی بـرای لـەگـەڵ چـەند سواریك ئـەچـن بـۆ لای بـۆ کـەرکـووك بـەڵکو ئـاشتی بکـەنـەوە و بیهێننـەوە، بـەڵام مـەولـەوی بـە گوێیـان نـاکـا. پـاش ئـەوەی ئـەوان سوار ئـەبـن و ئـەکـەونـە ڕێ بگـەڕێنـەوە بـە دوو سێ سـەعـاتێك، مـەولـەوی ئـەکـەوێتـە حـاڵێکـی نـاتـەبـیعـیی وەك جـەزبـەوە. شێخ عـەلـی بـەوە ئـەزانـێ پـێی ئـەڵـێ: مـەولـەوی! وا ئـەزانم ئـارەزوت لێیە بگـەڕێیتـەوە؟ چـەند سواریك ئـەخـاتـە تـەکی، لـەگـەڵی ئـەڕۆن تـا ئـەگـەنـەوە بـە شێخ ضیـائـودیـنـدا، مـەولـەوی لـەگـەڵ ئـەوان ئـەگـەڕێتـەوە و

سوارەکانیش ئەگەڕێنەوە دواوە بۆ کەرکووک.

هەروا بیستوومە لە زمانی سەید موحەمەدەوە گێڕاوپانەتەوە مەولەوی ئەو پارچە شیعرەی کە بەم بەیتە دەس پێ ئەکا:

وەخـــیـــلافـــەوەن، یـــاران سەرمـــەس
تـەقـازای زاتـیـی تـەبـعـم هـەرچـی هـەس

بە هۆی ئەو تەبیعەت تێکچوونەیەوە وتوویەتی، کە ئەوەبووە قسەی شێخ بەهائودینی شکاندووە و شێخ ضیائودینی هەروا گێڕاوەتەوە، پاشان ئەو حاڵەتە دەروونییە تونەی بەسەرا هاتووە و ئەو پارچە شیعرەی وتووە و لەگەڵ پیاوەکانی شێخ عەلیدا کەوتووەتەڕێ تا گەیشتووەتەوە بە شێخ ضیائودین و لەگەڵی گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان(٤).

سەفەرێکی تری مەولەوی بە نیازی حەج بووە. لەم سەفەرەیدا تا بەغدا دێ. پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە بەغدا هاورێکەی ڕێی کە لەگەڵی هاتووە لە ڕێدا خزمەتی بکا و هەرچی پارەی مەسرەفی ڕێیان بووە لای ئەو بووە، هەڵدێ و پارەکەیش ئەدزێ و لەگەڵ خۆی ئەیبا و ئەگەڕێتەوە بۆ تاوەگۆزی و لەناو هۆزدا بڵاوی ئەکاتەوە کەوا مەولەوی لە بەغدا مردووە و کوڕەکانی پرسەی بۆ دائەنێن. مەولەوییش کە بێکەس و بێ مەسرەف ئەمێنێتەوە، ناچار ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵ. کە ئەگاتە بەرەوە ئەبینێ هاورێکەی لەوێیە و خزم و عەشیرەت هەموو بە هۆی هەواڵی درۆی مردنی ئەوەوە کە ئەو کابرا پێی گەیاندبوون، پەڕێشانن، بەڵام ئەم لە جیاتیی ئەوەی لۆمە و سەرزەنشتی کابرا بکا پێی ئەڵێ بەخوا قەسەم بمزانیایە هاتوویتەوە بۆ ئێرە، تا تۆ لەم وڵاتەدا بوایەی پێم تێ نەئەنا، بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبی(٥).

وتمان مەولەوی زۆر جار بۆ زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ عەبدولقادری

---

(٤) لە دیوانی مەولەویدا وتوومانە مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە وەڵامی نامەیەکی شێخ سیراجودیندا وتووە. ئەگەر ئەمەی بە زمانی سەید موحەمەدی کوڕەزای مەولەوییەوە گێڕاوەتەوە، ڕاست بێ، ئەبێ ئەوەی ئەوی هەڵەبێ. بەڵام تێکڕا بە پارچە شیعرەکەدا دیارە کە نامەیەك لە مەیدانایە و مادەم ئەمی سەید موحەمەد گێڕاویەتەوە ڕاست بێ، ئەبێ نامەکە هیی شێخ بەهائودین بووبێ و بە شێخ ضیائودیندا بۆی ناردبێ.

(٥) ئەبێ ئەم کابرا کابرایەکی بێگانە لە هۆز و عەشیرەتی مەولەوی بووبێ، چونکە پیاوی عەشیرەت ڕووی نایە کاری وا ناپیاوانە بکا و بشگەڕێتەوە ناوی عەشیرەت.

موهاجیری مامۆستای چووه بۆ سولەیمانی. لە یەکێ لەم سەفەرانەیدا، کاك ئەحمەد پێی ئەڵێ مەولەوی ئامۆژگارییەکم بکە. مەولەوییش وەڵامی ناداتەوە. کاك ئەحمەد بۆ جاری سێیەمیش داوای لێ ئەکاتەوە، ئەم جارە مەولەوی ئەڵێ: لە جاری یەکەمدا کە پێت وتم، تەماشام کرد هیچ واجب و سوننەتێك نییە تۆ تەرکت کردبن و من عەرزت بکەم، بیکە. لە جاری دووەمیشدا تەماشام کرد هیچ حەرام و مەکرووهێك نییە کردبێتنت، تا پێت بڵێم تەرکیان بکە. ئێستا هەر ئەوەندەت عەرز ئەکەم شەیتان خۆی ملاس داوە بۆت، ئاگات لە خۆت بێ تەفرەت نەدا و لە خۆتت بایی نەکا. جا کاك ئەحمەد گەلێ فرمێسك بە چاویا دێتە خوار.

خوالێخۆشبوو سەید ئەحمەدی عازەبانی بۆی گێڕامەوە وتی: سەید حەسەنی موفتی داوای حەبیبە خانی کچی شێخ عەلیی عەبابەیلێ ئەکا و ئەیدەنێ. جا کە لە سولەیمانییەوە ئەڕۆن بۆ عەبابەیلێ بەشوێن بووکدا، شێخ عەلیی باوکی بووك بە مەولەوی ئەڵێ مەولەوی من کەسم نییە لەگەڵ حەبیبە بینێرم بۆ سولەیمانی و لە تۆ مەحرەمتر نییە بە مااڵی ئێمە، لەگەڵی بڕۆ، ئەویش لەگەڵ بووك ئەڕوا.

لە ڕێگادا بە عادەتی برازاوا دەست ئەکەن بە گۆرانی وتن. یەکێ لەو کۆمەڵە کە ناوی (حەمەی ئامین) بووە، دەنگی زۆر خۆش بووە. دەس ئەکا بە (قەتار) و (ئای ئای) وتن بە شیعری مەولەوییەوە. مەولەوی بە سواریی ولاخەوە لەبەر خۆشیی دەنگی حەمەی ئامین جەزبە ئەیگرێ و بە جۆرێ لە حاڵی تەبیعی دەر ئەچێ ئەکەوێتە خوارەوە. خەڵکەکە دائەبەزن و ڕاستی ئەکەنەوە و سواری ولاخەکەی ئەکەنەوە و لە حەمەی ئامینیش تووڕە ئەبن ئەڵێن خەتای تۆ بوو وا مەولەوی کەوتە خوارەوە. حەمەی ئامینیش دێ بەالی مەولەوییەوە پێی ئەڵێ قوربان بۆچی وات پێ هات، خو من هەر شیعرەکانی خۆتم ئەخوێندەوە؟ ئەویش ئەڵێ کوڕە کەی شیعری من ئەوەندە خۆش و بە تەئسیرە؟ بەخوا خەتای ئاوازەکەی تۆ بوو.

پێوەندیی ڕۆحیی مەولەوی

سەرەتای پێوەندیی ڕۆحیی مەولەوی، وەك مەنسوبێکی تەریقەتی نەقشبەندی، بە شێخ عوسمان سیراجودینەوە بووە. پاش کۆچی دواییی ئەو بووە بە مەنسوبی شێخ موحەمەد بەهائودینی کوڕی و زۆری باوەڕ پێ بووە و بە (ئاینەی کامڵ) واتە ئاوینەی

تەواوو پێگەیشتوو ناوی بردووە، واتە هەموو سیفەتە بەرزەکانی باوکی ڕەنگیان لەمیشا داوەتەوە.

مەولەوی بە نامەی بەرز و شیعری پڕ سۆز هەستی پاکوخاوێنی خۆی بەرابەر بەم دوو ذاتە هەمیشە دەربڕیوە. لێرەدا بۆ نموونە ئەو پارچە شیعرەی ئەنووسینەوە کە بەبۆنەی هاتنەوەی شێخ بەهائودینەوە لە سەفەری حەج دای ناوە و بۆی ناردووە:

ئـایـنـەی کـامـڵ! ئـازیـزەکـەی فـەرد!
فـیـدای ئـامـات بم صەفـایـیت ئـاوەرد!

خـەیـاڵـێن گـەرد پـات نـە دیـدەم دوور بـێ
یـانـەی چـەم وێران تـەمـام خـاپـوور بـێ

خـاس بـێ تـەشریـفت هـەم ئـاوەردەوە
گـەرد پـات وەتـەن ئـاواکـەردەوە

ساقـی، ئـیـنـە بـەزم وەصڵ یـارانـەن
چـەرخـیـچ هـەر ئـەو چـەرخ هـەردە جـارانـەن

دەورێ دەر وە بـەزم وە پـیـاڵـەوە
ژەنگ دڵ وە زاخ مـەی بماڵـەوە

جـامـێمـان جـە دەس تـۆ هـەم سەنـدەبـۆ
فـرسەتـەن نـصیـو نـەك نـەمـەنـدە بـۆ(٦)

چەردەیەك لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتیی مەولەوییەوە

لـەگـەڵ ئـەوەشدا کـە مـەولـەوی لـەبـارەی ئـابـووریـیـەوە هـەرگـیز ژیـانێکی خـۆشی ڕانەبواردووە، هەرگیز ئامادە نەبووە لە پێناوی ژیانی دنیادا دەس لە عیزەتی نەفسی خـۆی هـەڵـگـرێ. لـە نـامـەکـانـی مـەولـەویدا کە دەسگیرمـان بـوون و هـەروەهـا لـەو دەنگوباسانەیەوە کە دەم بە دەم ئەگێڕرێنەوە، بۆمان دەرئەکەوی کە زۆر جاریش

(٦) لە دیوانی مەولەویدا نووسیومە کەوا مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە پێشوازی لێکردنی شێخ بەهائودیندا وتووە کە چووە بۆ سەرلێدانی، بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت ئەوە هەڵەیە و بەبۆنەی هاتنەوەی شێخەوە لە سەفەری حەج داینـاوە.

فەرمانڕەوایانی ناوخۆی ناوچەکە بەو جۆرەی کە شایانی کەسێکی وەک مەولەوی بێ لەگەڵی نەجوولاونەتەوە و قەدریان نەزانیوە. کەچی فەرمانڕەوایانی قاجاری و ئەردەڵانی گەلێ جار بانگیان کردووەتە لای خۆیان و دێهات و مواڵکیان داوەتێ، بەڵام ئەو ئەو قوبووڵی نەکردووە و هەرگیز نەیویستوە خزم و کەسوکارەکانی و ناوچەی کڕێنی تاوەگۆزی بەجێ بهێڵێ و بە مواڵکی دنیای نەگۆڕیونەتەوە. بۆ نموونە فەرهاد میرزای مامی ناصرودین شا داوای لێ کردووە بڕوا بۆ ئێران و هەر مواڵکێ دڵی ئەیگرێ هەڵی بژێرێ بۆ خۆی. غولام شا خانی ئەردەڵانیش داوای لێ کردووە بچێ بۆ ناوچەی سنە و دێی (زەلان) وەربگرێ بۆ خۆی، بەڵام مەولەوی هەر ئەوەی پێ باش بووە هەر چۆن بووە لە (سەرشاتە) کڕێنەکەی خۆی بمێنێتەوە. مەولەوی تا ساڵی ۱۲۹۳ی هیجری، واتە تا دەساڵ پاش کۆچی دواییی شێخ سیراجودین، بێ دەرد و مەینەت ڕای بواردووە، بەڵام لەو ساڵەوە ئیتر کەوتووەتە بەر تیری گەردوون. مردنی عەنبەر خاتوونی ژنی و پاش ئەوە کوێربوونی خۆی و ئەنجا سووتانی ماڵەکەی کە کتێبخانەکەشی تیا سووتاوە و پاشتر کۆچی دواییی شێخی بەهائودین و ئەو کەلێنەڕۆحییە گەورەیەی بەو ڕووداوە کەوتووەتە ژیانی و پاش ئەوانەش لە وڵاخ کەوتنەخوار و پشت شکانی، هەموو ئەمانە دوا ساڵەکانی ژیانیان لێ تاڵ کردووە و ئیتر تا سەری یەکجاریی ناوەتەوە بەدەم دەرد و ئازاری دڵ و دەروونەوە تلاوەتەوە.

خێزان و منداڵی مەولەوی

ئەوەی لە پاشماوەی بنەماڵەی مەولەویمان بیستووە ئەوەیە کە مەولەوی تاقە ژنێکی هێناوە و ئەو ژنەیش (عەنبەر خاتوون)ی خوشکی (ئەکرەم) ناوی ئەفغانی بووە کە یەکێ بووە لە چەند ئەفغانی لە وڵاتی خۆیانەوە کۆچیان کردووە بۆ کوردستانی بابان و لە پەنای پاشای بابانا خۆیان گرتووەتەوە. لە ناو ئەمانەدا ئەکرەم زۆر دیار و سەربەدەرەوە بووە. مەولەوی عومرێکی باش و خۆش و پڕ خۆشەویستیی لەگەڵ عەنبەر خاتوون بەسەر بردووە. ئەمەش بەوەدا دەرئەکەوێ کە بە مردنی عەنبەر خاتوون دنیا لە پێش چاوی مەولەویدا تاریك بووە و گەلێ پارچە شیعری ناسکی پڕسۆزی لە لاواندنەوەیا وتووە کە بەرزترین نموونەی شیعری خۆشەویستی و لاواندنەوەن لە ئەدەبی کوردیدا.

مەولەوی لە عەنبەر خاتوون چەند کوڕ و کچی بووە. کوڕەکانی ئەمانەن:

(١) سەید موحەمەد کە گەورە بووە و ژنی هێناوە، بەڵام لە ژیانی مەولەوی خۆیدا بە گەنجی مردووە و لە دێی (گوندە) بە خاك سپێرراوە. ئەگێڕنەوە لە کاتی نەخۆشیی مردنی ئەم کوڕەی مەولەویدا، باوکی لە تەوێڵە بووە لای شێخ سیراجودین. ئەنێرن بەدوایا بگەڕێتەوە. کە دێتەوە لەپشت دێی(عەنەب)ەوە دەس ئەکا بە گریان. لێی ئەپرسن بۆچی ئەگری؟ ئەویش ئەڵێ چۆن نەگریم ! حەزرەتی یەعقووب بۆنی کراسەکەی یوسفی کوڕی بە لووتا هات پێی شادمان بوو، من بۆنی کفنی موحەمەدیکوڕم دێتە لووت و دڵم ئەبرژێ ! کە ئەگاتەوە ماڵ ئەبینێ موحەمەدی کوڕی مردوە و شۆڕراوە و پێچراوە لە کفنەکەی و چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکینی. ئەم سەید موحەمەدە تاقە کوڕێکی بووە کە ناوی موحەمەد سەعید بووە و وەچەی لێ کەوتووەتەوە.

(٢) شێخ موحەمەد کە ئەمیش گەورە بووە و ژنی هێناوە، بەڵام بە گەنجی مردووە و کوڕێکی لێ بە جێ ماوە کە ناوی عەلی بووە. ئەمیش هەروا وەچەی لێ کەوتووەتەوە.

(٣) سەید عەبدوڵڵا کە زۆر ژیاوە و چەندین ژنی هێناوە و گەلێ وەچەی لێ کەوتووەتەوە.

(٤) هیدایەت کە بە گەنجی بەر لە ژن هێنان مردووە. بیستوومە شێخ بەهائودین بە بۆنەی مردنی ئەم کوڕەوە چووە بۆ دڵدانەوەی مەولەوی و سەرخۆشی لێکردنی. مەولەوی بەم هاتنەی شێخ ئەوەندە شادمان بووە، وتوویە خۆزگە چەند کوڕم ئەبوو یەك لەپاش یەك ئەمردن بە مەرجێ تۆ بۆ پرسەی هەرکامیان بەم جۆرە ئەهاتی بۆ لام.

نەوەی مەولەوی هەموو ئینسانی ڕەوشت بەرز و بەشەرەف بوون و تێکەڵییان لەگەڵ بنەماڵەی شێخ سیراجودین بووە و هاتوچۆی شێخ ضیائودینیشان کردووە، تەنانەت ئەوەندە لەگەڵ ماڵی شێخ تێکەڵ بوون هەرچەندە هاتوونەتە بیارە ئەوەندە خۆیی بوون و ئەوەندە ماونەتەوە، زۆر کەسی نەشارەزا وایان زانیوە کوڕانی شێخن لە دەرەوە هاتوونەتەوە بۆ ماڵی باوکیان. ئەمانە زۆر بە قەناعەت و بوردەباری لە دێهاتی عەشرەتی خۆیانا، وەك(مۆرتکە) و (زارێن) و(سەرشاتە) ڕایان بواردووە، لەگەڵ ئەوەش

هەمیشە میوانیان بووە و خەڵك لایان داوەتە لایان و مااڵیان وەك کاروانسەرا بووە، بۆ ڕێبوارانی ئەوە ناوچەیە.

دۆستانی مەولەوی

کەسێکی ئەدیب و نوکتەزان و سۆفی و مەلای گەورەی وەك مەولەوی، لە ماوەی هەشتا ساڵی ژیانیا بە تەبیعەتی حاڵ ئەبێ دۆست و برادەرێکی زۆری بووبێ. ئێمە لێرەدا باسی هەندێ لە بەناووبانگەکانی ئەوانە ئەنووسینەوە.

یەکێ لەو دۆستانەی مەولەوی ئەحمەد پاشای[٧] کوڕی سولەیمان پاشای بابانە کە هەر لە سەردەمی فەقێیەتیی مەولەوییەوە دۆستی بووە و پێشتریش باسێکم گێڕایەوە کە پاش ئیجازە وەرگرتنی مەولەوی سەیرانێکی بۆ ڕێك خستووە بۆ سەرچنار.

یەکێکی تر لە دۆستانی مەولەوی موحەمەد پاشای جاف بووە کە سەرۆکی هەموو خێڵی جاف بووە. پاشان خوا یار بێ ئەو نامە بێ نوختەیە ئەنووسینەوە کە مەولەوی بۆی نووسیوە.

یەکێکی تر لە دۆستانی مەولەوی مەحموود پاشای جاف و یەکێکی تریان عوسمان پاشای برای مەحموود پاشا بووە.

دۆستێکی تری مەحموود بەگی خزمی مەحموود پاشا بووە کە زۆر دۆستی بووە و بە شیعر و پەخشان نامە لەبەینیانا هاتووە و چووە. یەکێ لەو نامانە ئەم پارچە شیعرەیە کە ئەم مەحموود بەگە بۆ مەولەویی ناردووە:

---

(٧) ئەحمەد پاشا خۆیشی لە عولوومی دینیدا پایەبەرز بووە. من خۆم نوسخەیەك کتێبی کەمالی شەرحی شافیەم لەلایەن مامۆستام شێخ عومەری (ئیبنولقەرەداغی)یەوە دەسگیر بوو لە ئاخریەوە نووسرابوو بە دەستی ئەحمەدی کوڕی سولەیمانی بابان نووسراوەتەوە و ساڵی نووسینەوەکەی بە هیجری و میلادی و عیبری و قیبطی دیاری کردبوو بەداخەوە پاشان ئەم کتێبەم لەدەست دەرچوو.

لە سەردەمی تەدریس کردنیشما لە نێرگسەجارِ لە ١٣٤٤ی هیجرەتدا لاپەڕەی یەکەمی کتێبێکی تەفسیری بەیضاویم لە ناو کتێبەکانی کتێبخانەی مەدرەسەی نێرگسەجارِدا دی بە خەتی ئەحمەد پاشای بابان لێی نووسرابوو ئەم تەفسیری بەیضاوییەم وەقف کرد لە سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی. دیارە کتێبەکە پاش مردنی مەولەوی کەوتووەتە ئەوێ و بە دەستی فەقێوە دڕاوە و هەر ئەو پەڕەیەی ماوە.

شمـــالا عـــمـــر افـــزای و جـــان بـــخش
کـــه هستـــی چـــون دم عـیسی روان بـخش

سیـــه ابـــر از تـــو چـــون سیـــمـــاب گـــردد
ز فـــــرت کـــــوه بـــــرفین آب گـــــردد

کـــــه دارم عـــــرضه‌ای ای دلـــنـــوازم
تحمـــل کـــن کـــه بـــنـــده عـــرض سازم

مـــهـــمـــی هست مـــا را از شمـــیـــران
ز روی لـــــطـــــف آنجا اسب مـــیـــران

مـــترس آنجا اگـــرچـــه جـــای بـــیـــم است
مـــقـــام مـــرشدم مـــولـــی (رحـــیـــم)است

ز آشوب زمـــــان و چـــــرخ غـــــدار
ز شومـــــی (عـــــمـــــر پـــــاشای سردار)

یـــزیـــد ثـــانـــی آن سردار افـــخـــم
ولایت شد ز بـــیـــدادش پـــر از غـــم

(اذلّـــــه) را نموده اهـــــل عـــــزت
کـــه مـــولای مـــن از او کـــرده هـــجـــرت

(چـرستـانـه) بـزد آتش بـــه یك بـــار
گـــزیـــده جـــای خـــود دامـــان کـــهسار

مـــیـــان (قـــلـــعـــه) و دشت(ولـــوبـــر)
سیـــا چـــادر زده چـــادر بـــه‌چـــادر

ورا(عـثـمـان خـالـه) و (کـاکـه یـونس)
نـــدیمان یمین هستـــنـــد و مـــونس

یسارش را (خضر بگ) با (فتاح) است
بـــه هـــمـــراهـــیش آنـــهـــا ذوجـــنـــاح است

شرفیاب حضورش باش از من
تو از من دست آویزش به دامن

ز حال بنده میپرسد که چون است
بگو دیدم که در گرداب خون است

که ازخیل مهین بانوی أرمن
لرستان را قدیمه کرده موطن

ز قصر از بیم شیرویه گریزان
به (مخمل کو) شدند افتان و خیزان

یکی مه پاره ای از نسل شیرین
بت شکر شکن بازوی رنگین

رخش ماه دو هفته کرده محبوس
لقب شیرین ثانی نام طاووس

پی تفریح قلب و خواهش دل
سرای میر ما را کرده منزل

نه بتواند قلم وصفش نوشتن
به خود دارد همی بیم شکستن

مه دو هفته در وی دید ناگاه
مقابل چون نشد با روی آن ماه

اشارت کرد تار هر دو گیسو
مه دو هفته را آرند بر رو

خبردار است البت سرور ما
ز حبس ماه وحکم دلبر ما

خرامان رفت روزی سوی صحرا
شود سر سبز ازو گلهای حمرا

ز (شیـروان تـپـه) تـا دامـان (شاکـل)
گـــروه آهـــوان بـــد گـــلّـــه در گـــل

نـــظـــر افـــتـــادشان بـــر چشم جـــادو
ســـراســـر چـــشـــم آهـــــــو گشت آهو

غـزالان جـمـلـه صف صف ایستـادنـد
اطـاعت را هـمـه گـردن نـهـادنـد

مـن مـهـجـور طـاقت رفـتـه از دست
ربـــوده جـــان و دل آن نـــرگس مست

گـریـزان گشتـه عـقـل و هـوش هـر سو
مـــعـــلـــق روح مـــانـــده دست زانـــو

ولـــی او از بـــدن کـــرده کـــنـــاره
بـفـرمـا، سرورا، تـا چـیست چـاره؟!

بـۆ ڕۆشنـکـردنـەوەی مـەبـەست لـەم پـارچـە شیـعـرە، ئـەڵـێین کـەوا مـەولـەوی، وەك پێشتریش باسمان کرد، پاش ئیجازە وەرگرتنی هاتووە لە دێی چروستانەی نزیك هـەڵـەبجـە دانیشتووە و مـاڵـی مـوحـەمـەد پـاشای جـاف و خزمـانیشی لـە هـەڵـەبجـە و دەوروپشتی هـەڵـەبجـە بوون و گـەلی جار هـاتوون بۆ دیدەنیی مـەولـەوی و مـەولـەوییش سـەری لـەوان داوە. لـەو سـەردەمـەدا دەوڵـەتی عوسمـانی ئـەیـەوێ چـەك لـە مـوحـەمـەد پـاشا و خێڵـەکـەی وەربگرێ و بێ چـەکیان بکا، بـەم نیـازە (عومـەر پـاشای سـەردار) بـە سوپـاوە ئـەنێرێتـە سـەریـان. ئـەوانیش نـاچـار ئـەبن شارەزوور بـە جـێ دێڵـن و ئـەگوێزنـەوە بۆ ئـەو چیـایانـەی بنـار.

مـەولـەوییش کـە مـاڵـی لـە چروستانـە ئـەبـێ بـار ئـەکـا ئـەچـێ بۆ پشتی کانی کـەوەی شـەمێران و لـە شوێنێکدا کـە نـاوی (ولّبـەر)ە نیشتـەجـێ ئـەبـێ. عومـەر پـاشایش گـەلـێ لـە دێهـاتی شـارەزوور ئـەسـووتێنـێ کـە هـیی دەستـە و دائیـرەی مـوحـەمـەد پـاشا ئـەبن و چروستانـەیش یـەکـێ ئـەبـێ لـەو دێهـاتانـە. ئـەم کـارەسـاتـە لـە ١٢٧٦ی هـیجـرەتدا ڕووی داوە. عـومـەر پـاشا کـە سـەرنـاکـەوێ بـە مـەرامـی خـۆی بـگـا و عـەشایـری جـاف چـەك دامـاڵـراو بـکـا و مـوحـەمـەد پـاشا بـگـرێ، ئـەگـەڕێتـەوە بـۆ مـووسـل. بـەگـزادە و خـەڵـکـی

کۆچکردوویش ئەگەڕێنەوە بۆ ئەم بەری سیروان و لەم کاتەدا موحەمەد پاشایش زەماوەند بۆ مەحموود پاشای کوڕی ئەکا و ژنێکی دەنگخۆشی (تاوس) ناو لەو زەماوەندەدا گۆرانی ئەڵێ، ئەو سەردەمە هێشتا مااڵی مەولەوی هەر لەوبەرەوە بووە و هێ شتا نەگەڕاوەتەوە بۆ چروستانە خانوو لەوێ بۆ خۆی دروست بکاتەوە و لەگەڵ موحەمەد پاشای دۆستی بەیەك بگەنەوە.

مەحموود بەگ ئەم پارچە شیعرەی لەم بارەوە بۆ مەولەوی نووسیوە و لە سەرەتایەوە باسی ئاژاوەی عومەر پاشای سەردار و سووتاندنی چروستانە و بارکردنی مەولەوی لەگەڵ خەڵکی دەوروبەردا بۆ شەمێران و دەوار هەڵدانیان لە (ولّبەر) ئەکا. پاشانیش دێتە سەر باسی زەماوەندەکە و گۆرانی وتنی تاوس و جوانیی ئەم تاوس ناوە. دیارە مەولەوییش وەاڵمی ئەم نامەیەی داوەتەوە و ئەبێ بە پارچە شیعرێکی جوانی– دوور نییە پڕ لە هەستی نەتەوەیی و داکۆکیکردن لە وڵاتیش وەاڵمی دابێتەوە، بەاڵم سەد داخ ئێمە تا ئێستا ئەم وەاڵمەیمان دەسگیر نەبووە و ئاگادار نین ئەبێ لە کوێ و الی کێ بێ!

دوانی تر لە دۆستانی مەولەوی ڕەزاقولی خان و غوڵام شا خانی کوڕانی خوسرەو خانی کوڕی ئەمانوڵڵا خانی ئەردەاڵنن(٨).

(٨) ڕەزاقولی خان و غوڵام شا خان ئەدیب و بنووس بوون، بەتایبەتی غوڵام شاخانیان ئەدیب و شاعیرێکی بەرز بووە و شیعری بە دیالێکتی گۆران وتووە و لێرەدا چەند پارچە شیعری بااڵو ئەکەینەوە:

١

مـیـرزام زام حـەی... مـیـرزام زام حـەی..
دانـــایـــان دەور، دانش کـــەردە تـــەی...

ئـەفـاتـوون فـامـان، حـەکـیـمـان حـەی
پـــەی ئـــازار دڵ نـــیشان دان دوو بـــەی

هـــۆرێزام دەردەم شاران کـــەردم تـــەی
نـاگـا دیـم دوو بـەی نـە سەر شاخـەی نـەی

بـــەی چ بـــەی؟ ئـەمـەر نـەونـەمـام نـەی
خۆاڵسە و خۆش بۆ، خۆش مەزە چۆن مەی =

مەولەوی لە ماوەی بوونی دووەم جاریا لە سنە بۆ خوێندن لە مزگەوتی

= نە فەوق بەیدا جفتێ سیا حەی
موستەحفیظ مدران نە دەوران بەی
تەواسیامەوە، مەخفی بیم جە حەی
تەرسام، نەبەردم دەس پەی بنەی بەی
مەر هەم بای شەماڵ یاوۆ پەی پەی
جە هەم جیا کا حەی و بەی و نەی
وەرنە ئەی طیفلە طیفل ئاسای خودڕەی
پەنجە مەپێکۆ نە قولابەی بەی
حەی و بەی و نەی جەرگم کەردەن پەی
زیندەگیم پەی چی؟ وەی وە یانەم وەی!
قەومان و خوێشان کێ دییەن، کێ، کەی؟
بەی میوەی نەی بۆ، حەی نە دەور بەی؟
گێسوو چون عەقرەب پێچ پێچەن چون حەی
لوولەن چوون لاولاو پای نەمام نەی
بە حوکم قادر عەلا کوللی شەی
وە بەیان بەیان مەقسەد کردم تەی
(غولام) بە شق ئەو شا لامەکان کەرد تەی
بێ دەرس، عولووم حاسڵ بییەش پەی
وەس بشۆ نە فیکر ئینتیظار بەی
سەودای بەی رەنگت زەرد کەرۆ چون خوەی

۲

ڕاس دڵ مەیژە (والی) ئەر شا بێ
واجبە بۆ دز پا لە حاشا بێ
بەڵ ئەمە خوداس حەپس تەقدیر بێ
دەس وە دوو شاخەی زوڵف زنجیر بێ =

= حـوسن بـێ پـایـان زوڵـف پـەریشان
زنجیـرەکـەی دڵ، تـازیـانـەکـەی گـیـان
زوڵـف و کـاکـۆڵـی دوو دەرد تـەوئـەم
ئەم عوقدەی موشکوڵ، ئەو بەند مەحکەم
شێت بـە بـەو زنجیـر، بـەو دەشت و دەردا
ئـەمـجـار نـۆبـەتـە بـدەی وەسەردا
سەرتـا پـام قـوربـان پـا تـا سەرت بـێ
دەوڵـەتـەکـەی حـوسن هـەرتـا سەرت بـێ
لـەو بـادە بـدە ساقـیـی بـێ مـیـژال
ذەوقێ وەك هیجران، شەوقێ وەك ویصال
فـاریـغ کـا لـە قـەیـد سوود و زیـانم
نـە سوود و زیـان حـەتـتـا نـەزانم
مـەستـم یـا هـوشیـار، بـێدارم یـا خـەو
یـارم یـا ئـەغـیـار، مـن مـنـم یـا ئـەو
ئـەرزانـی بـێ مـیسر بـە عـەزیـزەکـەی
خـەلاص بـیـم نـە دەس تـۆرە حـیـزەکـەی
یـارەب بـە یـەعـقـووب یـۆسف وە سەبـرێ
حـەقـم بسێنـی، حـەقـۆسێن نـەمـرێ
بـە یـەکـێ وەك خـۆی دەسەویـەخـەی کـا
نـیـمـە شەو دوچـار چـغـە چـغـەی کـا
وەك چـاو ئـێشەدار ئـێش و گـلـی بـێ
ئـەمـجـارە نـۆبـەی تـلاوتـلـی بـێ
بـە دەرد عـیشقـۆ دەوا دەوا کـا
بـدا وەسەردا، خـودا خـودا کـا

٣

مـادە مـوستـەعـیـد وەقت نـەشتـەرە
وەلـێکین خـۆفـێ سەختـم لـەبـەرە =

و نوکتەی خۆشیان لەنێواندا وتراوە. ئەگێڕنەوە جارێکیان ڕەزاقولی خان بە مەولەوی

= سەراپام مەملوو لە مەیل لەیلە
وجوودم نە جام حەیات کەیلە
فەساد بێ خەبەر نەکەین و بەینێ
ئێش نێش وە مەیل لەیلێ نەگەینێ
لەو وەختە نەفەس کەوتە شومارە
دیدە وە حەسرەت نیگای دووبارە
نالەی بوڵبوڵێ بۆ لائوبالی
(والی) نە بوڵبوڵ خاستر دەنالێ
وەڵڵاهی صیدقە ئەوقاتت تاڵە
مصیبەت زەدەی، حاڵت بەد حاڵە
لەو زەخمە دەرهات وە بن گوێچکیدا
دەرچوو، خاس دەرچوو، وەلای دۆچکیدا
ئەگەر وەك جاران ئەیتلێنێتەو
قەدرێ وەئەدەب نەیکولێنێتەو
لەبەر ئێش و نێش خدێم زاریە
زەخم (ئەورام) ان خەیلێ کاریە
لەو حاڵەتەیشدا فەرامۆش نەبووی
ئافەرین (والی) بازی گۆش نە بووی
ثابیت قەدەم بووی، دڵ دڵە نەبووی
سیر نیگادێر بووی، دەم هەڵە نەبووی
مووونیس و ئەنیس شەو تارم بووی
گاهـ گوڵ، گاهـ بوڵبوڵ، گاهی خارم بووی(*) =

(*) ئەم سێ پارچە شیعرەم لە ڕووی کەشکۆڵەکەی خوالێخۆش بوو مەحموود پاشای جاف نووسیوەتەوە، لەوێ تەنیا لە پارچەی یەکەمیان نووسرابوو هیی (غولام شاخان)ە لەو دووانەکەیان نووسرابوو هیی (والی)ن، بەڵام وا مەشهوورە (والی) نازناوی شیعریی غولام شا خانە.

ئەڵێ: مەولەوی ! ڕاستە ئەڵێن فەقێکان لەگەڵ خانمەکان میانە دائەمەزرێنن و ئەگەر

= ئەم غولام شا خانە و ڕەزاقولی خانی برای چەند جار بە هۆی ناحەزیکردنیانەوە لەگەڵ یەکتر و پەنابردن بە حوکمڕانانی تاران، لە حوکمڕانیی ئەردەڵان لابراون و لەسەری دانراونەوە. سەرەنجام حوکمڕانی بۆ غولام شاخان جێگیر بووە و لە سەری ماوەتەوە تا کۆچی دواییی کردووە. هەندێکیش ئەڵێن دەرمانخوارد کراوە. ئەڵێن ئەم ذاتە بووە بە جەعفەری و گەلێ جار لە سەر هەندێ شت هەرا و ئاژاوە لە وڵاتەکەیا پەیدابووە. جارێکیان مەولەوی پشت بە دۆستایەتیی کۆن نامەیەکی بۆ نووسیوە لە بارەی هەندێ شتەوە ئامۆژگاریی تیا کردووە. ئەو نامەیەم بەداخەوە نەدیوە، بەڵام وەڵامەکەی غولام شاخانم دەسگیر بووە، ئەوا لێرەدا ئەینووسمەوە:

«نازم بە خرابات کە اهلش اهل است
چون نیك نظر کنی بدش هم سهل است
یك اهل دل از مدرسه نامد بیرون
ویران شود این مدرسه دارالجهل است

نامهء نامی و خطاب مستطاب گرامی سامی بتمامی، من البداء الی الختم اولاً و لفظاً، و من الختم الی البداء ثانیاً و معنی، بنظری از شائبهء دوربینی محفوظ، و خاطری از رسیدن نصف المواصلة محفوظ، ملحوظ گردید.

غمت را در دلم کرد آشکارا زخم پیکانت
فغان در پرده نگذارد یکی راز نهانی را

فدای التفاتهای نهانی و عیانیت را شوم. مطلب طریقتی و بلکه پارهای از نکات شریعتی را بحکم حدیث« استر مذهبك» مستور و دائما غیر مسطور داشتهام. ولی در این مقام که موقع بیشتر از پیشتر خفا واخفا است، اگر عرض نکنم روحانیان دور نیست ارباب هوای نفس و غرضم شمارند(و لا حول و لا قوة إلا بالله).

در اوائل عمر عزیز که بهار نوشانوش و بریز بریز بود، با عدم سلوك و غلبهء نهایت شکوك و استطاعهء حالی و مالی ابناء ولاة و ملوك متذکر شدم(ما للعب خلقنا). حتی المقدور، از نزدیك و دور ظاهرا أحکام شرع مقدس را تابع، و نفس اماره بسوء را بمفاد (لایسقط المیسور بالمعسور) از مناهی و ملاهی مانع گشتیم. بعد از چندی و گرفتاری بکنده و کمندی خستگی دلبستگی بهم رسید متذکر گردیدیم که اولوالالباب را حضرت دوست محض این قشر و پوست نساخته است. اگرچه هرچه از دوست میرسد نکو است بخیال وصال افتادم، و دیده دل براه دیدن آن جمال را گشادم، من جانب الله اخذ طریقهء =

ئارەزوو بکەن ماچیشیان ئەکەن؟ مەولەوییش لە وەلامدا ئەڵێ: جا، والی قەیدی چییە

= علیهء نعمت اللهی را از سالك مسالك و منجی هر مهالك مرحوم كلاب علی شاه كه منسوب بشاه علی رضا شاهندی بود نمود و مدتها طریق این طریقت علیه را پیمود.
و در ثانی در دارالخلافهء تهران در خدمت مستان معرفت جناب مستان شاه هندی تكمیل بقدر استعداد شد. و بعد در خدمت مرشد هندی رحمه الله اخذ طریقهء علیه قادریه كرده بود، و در خدمت سراسر سعادت مرحوم مولانا ملا عبدالله تهمتائی طائی طاب ثراه اخذ طریقهء علیهء نقشبندیه كرد، و مدتی در خدمت كعبهء ایشان و مرحوم ملا احمد كولهساره رحمه الله تعالی بسر برد تا الی یومنا هذا كه محض فضل حضرت رحیم بشرف صحبت ناشرالدین و الأمان جناب شیخ عبدالرحمان سلمه الله تجدید عهد نمود، و بلسان قلب استدعای گشودن باب رحمت كرد. امید است از ذكر(یا من هو بمن ترجاه كریم) حسن خاتمه نصیب گردد.

چەکار داشتی کە نگذاشتی دردم
نهان و خلق در حقم بی گمان باشند

بعد از این تفصیلات زحمت میدهد آن جناب در املاكات من مختارند هر جا میل داشته باشند سكونت نمایند، بخصوص در قریهء(زلان) ملك من مادام حیات من و شما، آن شما است، و بعد از من تو از بازماندگان من خوشحال و صریح میباشید، و اخلاف شما اهل شما باشند حسبما قرر و حرر آنها برقرار دارند. من كه طاقت وداع ندارم خدا حافظ. (ان الذي فرض علیك القرآن لرادك إلی معاد. وصلی الله علی محمد وآله الطاهرین أجمعین».
لە ڕستەکانی دواییی ئەم وەلامەی غولام شاخانەوە وا دەرئەکەوێ مەولەوی لە سەفەرێکی سنەیدا، پێش گەڕانەوە بۆ كوردستانی عوسمانی نامەكەی بۆ نووسیوە و ئەویش وەلامی داوەتەوە، بۆیە داوای لێ ئەكا لە دێی (زەلان)ی مولكی ئەودا دانیشێ و ئەبێ پێشانیش لەم ڕووەوە قسەی لەگەڵ كردبێ و هەروا ئەبێ مەولەوی مالاوایی لێ كردبێ، بۆیە ئەویش ئایەتی (ان الذي فرض علیك القرآن لرادك إلی معاد)ی بۆ نووسیوە. ئەم غولام شاخانە و ڕەزاقولی خانی برای كوڕی خوسرەو خانی ناكامن و دایكیان ناوی (حوسنی رجیهان خان) و كچی فەتحەلی شای قاجار بووە و بە هۆی دایكیانەوە بارودۆخی ناو خانەدانیان گۆڕاوە و لە سوننییەتییەوە بوون بە جەعفەری و بە تایبەتی یەكەمیان بە تەواوی بووە بە جەعفەری، بەڵام دووەمیان ئەڵێن لەسەر ڕێوشوێنی سوننییەتی ماوەتەوە.
خوسرەوخانی باوكیان كوڕی ئەمانوڵا خانی گەورەیە كە مزگەوتی دارولئیحسانی =

ئەگەر خانم ڕەزا بێ؟ ئەم وەڵامەی مەولەوی زۆر ناسکە و دوو مەعنا هەڵئەگرێ. یەکەم

= سنەی دروست کردووە. باوکیان وەك دایکی ئەمان ژنی بووە، مێردی (مەستوورە)ی شاعیری بەناووبانگیشە کە دیوانی لەچاپدراوی هەیە. بنەماڵەی ئەمانە مەشهوورە بە (ئەردەڵانی) و ئەڵێن با پیرە گەورەیان ناوی (ئاردڵ) بووە واتە (ئاگر دڵ) واتە چوست و چالاك و ئازا و پاڵەوان.

ئەم بنەماڵەیە لە سەرەتای موسوڵمانبوونی کوردستانەوە سەریان هەڵداوە و لە دەربارى وەزیرەکانی (بەنی موهەللەب) و (ئەبوو موسلیمی خوراسانی)دا بوون و پاش ماوەیەك بوون بە سەرۆك و فەرمان بەدەست و میرنشینیان بۆ خۆیان پێکەوە ناوە. لە سەردەمی موغوولەکاندا (قوباد) ناوی ئەردەڵانی کە هاوچەرخی (پەشمووت)ی کوڕی هولاکۆ بووە، دەسەڵات بەدەست بووە و خۆی لەگەڵ موغوولەکانا سازاندووە. ئەم بنەماڵەیە سەدەها ساڵ حوکمڕانی ناوچەی کوردستانی ناوەڕاست بوون(کە پاشان بە ناوچەی ئەردەڵان و بابان ناسراوە)، هەرچەند گەلێ جار ئەم حوکمڕانییەیان کشاوەتەوە و کەم دەرەتان بووە و گەلێ جاریش پەرەی سەندووە و زۆر لای گرتووەتەوە. لە سەرەتادا ماوەیەکی زۆر پێتەختیان لە (پاڵنگان) بووە لە هەورامانی ئەودیو لە دواینی کێوی شاهۆوە. تا ئەم دواییەش مزگەوتی ئەو دێیە کە ئەڵێن لە سەرەتای هاتنی موسوڵمانانداا کراوە بە مزگەوت، هەر مابوو و کۆڵەکەکانی بە پێوە بوون(*). ماوەکیش پێتەختیان (قەڵای مەریوان) بووە. ماوەیەکی تریش لە (قەڵای زەڵم)ەوە حوکمڕانییان کردووە، جا گواستوویانەتەوە بۆ دێی (حەسەن ئاوا) کە بە ناوی حەسەن خانی ئەردەڵانەوە دروست کراوە و ئەوسا گواستوویانەتەوە. بۆ قەڵای (سینەدژ) کە ئێستا مەشهوورە بە (سنە).

(*) مەشهوورە مەولانای جامی لە سەفەری حیجازیا ڕێی کەوتووەتە ئەو مزگەوتە. لەو کاتەدا مەلایەك دەرزی جامی (الفوائد الضیائیة)ی بە فەقێیەك وتووەتەوە، شوێنەکە باسی (ئەمری دائیر) بووە، مەلاکە باش نەیزانیوە جنێوێکی داوە بەوەی کتێبەکەی داناوە کە مەولانای جامییە و لە مەجلیسەکەدا حازر بووە، بەڵام مەلاکە نەیناسیوە. کە مامۆستا و فەقێ هەڵساون و مەجلیسەکەیان بە جێ هێشتووە، مەولانا حاشیەیەکی لە سەر ئەو شوێنە نووسیوە لە کتێبەکەدا و بۆی ڕوون کردوونەتەوە تیایا. دوعایەکی شەڕیشی لە نەوەی ئەو مەلایە کردووە کە هەرکامیان کتێبی جامی بخوێنێ تەواوی نەکا. ئێستا بنەماڵەی مەردۆخی جامی ناخوێنن چونکە لە نەوەی ئەو مەلایەن و گوایە ئەترسن دوعاکەی مەولانایان لێ گیرا ببێ.

ئەوەیە: قەیدی چییە فەقێ خانم ماچ بکەن ئەگەر خانم خۆی پێی خۆش بێ؟ دووەمیش ئەوەیە: قەیدی چییە فەقێ خانم ماچ بکەن ئەگەر خانم خانمی ڕەزاقولی خان بێ، واتە ژنی ئەو بێ؟ یەکێکی تر لە دۆستانی مەولەوی مەلا موحەمەد صالحی فەخرولعولەمایە[٩] کە لە بنەماڵەی مەردۆخییەکانە لە لقی ناوچەی (بێڵەوار)یان و

(٩) ئەم مەلا موحەممەد صاڵحە موڕی شێخ موحەمەدی کۆڕی شێخ ئیمامی کوڕی شێخ موحەمەدی کوڕی شێخ قەسیمی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەحمەدی تەختەییە کە بە شێخ ئەحمەدی عەللامە بەناووبانگ بووە. ولاتی خۆیانیان بەجێ هێشتووە و لە دێی (دەژن) لە نزیك (پاڵنگان) نیشتەجێ بوون. ئەم ذاتە پاش ئیجازە وەرگرتن لە سنە نیشتەجێ بووە، خەریکی تەدریس بووە. شیعریشی هەیە، چەند پارچەیەکیم لە کەشکۆڵەکەی مەحموود پاشای جافدا بەرچاو کەوتووە، وا لێرەدا ئەیاننووسمەوە:

١

نازك سارا و دەشت، شیرین کۆساری
صەفای بەهەشتی تێدا ئەواری

گوڵ شێوەی ڕوخسار ئازیز دەنوێنێ
بوڵبوڵ وەڕوویدا وەك من دەخوێنێ

لالە کەم کەم چاو بڵاو دەکاتۆ
دەوێژی مەستە و شەراب دەخواتۆ

وەشنۆی نەسیم چنوور ئەلەرزێ
دیماودیم دەکا هەر تەڵ وە تەرزێ

شەتاو وەك فرمێسك چاوم ئەدا جۆش
گوڵاو هەروەك خوون دڵ هاتۆ خوروٚش

ئاخ بۆ دڵ خۆشێ قەراری نەوێ
غوصەی بێ مەیلیی نازداری نەوێ

دەس یەك بگرن هەروەك لەگەڵ یار
سەیر بەهار کەن دیارە و دیار

نەك چون من هەر یەند خەم لێم بووگە کۆ
گوڵ فێشتەر زامم ماوەڕۆ ئەوسۆ =

= سا، نەی چی، دەی، نەی ! دەرۆیش، دەفێ!
قەزای پەنجەتان لە گیانم کەفێ!
تۆ وە صەدای دەف، ئەو وە نالەی نەی
جەرگم لەت لەت کەن، ڕیشەی دڵ کەن پەی
بەڵ وەها کەمێ زامم ساکن بۆ
ساتێکیچ دنیا وە کام من بۆ
نەموت بێشەی عیشق خاری شێرگیرە
چلەی چەنگەڵی قولاپەی تیرە
چنگی لە ناودڵ هەر کەس مەحکەم کرد
دەسی هەڵنەگرت ڕیشەی دەر هاورد

٢

مەنەت بارە وێم!
ئەی موسوڵمانان منەت بارە وێم!
زەردی زام سەخت تیر خارە وێم!
مەجروح بێ هۆش، گوروفتارە وێم!
هیجریی هیجران کێش، هیجران بارە وێم!
جە یاران بڕیای بێ قەرارە وێم!
خەم کێش خەمبار خەم خەڵاتە وێم!
جە زامن بڕیای دوور ولاتە وێم!
سەرتاپا سفتەی کۆی زوخاڵە وێم!
غەریب شاران وێران مااڵە وێم!
تەن پارە پارە، لەت لەت جەرگە وێم!
بێ وادە یاوان وادەی مەرگە وێم!
تا وە ڕۆی مەردەن دڵ ناشادە وێم!
هەی داد هەی بێ داد، ڕەنج وە بادە وێم! =

مەحموودی دشەییيە. ئەم ذاتە ئینسانێکی زۆر پیاو چاك و خوا پەرست و دەست لە دنیا

= حەسرەت یاران نە خاك بەردە وێم!
وێڵ سەرگەردان هەردەی هەردە وێم!
تا (یوم المحشر) گرفتارە وێم!
زەلیل زەبوون بێ غەمخوارە وێم!
جە گۆشەی شاران ئەرامەندە وێم!
جە لای نازداران ددان کەندە وێم!
شاباز بێ پەڕ، بێ پەروازە وێم!
بێ کەس، بێ ڕەفیق، بێ هامرازە وێم!
جە دنیای فانی نا ئومێدە وێم!
مەئیووس مەجرووح، دوور جە زێدە وێم!
حەیف، صەد حەیف پەی فەصڵ وەهاران وێم
پەی سەیر و شکار هەرجاران وێم
پەی گوڵ و گوڵزار سەر مەیدان وێم
پەی نیم نیگای یار گشت ڕەفیقان وێم
واوەیلا پەرێ نوور دیدەی وێم
پەی نوور دیدەی بەرگوزیدەی وێم
پەی فەصڵ هامن هەواران وێم
پەرێ نشینگەی نازداران وێم
پەی زەوق و زینەت مەجلیسان وێم
پەی ئێل و عەشرەت گشت کەسان وێم
پەی فەصڵ پایز ڕەزانان وێم
پەرێ نەمامان خەزانان وێم
پەی شەمع فانۆس چراخان وێم
پەی زەمزەمەی بەزم دیواخان وێم
پەی شەونشینگەی هامسەران وێم
پەرێ ڕەفاقەت دڵبەران وێم =

داشۆردوو بووە. هەر لەبەر ئەم سیفەتانەی بووە شێخ عوسمان سیراجودین کردوویە

= پـــەی سەرحـــەد گـــەڕیـــی ولاتـــان وێم
پـــەی هـــەی ڕووگـــەریـــی ولاتـــان وێم
یـــاران، هـــامسەران قـــەومـــان و خـــوێشان
سەرتـــاپـــا تـــەنم لـــێم بین هـــەراسان

٣

ئـازیـزم بـەستـەن.... ئـازیـزم بـەستـەن...
جـــەوساوە نـــە ڕات زونـــنـــارم بـــەستـــەن
شیشەی نـام و نـەنگ تـەقـوام شکستـەن
ئـەعـزام جـە بـادەی مـەیـل تـۆ مـەستـەن
ئـــــەذانم صەدای سەودای بـــــالاتـــــەن
(قـد قـامت)م ذیـکـر بـالای ئـالاتـەن
تـا وە زوڵـف و ڕووی تـۆ تـەمـاشامـەن
ئـەدای نمای فـەرز صوبـح و عـیشامـەن
سەجـادەم وە هـوون زامت ڕەنگ کـەردەن
سوجدەم وە مـیحـراب ئـەبرۆی تـۆ بـەردەن
ئـــەدای زەکـــاتم نـــیـــثـــار ڕۆحـــەن
وە خـاك پـای تـۆم هـەزار فـوتـووحـەن
حـەجـم، طـەوافـم ئـەر شەوەن ئـەر ڕۆن
هـەوای گـەشت دەورئـاسانـەکـەی تـۆن
تـەپـڵ ڕسوایـیـم وە هـەرجـا ژنـیـا
نـامـەی بـەدنـامـیـم پـەی هـەر کەس ونیا
پـەردەی ئـابـڕووم صەد جـار دڕیـاوە
تـاسم نـە بـازار عـاڵـەم زڕیـاوە
هـوونم چ حـاکـم چ قـاضی چـە شێخ
واجب مـــزانـــان بـــڕێزان وە تـــێخ =

= ئـازیـز سا وه ڕەغـم قـەول خـاص و عـام
جـــه تـــاو تـــانـــەی مـــەردم ئـــەیـــام

شەرط بۆ، کامین شەرط؟ شەرط هـەر جاران
شەرط عـاشقـان جـانـفـیـدای یـاران

تـا زەڕێ جـه تـەن مـانـۆم نـەفـەسێ
گۆش نەدەم وه حەرف واتەی هیچ کەسێ

تـا ڕۆی ڕەستـاخـێز ساعـەتم نـەبـۆ
غـەیـر جـه دیـن تـۆ طـاعـەتم نـەبـۆ

کەی مەیل، کەی مۆیەت، کەی سۆزش دڵ
هـەر ڕۆز زیـاد کـەم تـا سای سەرای گـڵ

حـەرفـێن واتـەنم، عـەهـدێن کـەردەنم
شەرطـەن وەفـای وێم وه گـڵ بـەردەنم

ئـەر عـاڵـەم تـەمـام وەنـەم بـیـیـان جـەم
بـەند بـەند ئـەعـضام جـیـاکـەن جـه هـەم

ڕەگ ڕەگ بمپـێکـان وه قـەنـارەوه
ئـاوێزانم کـەن وه سێدارەوه

جـارِ بـدەن وه نـاو کـووچـەی شارانـدا
وه عـیـبـرەتم کـەن وه بـازاڕانـدا

شەرط بـۆ هـەر ساعـەت مـەیلت زیـاد کـەم
خـاطـر هـەر وەعـەشق بـاڵاکـەت شاد کـەم

تـەرك وەفـا و مـەیـل جین و بـەشەر کـەم
وه مـەیـل تـۆوه ڕوو ئـەو مـەحشەر کـەم

سا ئـازیـز، قـوربـان، دیـده و حـەیـاتم
بـتـم، بـادەکـەم، لاتم، مـەنـاتم

ڕۆحـەکـەم، حـوورم، بـاغـم، بـەهـەشتـم
ئـارەزووی دنـیـا و قـیـامـەت گشتـم =

بە مامۆستای گەلێ لە کوردەکانی(١٠).

= قوربان تۆیچ بە عەشق ئەوڵ جارینت
بەشق سۆز عەشق گەرم پاریەنت
بزان گیانفیدام، ئیمتحان تا کەی!
وێنەی من عاشق سەرگەردان تا کەی!
عاشق جە ڕای دۆس مەیلش جانی بۆ
حەیفەن دۆس مەیلش وە زوبانی بۆ
عەرض حاڵ وێم وەلات ئاوەردەن
دەرد جە حەکیمان کێ پەنهان کەردەن
وەرنە جەفای تۆو واتەی بەدکاران
زوو پێم مناسان ماوای مەزاران
نە زووخ زامەت ڕەنگ گرتەن کەفەن
تۆێج جوانەنی صەد ئارەزووت هەن
سەر حەڵقە نشین بەزم مەیخانەم
تەرسا پەرسم، کلیسا یانەم

ئەمەش پارچە شیعرێکیەتی بە فارسی:

کشت مرا تغافلت دی چو شدی دچار من
یافتەای کە عاشقم، وای بە روزگار من
دید قرار زلف تاب از دل بی قرار من
حلقه بحلقه، مو به مو، زد گرهی به کار من
من که به اختیار خود دل به تو دادهام ولی
دل بربود جبر تو از کف اختیار من
کیست که فرق میکند جبر ز اختیار، کو
جبر شده است در ازل علت اختیار من

(١٠) ئەم مەلا مەحموودە کورێکی بووە ناوی مەلا عەبدوڵڵابووە مەلایەکی زۆر خاوەن بەهرە بووە، لای حاجی مەلا عومەر ئەفەندیی باوکی مەلا ئەبوبەکر ئەفەندیی مەشهوور بە مەلا ئەفەندی لە هەولێر ئیجازەی وەر گرتووە. لە مەنطیق و ئوصوولی فیقهـ و =

= ئوصوولی دین و ڕیاضیات و فەلەکیاتدا زۆر بەرز بووە. پاش تەواوکردنی خوێندن لە مزگەوتی دارولئیحسانی سنە دامەزراوە و کراویشە بە موفتی. ئەم ذاتە لە ١٣٤١ی هیجرەتدا لە سنە کۆچی دواییی کردووە.

ئەم ذاتە شیعری جوانیشی بە کوردی و بە فارسی هەیە، وا بۆ نموونە چەند شیعرێکی لە باسی قەزاوقەدەردا ئەنووسمەوە لە کتێبێکی جوانی بچکۆلەیم وەرگرتووە لە باسی عەقیدەی ئیسلامیدا داینناوە:

جەودما باوەڕ بە قەزا و قەدەر
یانێ جە عەرصەی ئیمکان سەراسەر

هەرچی مەوجوود بۆ ئەزەڵ تا ئەبەد
جە خێر و جە شەڕ، جە نێك و جە بەد

خوا جە کردەوەی ئیختیاری بۆ
خوا هەر وە قودرەت ذات باری بۆ

گرد جە ڕۆی ئەزەل حەق مەعلووم کەردەن
یەکسەر وە ڕشتەی تەحریر ئاوەردەن

وەر جە کائینات قەڵەم بی مەئموور
جە (لوح المحفوظ) کەردەنش مەسطوور

بێ قەزا و قەدەر، بێ تەقدیر حەق
مومکین نێن نەسیم بجمنۆ وەرەق

نەواچی وەختێ گرد وە تەقدیر بۆ
مشیۆ ئیختیار بەستەی زنجیر بۆ

تەکلیف وە عەبدی فائیدەش نییەن
هەر چێوە کەرۆ موقەدەر بییەن

چونکە جوابت پێسە مداوە
زەمانە نییەن وە لای خوداوە

ئەزەڵ تا ئەبەد مەعلووم بییەن لێش
کائینات یەك سەر هەر کام نە جای وێش =

نەسیم و شێخ وەسیمی کوڕانی[11] شێخ موحەمەد سەعیدی تەختەیی مودەڕیسی

= جـەمـیـعش زانـان، جـەلاش ویـەردەن
جـە دمـای زانـا تـەقـدیـرش کـەردەن
عـیـلـمش مـوحـیـطـەن یـووەن ڕووادادی
نـە جـەبـرەن پـەی وێش نـە پـەی عـیـبـادی
مـزانـۆ هـەرکـەس فـکـرش مـەجـمـووعـەن
عـلـیـم تـابـیـعـەن، عـەمـەل مـەتـبـووعـەن
زەمـان مـەتـبـووع ئـەر صەد لاحـیـق بـۆ
واجـبـەن (بـالـذات) هـەر ئـەو سابـیـق بـۆ
ئـیـنـە کـافـیـیـەن پـەی ئـەهـلـو فـامـی
شەرحت گـەرەکـەن عـیـلـمـو کـەلامـی

(۱۱) ئەم ذاتانە لە مەلا گەورەکانی کوردستان بوون و لە مزگەوتی دارولئیحسانی سنە پێ گەیشتوون. شێخ عەبدولقادر سێ شەرحی لە سەر کتێبی (تهذیب الکلام) نووسیوە کە بە (شەرحی قـەدیم و جـەدید و ئـەجـەد) مـەشهوورن. تـا ئـەم دواییـیـە لـە خوێندنگاکـانـی کـوردسـتـانـا هـەر سێ شەرحـەکـە ئـەخـوێنـران. هـەروا ڕیسالـەیـەکـی لـە عـەقـایـددا هـەیـە مامۆستام شێخ عومەری ئیبنو لقەرەداغی شەرحی لەسەر کردووە. حاشیەیەکیشی لەسەر حاشیەی لاری لەسەر قاضی میر هەیە لە عیلمی حیکمەتا. شێخ وەسیمیش حاشیەی بەسەر شەرحی تەهذیبەکەی شێخ عەبدولقادرەوە هەیە. ئەم بنەماڵەیە خزمەتێکی زۆری عولوومی ئیسلامییان کردووە.

لە ساڵی ۱۲۷۱ی هیجرەتدا لە سەردەمی حوکمڕانیی والی غولام شاخانی کوڕی خوسرەو خـانـی نـاکـامـدا بـە هـۆی ئـاژاوەگێڕیـی حـوکـوومـەتـی قـاجـاری و دەست تێوەردانـیـەوە لـە کـاروبـاری ئـاینیی موسوڵمانـاندا، هـەرایەك لە سنە ئەقەومێ گەلێ کەسی تیا ئەکوژرێ. ژیـانـی گـەلـی کـەسیشی تـیـا ئـەکـەوێتـە مـەتـرسـیـیـەوە. بـەبـۆنـەی ئـەو ڕووداوەوە شێخ عـەبـدولـقـادری مـوهـاجـیـر و شێخ نـەسیـمـی بـرای سنە بـە جـێ ئـەهـێڵـن و ڕوو ئـەکـەنـە هـەورامـانی تەخت و پاش چەند ڕۆژێ لەوێیشەوە ئەڕۆن بۆ سولەیمانی. شێخ عەبدولقادر لە سولەیمانی لە مزگەوتی مەشهوور بە مزگەوتی (عەلی نیظامی) دائەمەزرێ و شێخ =

مەدرەسەی دارولئیحسانی سنەن کە کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ مەحموودی

= نەسیمی برایشی لە خورماڵ(*) دائەمەزرێ و تا مردن خەریکی تەدریس و خزمەتکردنی زانست و ئاین ئەبن. شێخ عەبدولقادر لە بەری ڕۆژاوای گردی سەیوان لە سولەیمانی و شێخ نەسیم لە خورماڵ بە خاك سپێرراون. شێخ عەبدولقادر لە ساڵی ١٢١٥دا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٣٠٥دا کۆچی دواییی کردووە.

مەشهوورە کە شێخ عەبدولقادر و شێخ نەسیم ئەگەنە هەورامان، پاش چەند ڕۆژێك حەسانەوە شێخ عەبدولقادر بە دابی جاران دیوانی خواجە حافظی شیرازی ئەگرێتەوە بزانی چی دێتە ڕێی و چی بکا باشە؟ ئەم بەیتەی ئەکەوێتە بەر چاو: =

(*) وا مەشهوورە مزگەوتی خورماڵ لە سەردەمی هاورێیانی پێغەمبەر (د)دا دروست کراوە کە هاتوون کوردستانیان گرتووە. لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی عوسمانییشدا تازە کراوەتەوە. هەروا لە سەردەمی سڵێمان پاشای بابانداا مووسابەگی قایممقامی لەوێ، جارێکی تر تازەی کردووەتەوە و ئەم چەند بەیتەشی لەسەر بەردە مەرمەرێك هەڵکەندووە و لە دیواری مزگەوتەکەی قایم کردووە:

والی ملك جود و کهف عباد
آن (سلیمان) تخت عزت و داد

ید بیضا نمود (موسا) را
حکم گلعنبرش بلطف بداد

در بناهای خیر شد ساعی
بهر اجر و ثواب روز معاد

مسجد کهنه سال شاه (سلیم)
دید گشته است جای قذر و رماد

از کرم چند بدره در تعمیر
صرف کرد و بیافت اجر مراد

این اشارت ز غیب شد تاریخ
(بوده مسجد بذکر حق آباد)

ئەم نیوە بەیتە دواییی بە حیسابی حوروفی ئەبجەد ئەکاتە ١١٦٢ کە ساڵی تازەکردنەوەی مزگەوتەکەیە بە ساڵی هیجری.

کوڕی شێخ ئەحمەدی عەللامەی کوڕی شێخ موصطەفای کوڕی شێخ شەمسودینی کوڕی شێخ عەبدولغەففاری کوڕی مەلا گوشایشی کوڕی شێخ موحەممەد مەردۆخییە، کە بە گوێرەی شەجەرەی نەسەبیان کە پیاوانی بەناووبانگی ئەو سەردەمە مۆریان کردووە ئەچنەوە سەر ئیمام حەسەنی کوڕی حەزرەتی عەلی.

کاتێ کە مەولەوی لە مزگەوتی دارولئیحسانی سنە فەقێ بووە لە سەفەری دووەمیا بۆ سنە بۆ خوێندن، بووە بە هاوڕێ و دۆستی ئەم برایانە و دۆستایەتییان تا دوایی هەر بەردەوام بووە.

مەولەوی بەبۆنەی کوێربوونیەوە کە ئیتر توانای خوێندنەوەی کتێبی نەماوە و کاری کردووەتە سەر دەرزوتنەوەی بە فەقێکانی، پارچە شیعرێکی بە سۆزی بۆ شێخ موحەمەد جەسیم نووسیوە، زۆر بەقەدرەوە ئیشارەتی بۆ پایەی شێخ عەبدولقادر و شێخ جەسیم و شێخ نەسیم تیا کردووە، لێرەدا ئەم چەند بەیتەی لێ ئەنووسینەوە:

تـەدریس و تـەقـدیس، تـەمـجـید، بـێ دەنـگـەن
حـەسارەی تـەقـریـر تـەوحـید بـێ رەنـگـەن

= ئەو سەردەمەی سولەیمانی ڕاپۆرت ئەدا بە ئەستەموڵ و نوسخەیەکیش لە شەرحی (تـهـذیب الـکـلام)ی شێخ عـبـدولـقـادر لـەگـەڵ ڕاپـۆرتـەکـەی ئـەنـێرێ بـۆ لای سوڵـتـان عەبدولمەجید خان و باسی پایە و شوێنی شێخ عەبدولقادری بۆ ئەنووسێ. ئەمە لە ساڵی ١٢٧٢ی هیجرەتدا بووە. سوڵتانیش لە وەڵامی ئەمەدا نامەیەك بۆ شێخ عەبدبولقادر ئەنووسێ، ئەمەی تیا ئەنووسێ: «بعد السلام علیکم، قد ظهر فضلکم من أثرکم، ونحن تفاءلنا بیوم قدومکم المصادف لیوم دخول عساکرنا المنصورة بلدة (سواستبول). فها قد خصصنا لکم شهریة تکفي معیشتکم. فان لم تکف فاکتبوا لنا بعد فراغنا من غوائل الحرب، ولاتنسونا من الدعاء. والسلام علیکم».

پاش وەفاتی شێخ عەبدولقادر شێخ عەبدولکەریمی کوڕی لەجێی دانیشتووە و تەدریسی کردووە. ئەم ذاتە پاشان مزگەوتێکی کردووەتەوە و گواستوویەتەوە ئەوی. ئەم مزگەوتە ئێستا بە ناوی شێخ لەطیفی کوڕیەوە ئەناسرێ.

بیستوومە شێخ نەسیم زۆر ناسك و قسەخۆش بووە، بەڵام ئەگەر سوختەیەك [سوختە فەقێی پلەی سەرەتاییی خوێندنە] کارێکی بێ عەقڵانەی بکردایە زۆر لێی تووڕە ئەبوو. کە لێیان ئەپرسی بۆ وا لەو سوختەیە تووڕە ئەبی، ئەیوت: سوختەی بێ عەقڵ ئەبێ بە موستەعیدی بێ عەقڵ و موستەعیدی بێ عەقڵیش ئەبێ بە مەلای بێ عەقڵ و دنیا وێران ئەکا. کەواتە هەر لە ئێستەوە چاری بێ عەقڵییەکەی بکرێ چاکترە.

پـارچـەی تـەئـلـیـفـات شێخ مـوهـاجـیـر
گـرانـەن، نـیـیـەن مشتـەری و تـاجـیـر

(کشف الـغـطـا)ی صەدر (مـوحـەمـەد جـەسیم)
غـونـچـەی نـەشکفتـەن بـێ شنۆی(نـەسیم)[١٢]

بـێ نـازەن کـیـتـاب (عـەطـا)ی (دەولـەتـەیـن)
یـەنـد ڕێزان قـەتـرەی خـوم جـە عـەیـن عـەیـن

تـەفـاوت نـیـیـەن تـێشدا جـە مـابـەیـن
شوبـهـەی شێن و سین مـیـثـل عـەیـن و غـەیـن

بـاڵ نمەدۆ تـەیـر تـەحـریـر وەهـەمـدا
گـا وە ڕووی ڕۆمـدا، گـا وە عـەجـەمـدا

یەکێکی تر لە دوستانی مەولەوی حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشەییە کە پێشان باسێکی تایبەتیمان بۆ تەرخان کرد. مەولەوی هەرچەند بەتەمەن چەند ساڵ لە حاجی مەلا ئەحمەد گەورەتر بووە، هەروەکو عەللامەی سەردەم و مورشیدی خۆی تەماشای کردووە. مەشهوورە مەولەوی لە مەدرەسەی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانیدا لە هەڵەبجە کە ئێستە مزگەوتی جامیعەی پێ ئەڵێن دەرزی خوێندووە. بۆ دەرخستنی پایەی بڵندی حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی، ئەوە بەسە ئەم چەند بەیتەی مەولەوی بنووسینەوە کە بەشێکن لە (جفنە)ی یەکەمی (مشرعە)ی یەکەمی کتێبی(الفضیلە)کەی:

و مـن عـلا صفـتـه و رسمـه
انـه کـان دائـمـاً کـأسمـه

جـوهـره مـجـمـوعـاً أو مشوشاً
بـحـمـده و مـدحـه مـنـقشاً

فـلـم یـقـع في عین عـقـده قـذی
بـذاك احـمـد، و مـادح بـذا

(١٢) لەوانەیە لە کاتی نووسینی ئەم پارچە شیعرەی مەولەویدا (شێخ وەسیم) لە دنیادا نەبووبێ، بۆیە ئیشارەتی بۆ ناوی ئەو نەکردووە.

أروى هــواء جــريــه مــن غــطش
أروى الــورى بــوريــه مــن عــطش

مــن مــن شذاه كــل عــطــر يــنــتشى
حــضرة مــولاى المصفــى الــنــودشي

یەکێکی تر لە دۆستانی مەولەوی شێخ عەزیزی جانەوەرەییە[١٣]. ئەم ذاتە، کوڕی شێخ مــوحــەمــەدی کوڕی شێخ مــەحــمــوودی کــوڕی شێخ ضیــائــودیــنــی کــوڕی شێخ حەیدەری برای شێخ حەسەنی مەولاناوایە[١٤] واتە لە بنەماڵەی شێخانی (بست) و (مەولاناوا)یە.

شێخ عــەزیــز ذاتــێکــی شاعــیر و خۆشنووس و[١٥] هــەڵکــەوتــوو بــووە. لــە سەردەمی فەقێیەتیدا لە سنە ناسیاویی لەگەڵ مەولەوی پەیداکردووە و بووە بە دۆستی. مەولەوی گــەلێ پــارچــە شیعری بۆ شێخ عــەزیــز نــووسیــوە کــە ئێمــە چــەند پــارچــەیــەکیــانمــان لــە دیوانەکەیدا بڵاوکردووەتەوە[١٦]. یەکێکی تر لە دۆستانی مەولەوی ئەحمەد بەگی

(١٣) جانەوەرە دێیەکە لە ناوچەی (کەڵاتەرزان) لە نێوان مەریوان و سنەدا.

(١٤) ئەم ذاتە لە خانەدانێکی عیلم و فەزڵە لە شێخانی (بست) و (مەولاناوا) کە پیاوی گەورەی زۆریــان تیــا هــەڵکــەوتــووە. لــە مــەنسووبــەکــانی شێخــانــی(کــاکۆزەکــەریــا)یە و لە ١١٣٦ی هیجرەتدا کۆچی دواییی کردووە و ڕستەی (شێخ حسن حق)یان کردووە بە مــادە تــەئریــخی وەفــاتی. مــەولاناوا دێیەکە لە ناوچەی (خوڕ خوڕە)ی سەر بە شاری (سەقز).

(١٥) لــەبــارەی خــۆشنــووســیــی شێخ عــەزیــزەوە مــەشهــوورە مــەولــەوی وتــوویــەتــی: شیــعری مــن شایــانــی ئــەوەیــە شێخ عــەزیــز بــە خــەتــەخــۆشەکــەی بــینــووسێتــەوە و نــاوی دەنگــخــۆشێکــی (تووداری) یشی هێناوە کە ئێمە لە یادمــان نەماوە، وتوویە ئەویش بە گۆرانی بیڵێ.

(١٦) شێخ عەزیز برایەکیشی بووە ناوی شێخ عەبدولڕەحمان بووە. ئەم شێخ عەبدولڕەحمانە سەرگوزشتەیەکی هــەیــە وا لێرەدا ئەینووسینەوە:

لە سەردەمی شێخ عەزیزدا جاف گەرمیان و کوێستانیان کردووە و هــاوینــان بۆ هــاوینــە خۆری گەیشتوونەتە نزیکی جانەوەرە. لەم جافانە عەشرەتی کەرەم وەیسی لەگەڵ مــاڵی شێخ عــەزیــز بــوون بــە ئــاشنــا و هــاتوچۆی یــەکیــان کردووە. ئــەم (کــەرەم وەیسی) یــانــە ژنێکیان تیا بووە (ئامان) ناو، شێخ عەبدولڕەحمانی برای شێخ عەزیز دڵی لێی چووە. کە قسە کە بڵاو ئەبێتەوە و بەرگوێی کەرەم وەیسییەکان ئەکەوێتەوە، لەبەر پایە و ڕێوشوێنی مــاڵی شێخ عــەزیز بە ئــاشکرا هیچ نــاڵێن، بــەڵام ئــەیــانــەوێ بــە فێڵ شێخ عــەبدولڕەحمــان =

= لەناو بەرن. ئەسپێکی شێتی سەر کێشی بۆ زین لێ ئەکەن و بۆی ئەهێنن کە پێشتر کەس نەیتوانیوە سواری ببێ، بەڵکو ئەمە خوایە کە سواری بوو، هەڵی گرێ و فڕێی داتە خوار و ملی بشکێ. کە شێخ عەبدولڕەحمان سواری ئەسپەکە ئەبێ، ئەسپ ئەداتە غار و بەرەو ژوور و بەرەو خوار کردن و نیو سەعات پتر بە شوێنی خۆش و ناخۆشا غار ئەکا، بەڵام نایخاتە خوار، ئاخری ماندوو ئەبێ و لەخۆیەوە ڕائەوەستێ و شێخ عەبدولڕەحمانیش دائەبەزێ. کەرەم وەیسیەکان ئەمە بە کەرامەت دائەنێن بۆ شێخ عەبدولڕەحمان و دەسبەرداری ئەبن. ژنەکەیش پاش ماوەیەك ئەمرێ و مەسەلەکە بەوجۆرە ئەبڕێتەوە.

ئەم شێخ عەبدولڕەحمانە دیوانێکی شیعری هەیە دەستی ئێمە نەکەوتووە، لای شێخەکانی خزمیەتی، بەڵام چەند پارچەیەکیمان بە هۆی شێخ عەبدولڕەحمان ناوێکی خزمیەوە دەسگیر بووە، وا لێرەدا بڵاویان ئەکەینەوە:

ئازیز ئەر پەرسی چۆنەن ئێڵاخان
داخان داخانەن، زاخان نەداخان

ئەو هەرد، ئەو هەڵەت ئەوسا پێوە بیت
ئەو شەوق ئەو زینەت ئەوسا کە تو دیت

ئیسە جە دووریت پۆشان سیاتەم
هاژەی قەڵەوزان بێ دەنگەن ماتەم

ئەو ئەرخەوانان نە گوێ شەتاوان
ئەو تەرقە سەوڵان نە پای گۆل ئاوان

دڵتەنگەن نە داخ دووریی دیدەی تۆ
وەرس مەنزڵگای دەرەی (تەنگە کۆ)

(تاویل بەگ) نە داخ بۆتەی فیراقت
تەوەن تاونەن نە ئیشتیاقت

پشت (بەردەڕەش)، پاڵ (هەرەس گا)
(قەجە) و (گڵ جەڕە) و هەردەی (کەلەبا)

(کەس نەزان) هەر یەند ئەسرینان ڕێزان
تاف قەڵەوزەی (هەڕجاران) بێزان =

= (کـەلـەبـا) وە بـای هـەنـاسان سەرد
کـەللـەش چون کـەللـەی من بـییـەن وە گـەرد

(مێ ڕەش) ڕەشپۆشەن، (ساتیار) ئازیەتبار
(قـەجـە) زاریشەن، (بـەردەڕەش) زگـار

(سەرڕەوان) نـە چـەم ڕەوان کـەردەن سەیـل
(کـاوان) گـۆلاوان (هـەردە) کـەردەن کـەیـل

(سوڵتـان ئـەغزەتوو)، (مێ ڕەش) و (ساتیـار)
مـنـاڵـۆن وە سۆز بـڕگـەی مـۆسیـقـار

پـای (تـۆراخ تـەپـە) چـەنـی (مـێشەڵ واز)
هـەریـەك وە نـەوعـێ لـێش مـەیـۆ ئـاواز

(تـرشکـەدار) خـەمین، (بـارگـە) زاریشەن
ئـەویش وێنـەی مـن دەرد کـاریشەن

(تووەڕەشکە) مەلوول، (تووەسووران) سوورەن
پـەی تـۆ (تـۆراخ تـەپ) مـات و مـەهـجـوورەن

(دەشت مـیـل) زەلـیـل، (چـنـار) خـەفـەتـبـار
(ئـەشکـەوت) شیـنشەن جـە هـیـجـران یـار(*)

کـراسەکـەی خـەم ئـەکـەن وە بـەردا
بـەرگ ئـازیـەت بـار ئـەدەن وە سەردا

یـە(ڕەحـمـان) واتـەن دەروون پـڕ جـە دەرد
گـرد نـە هـیـجـرانـان (ئـامـان) گـەردەن زەرد

لە مالاّوایی لێکردنی برادەرێکیشا وتوویە:

دیـدەم، دیسان چـەرخ چـەواشەی بـەدخـوو
سازان فـێڵ پـەی وەصڵ بـەیـن مـن و تـوو

ئـاخـۆم نـصیب عـەزەم کـام ولاّتشەن
هـەم زام خـەدەنگ کـێ خـەلاّتشەن =

(*) وشەکانی ناو دوو کەوانەکان ناوی شوێنن.

= ئـەم جـار وەتـاقـیـق دووریـی تـۆ سەردان
دووریت وێنـەی قـەیس کـەردەن سەرگـەردان

سەبـزیـی چـەمـەنـان تـەبـدیـل بـی وە زەرد
لـە بـەرزان ڕەزان ڕێزان هـەردە و هـەرد

بـێ داخ وە پـەرداخ کـۆچ کـەرد نـە لـەیـلاخ
پـڕداخ بـی دەمـاخ شی وە کـۆی ئـاخ ئـاخ

ڕەم ڕەم ئـاهـووان، کـەڵ گـەل گـەلـەخـان
مـەیـل کـەردەن ئـەو زێد خـاك گـەرمـیـان

نـۆمـالان وێنـەی غـەزالان بـەڕ
گـەرمـەسێر خـێر هـەم ئـاوەرد وە فـەڕ

دیـدە مـەستـەکـەی جـەیـران ئـاساکـە
سەردەلـیـلـەکـەی حـەرەم جـیـاکـە

هـێمـای چـون ئـێلاخ هـا نـە پـەرداخـدا
بـۆی پـایـز نـەدان بـۆش وە دەمـاخـدا

شەمـالّ شۆ(*) گـێسوو ئـاسا
نم زەرد ئـەشك، هـەرس سەیـل ئـاسا

نم بـدەر وە ڕووی تـاش زاخـەدا
زەردیـی وەڵگ نـە ڕەنگ دار بـاخـەدا

مـەپـەرسۆ جـە ڕووی گـەرمـیـی مـەیـلـەوە
چـوونـەن قـەیسەکـەی وە دوجـەیـلـەوە

واچـە سەراپـاش سۆزان نـەفـتـەن
هـەردە و هـەردشەن، ساتـێ نـەسرەفـتـەن

یـەنـد خـەیـاڵ تـۆش هـا نـە دەروونـدا
کـەفـتـەن وە ڕووی ئـێش دەرد مـەجـنـووندا =

(*) لە ئەسڵەکەدا شوێنەکەی بە بۆشی هێڵرا بووە.

= جـه زایـفـیـی وێش هـەردەم مـدا پـێچ
شنـۆی بـای هـیـجـران وەنـەش مـدا گـێچ
گـــێچ مـــداو مـــوات وە دەم دەردەوە
وە سۆز تـەئـثـیـر ئـەم چـەنـد فـەردەوە
فـیـدات بـام ئـازیـز، شۆخ شیـریـن ڕەنگ
چەم سیای بووم زەرد، شۆخ شەیدای شەنگ
ڕەم ڕەم ئـاهـوان چـەمـەڕای ڕاتـەن
ئـیـنـتـیـظـار وە دیـن گـەردەکـەی پـاتـەن
تـا بـەیـان وە دیـن دیـدەت ئـاهـووان
ئـامـاوە جـە سۆنگ تـۆ وە گـەرمـیـان

ئەم پارچەیەشی بە بۆنەی کۆچی دواییی ئامانەوە داناوە:

فـەڵـەك پـەی شوومـیـی تـاڵـەی سیـای مـن
جـۆش دا بـە کـووڕەی دەردان دیـوای مـن
پـەی بـەخت و تـاڵـەی وە بـەد سوروشتـەم
سەنگ دا نە ڕووی جام بەخت بەرگەشتەم
کـۆس کـۆس نـۆم جـە نـۆ ژنـیـاوە
بـاروووت نـە ڕووی زام تـازەم شنـیـاوە
یـەخـەی مـەیـنـەتم داوە وە سەردا
بـەرگ ئـازیـەتـیـم هـەم کـەرد وە بـەردا
هـەڕەس هـەڕ گـاو لـێو شەتـاوان
دیسان هـەم جـەم بـی نـە ڕووی کـلّاوان
تـاو گـەرمـیـی مـەیـل نـیـهـانـیـی یـاران
سەرد بـی چـون سەردیـی بـەفـر نـزاران
خـوصووص قـیـبـلـەکـەی ڕشتـە دوودیـدەم
ئـەرواحـەکـەی تـەن مـەیـنـەت کـەشیـدەم
دەوای ئـێش دەرد دڵـەی ڕەنجوورم
مـەڵـهـەم نـە ڕووی زام سفـتـەی نـا سوورم =

کۆماسییه[۱۷] که مەولەوی جارجار بە (خالۆی کۆماسی) وجارجاریش بە (خالۆ)ی ناو ئەبا.

ئەحمەد بەگی کۆماسی دیوانێکی شیعری هەیە بە لەهجەی گۆران، لەچاپ نەدراوە بەڵام لەناو عەشرەتەکەیا دەسگیر ئەبێ. ئەحمەد بەگ و مەولەوی گەلێ جار بە شیعرنامەیان بۆ یەك نووسیوە وەك لە دیوانی مەولەوییەوە بە ئاشکرا دەرئەکەوێ و ئەمەیش نموونەیەکی. ئەحمەد بەگ بۆ مەولەویی نووسیوە:

= تاقەتدەر وە جیسم خەستەی خەم کێشم
تەفریح خاطر وە خەمان رێشم
دڵسۆز نازکێش، جای نیازەکەم
باعیث شادی و زەوق سازەکەم
ناگا بی وە تیر قەزای بەختەوە
وە بەدیی دیدەی سزای سەختەوە
پێکیا وە پەیکان نادیارەوە
پێچا وە کاڵای ئازیەت بارەوە

ئەمەش بە شێکە لە پارچە شیعرێکی. هەروا بە ناتەواوی دەسگیرم بووە. دیارە بەهارێك وتوویە، لە چاوەڕوانیی گەیشتنی کۆچ و باری مااڵی یارا لە گەرمیانەوە:

ئامە ئامانەن، ڕای هاتت ماتەن
خەیمەی گوڵاڵان چەمەڕای ڕاتەن
بەر لە گشت گوڵێ (نەورۆزە)ی پەل دێز
یەخە و دامنە سیا، دیدە سوورمەڕێز
لەگەڵ (گەزیزە) هەر ڕۆڕۆیانە
لە تۆی پەردەوە تەمای تۆیانە
نەورۆزە و گوڵان باقی خەمبارەن
هەموو بە تەمای دیدار یارەن

(۱۷) کۆماسی ناوچەیەکی سەر بە مەریوانە لە نێوان مەریوان و کەڵاتەرزاندا، زمانی خەڵکەکەی شێوەیەکی تایبەتیی هەیە. عەشرەتی (کۆماسی)ش عەشرەتێکی دلێر و لێهاتوون.

ئـــەر بـــۆپـــڕووزێ وە مـــەلالـــەوە
یـــاوان وە لای تـــۆ جـــە شەمـــاڵـــەوە

ئـانـە بـۆپـڕووز سفـتـەی جـەرگـمـەن
مـالـوومـەن، مـەعـدووم، وادەی مـەرگـمـەن

(مەولەوی)یش لەوەڵاما بۆی نووسیوە:

ئـارەزووی ئـامـای مـەرگ وێت کـەردەن
گـــۆیـــا خـــەلاصیت وە دڵ ئـــاوەردەن

ئـەی پـەی تـۆ نـەبـۆ دۆسەکـەی گـیـانـی
چـەنـد بـۆپـڕووز بـۆ تـۆ هـەر بمانـی

مەولەوی گەلێ جاریش شیعری ئەحمەد بەگی تەضمینی شیعری خۆی کردووە، واتە خستوویەتیە ناو شیعری خۆیەوە، وەك ئەوە کە ئەڵێ:

بـــوڵـــەنـــد کـــەر مـــەقـــام دڵسۆز ڕاسی
تـەنـزیـلـەش فـەرد گـەل خـاڵـۆی کـۆمـاسی

«ڕۆی وەصڵت هـەر بیم ئەی ڕووە پڕم بی
جـەوبـۆ نـۆ دائـیـم ڕۆڕۆ خـدێم بـی»

یەکێکی تر لە دۆستانی مەولەوی مەلا نیظام ناوێکە کە ئەم سێ بەیتەی بۆ مەولەوی نووسیوە:

دڵـەی دێوانـەم هـیـمـمـەتش واستـەن
ئـامـان هـا ئـامـان، تـەن وە جـا ئـاستـەن

چـون کـەفـتـەکـاران دڵ ئـەو شۆن تـۆن
بەند وە تای ڕشتەی وەی وە هوون تۆن

تـەن چـون سیـاسەنگ نـە هـەوارانـەن
پـاشکستـەی دەرد دمـای یـارانـەن

مەولەوییش بە پارچە شیعرێکی نۆ بەیتی وەڵامی داوەتەوە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

هـەی نـیـظـام، نـە زام نـامـەت تـۆ لابـەرد
ئـای ئـای سزاش دا و قـیـامـەتش کـەرد

یەکێکی تر لە دۆستانی مەولەوی شێخ یوسفی نۆسمەییە[١٨] کە لە شیعرا ئەمیش، وەك ئەحمەد بەگی کۆماسی، بە (خاڵۆ) ناو ئەبا. وادیارە ئەم شێخ یوسفە زۆر دەست ڕاست بووە، چونکە مەولەوی لە پارچە شیعرێکیا بەم جۆرە باسی ڕاوکردنی ئەکا:

مـن خـۆ دوور جـە تـۆ چـون مـەردە مـەردە
هـەر هـام نـە خـەیـاڵ سـاڵ وێـەردە

ئـەساسەی نـەچـیـر مـاوەردم پـەرێت
وێت تەیار مەکرد، چون کێ؟ هەر چون وێت

مـەوێـنـای ڕەزن مـادەنـیـی کـانـی
مـانـی وە صەنـعـەت سەلـیـقـەی (مـانـی)

صوب نـە جـاسووسگـەی مـلان سەربـەرزان
چـون سۆمـای خـورشید شۆڵـە کـەرد هـەرزان

مشانـای وە پـێڵ لـوولـەی دوور مـەنـزڵ
مـووسەویـی سەرتـەڵ کـارخـانـەی مـووسڵ

لە دیوانەکەی مەولەویدا چەند پارچە شیعر هەیە کە بۆ ئەم شێخ یۆسفەی نووسیون. یەکێکی تر لە دۆستانی مەولەوی مەلا عەبدولڕەحیمی نجاریە[١٩]. مەولەوی پارچە شیعرێکی بۆ ئەم مەلا عەبدولڕەحیمە نووسیوە سەرەتاکەی بەم بەیتە دەست پێ ئەکا:

تـەختـەی مۆبـەت تـاش نـەجـار دڵ تـەنگ
گـیـر گـێـج دام کـڵاڤـەی شەوڕەنگ

دوستێکی تری مەولەوی شێخ عەبدوڵڵای داخییە کە شاعیرێکی بەرز بووە و هەرچەند بە باشی بۆم ساغ نەبووەتەوە کێیە، بە هەندێ نیشانەدا وادیارە شێخ عەبدوڵڵای مرادوەیسی خاڵۆزای مەولەوی بێ. بە نیشانەی ئەوەشا کە مەولەوی گەلێ پارچە

(١٨) نۆسمە دێیەکە لە ناوچەی پاوە لە کوردستانی ئێران.
(١٩) نجار دێیەکە لەوبەری سیروان لە نزیکی پاوەوە

شیعری خۆیی بۆ ئەم نووسیوە، ئەبێ ئەمیش شیعری زۆری بۆ ئەو نووسیبێ(٢٠).

(٢٠) لە کەشکۆڵەکەی خوالێخۆشبوو مەحموود پاشای جافدا؛ چوار پارچە شیعری ئەم ذاتە هەیە، وا لێرەدا سیانیان بڵاو ئەکەینەوە. ئەوی تریان لە دیوانی مەولەویدا بڵاو کراوەتەوە.

١

دڵـــە بـــــا وەس بۆ
هوشیار بەر، وادەی مەستیت با وەس بۆ
زەمامت با وەس وە دەس هەوەس بۆ
وەس فامت نە فکر کردەی عەبەس بۆ
بـا وەس خـەیـاڵت خـەیـاڵ خـاڵ بـۆ
وەس وە تەمای وەصڵ نازك نەوهاڵان
سەرمـایـەی عـومـرت بـدەر وە تـاڵان
وەس جۆیای دیدار دیدەی خاسان بەر
وەس مەدح جەماڵ مودبیر باسان کەر
بدیە هام فەردان، هام درد، هام مەشق
نازك خەیاڵان، دەروون دەریای عەشق
گـردیـن وەو خـەیـاڵ نـازك کـەردەوە
وە بـــار فـــیـــراق ئـــەنـــدۆ و دەردەوە
هـەر یـەك وە تـەمـای نـەوهـاڵـێکـەوە
وە پـــەژارەی خـــاڵ بـووم لاڵاڵـێکـەوە
مەزەی بادەی ناب حەقیقەت چەشتن
نەی وارگەی پڕ شۆر وە ناکام وەشتن
خـــاڵـــی بـــی یـــاگـــەی نـــازك خـــەیـــاڵان
بێ مەدداح مەندن نەونوختەی خاڵان
مەیخانە خاڵی، مەیخۆران بێ شەوق
بادەکەش ماتەم، بادەنۆش بێ ذەوق
زیـاد جـە گـردیـن شای سینـە سافـان =

= مەخدوومی (مەعدووم) مەولەوی جافان(*)
جادار ڕەویەی (بێسارانی) وی
ئەبیات (یۆسف)، ئەشعار (خانا)
جە خەیاڵ خاسیش وە هیچ منمانا
فەر وەش مەضموون (مەڵڵا)کەی گۆران
ئەبیات (تەرکە)ی مەدداح بۆران
دانەی (داخی) وەند، (خانە)ی داخەمین
فەرمووەی (شەفیع) دەروون ماتەمین
ئەفکار ئەبکار (صاڵحی) کەردە
ئەبیات بەنات(نەجەف) پەروەردە
ئەشعار ڕەنگین (دێوانە)کەی شەم
گوفتەی (ڕەنجووری) دەروون دەریای خەم
بێ خود جەلای خەیاڵ خاسیش بی
بێ وجوود جە فکر خاسان باسیش بی
وادەی موناجات (قاضي الحاجات)
وەکزەی دەروون صیدق دڵ هەر سات
ئەی دانەی نەفیس شەفافتەر جەلاڵ
مەسفت وە قەڵەم سەر نووك خەیاڵ:
«یا جە گونای من کەرەم ئاوان تەر!»
«ڕەحمەت جە تاوان من فراوانتەر!»
« هەر تۆنی وە تاق دانا و توانا»
«تۆم هەنی، هەنی وە کێم بۆ هانا»
نە فەصڵ فیراق بە صەد زاری و دەرد
ئەی لافە نە گەنج خاطر بەرماوەرد: =

(*) ئێمە *وای* بۆ ئەچین *داخی* ئەم پارچە شیعرەی بە بۆنەی کۆچی *دواییی مەولەوییەوە و بۆ لاواندنەوەی وتبێ.*

(بولبول)ه و شاعیرێکی باش بووه. ئەم ذاته له خزمەتی مەولەویدا خوێندوویەتی و

= «وه وردە زامـــدا دڵ تـــاقـــەت بـــێزا»
«هـــەرچـــی بـــیـــم یـــەکسەر وه چـــەمـدا ڕێزا»
«تـاقـەت بـی وه هـوون جـه سەختـیی زامـان»
«تك تك چـــەنـــی هـــەرس ڕێزا وه دامـــان»
وادەی تـــەمـــەنـــنـــای ویـــصال یـــاران
وەخت ئـــارەزووی دیـــدەی نـــازداران(*)
مـەجـنـوون ثـانـیـی کـۆی دوجـەیـل مـاوا
یـــۆرت دڵ وه ئـــێل مـــەیـــل لـــەیـــل ئـــاوا
سەردار سەرتـــیـــپ سوپـــای دڵـــڕێشان
(مـحـبـوب الـقـلـوب) جـەرگـەی دەرویشان
لـــێویـــای لـــێوەی لاڵ، لاڵ لـــێو لاڵان
شێویـــای شێوەی شۆخ شای شیـریـن خـالاڵن
ئـینشای سەربـەستـەی بـەستـەی سەر خـامـەت
یـانـێ نـامـەکـەی مـیشکین خـیـتـامـەت
یـــاوا وه سەروەخت دڵ خـــار خـــاران
مـــەحـــرووم دیـــدەی دیـــدە خـــومـــاران
دڵ شاد بـــی وه شاد و دڵشاد بـــی وه شاد
کـۆ کـۆ کـۆی خـەرمـان خـەمـان دا وه بـاد
فـەرمـابـێت جـه ڕووی ڕەویـەی غـەمـخـواری:
ئـەحـوالّت چـۆنـەن؟ چـەنـی مـە ویـاری؟
چـێش عـەرض بـۆ ئـەحـوالّ بـەدحالّیی حالّم!
دوور جـه تـۆ نـەحسی و چـەفـتـیـی ئـەحـوالّم
جـه بـەدبـەختـیـی وێم هـەر کـەس وانـام لـەیل
دێر صولّح بی و زوو جەنگ، کەم وەفا و بێ مەیل =

(*) هـەر چەند لە کەشکۆڵەکەی مەحمود پاشادا ئەم پارچە شیعرە بەم جۆرەیە، بەڵام ئێمە وای بۆ ئەچین ئەگەر هیی تری بەدەمەوە بێ لێرەوە فەوتابێ و ئەمەی پاشەوەی پارچەیەکی تری (داخی)بێ.

حەزی لە کچێکی کردووە و لە دڵیشیا بووە کە داوای بکا، بەڵام دەنگی نەکردووە تا

= مــەعــلــووم جــە تــەقسیــم ئــاڵــەم بــاڵا
کــاڵای خــەمــانم بــڕیــان وە بــاڵا

٢

لــەیــل وە نیگــاوە.
دیدەی فـیـتـنـە جـۆش هــا وە نـیـگـاوە
پـێڵ وە حــەی تــاران ئــەفــعــی نماوە
مــەر کــەمــەند وە شان فــەریدوون شاوە
حــاجـیب وەو هــەیـبــەت قــەوس قــەزاوە
مــەر قــەوس و قــەزەح وە ڕووی سەمــاوە
بـیـنـی وەو شەمـیـم ڕەمـیـم ئـیـحـیـاوە
ئـیـجــازە دارۆ جــە مــەسیــحــاوە
لــەب گـوڵ غـونـچــەی بـاخ وە نــەوشکـاوە
خاڵ وەنەوشەی دێز پای هــەردەی کاوە
تـۆپ تــەڵای زنــج صەیــقــەل ئــەیساوە
یــا نــارنــج بــاغ خــاصەی داڵــتــاوە
دانــەی خــاڵ وە جـیـد جــەیـران ئـاساوە
مـنـمـانـۆ چـون نــەقش وە ڕووی مـیـنـاوە
مــەم وە تــەخت صەدر پــڕ جــە صەفــاوە
ثــەمــەرەی سیـدرەن وە مــونــتــەهــاوە
نــەرمـیـی لـیـف وە ڕووی کـافـوور نماوە
مــەر قــاقــوم وە ڕووی کــاتــبــی شاوە
ڕان وە ڕەوانـــیـــی ڕەوان ئـــەفـــزاوە
ساق سفید چون ثەلج پای هــەردەی کاوە
یــا شا تــا زەمین هــا وە پشت گــاوە
بمانـــۆ وە حـــوسن نـــازدار بـــاوە =

مەولەوی، کچەکەی داوە بە شوو، ئەوجا بە پارچە شیعرێك گلەییی لە مەولەوی کردووە

= (داخی) هـا جـە داخ ئـەو پـەنجە و پـاوە
سەر نـیـیـا وە سەر ئـەڵـحـەد سەراوە

٣

لە وەڵامی پارچە شیعرێکی کاك ئەحمەدی خوسرەو چاوەشیشدا نووسیویە:

سەرمـەست بـادەی بـەخشنـدەی تـەوفـیـق
مـەجذووب جـەذبـەی مـەعشووقـەی حـەقیق
پیسوای سووق زوهد شەحنەی شەهر عەشق
جورعە نۆش بەزم زومرەی مەینەت مەشق
دیوانـەی حـەیـران وادەی مـەحـروومـی
سەرگـەشتـەی پـای کـۆی نـەجد مـەعدوومی
بـەدنـام جـەرگـەی طـاعـەت فـرۆشان
لای خـوار خـەرقـەی مـەی حـەقیقی نۆشان
سوار نـەیـجـەی بـاڵـوڵ دانـا
دیوانـەی وە عـیـلـم حـەقـیـقـەت زانـا
تووڵ دڵ مەصرووف عیلم صەرف و نەحو
ثـانـی نـە لـیـقـای ذات بـێچـوون مـەحـو
شکـار چـەنـگـاڵ صاحـێب جـەنـاحـەیـن
گـیـرۆدەی کـەمـەند سەمـیـی (ذي النورين)
سەردار سەر دار، حـەلـلاج ثـانـی
گـۆیـای (أنـا الحق)، دانـای سوبـحـانـی
جـبـەی تـەن خـاڵـی نـە مـاسیـوای حـەق
هـووەیـدا مـەمـلـوو جـە ذات مـوطـڵـەق
نـیشتـەی ڕووی مـەسنـەد شای نـەقشبـەندان
جـای مـەلجە و ئـومـێد ئـیـقـبـاڵ بـوڵـەنـدان
نـامـەی پـڕ جـە ڕەمـز عـیـلـم حـەقـیـقـەت
ئـیـنشاکـەردەی نـووك خـامـەی طـەریـقـەت =

که سەرەتاکەی ئەم بەیتەیە:

= ضیـــادا وە عـــەیـــن بـــێ تـــۆ بـــێ نـــوورم
شیـــفـــا دا وە ئـــێش دڵـــەی ڕەنجوورم
حـــاڵـــی بـــیـــم یـــەك یـــەك گـلـــەیـــی کـــەردەت
ظـــەن سەرد مـــەیـــلـــی وە یـــاران بـــەردەت
وە مـــەرگت دڵ یـــەنـد جـــە مـــەیـلت کـــەیـلـــەن
زەڕێ زیـــنـــدەگـیـــم ئـــەر بـــۆ، بـــەو مـــەیـلـــەن
بـــەڵام تـــۆ عـــاڵـــەم عـــولـــوی مـــاواتـــەن
گـــەردەنـــەی سەربـــەرز مـــەڵـــەکـووت جـاتـــەن
نـــە سایـــەی ئـــەڵـطـاف صیـدق صیـدیـقـــی
ویـــردتـــەن وە فـــەخـــر (هـــذا طـــریـــقي)
مـــن گـیـرۆدەی چـای گـونـای هـــاروو‌تـیـم
وەتـــەن نـــە مـــاوای سوفـلای نـــاسووتـیـم
تەرسوون ئەر خامەی وە خەم شەق وەردەم
تـەحـریـر کـەرۆ ڕاز مـەخـفـیـی تـۆی پـەردەم
نـــاپـــاکـیـم هـــەر یـــەنـد نـــە حـــەد ئـەودەر بـــۆ
پـــەی صەفـــای خـــاطـــر پـــاکـــان کـــەدەر بـــۆ
ئـــەر تـــەنـیـای بـــێ فـــەرد فـــەرد گشت فـــەردان
ڕەحمش کەرد وە حاڵ جەستەی سەرگەردان
پـــێم یـــاوان وە شەهـــد لـــوطـــف حـــەلاوەت
صەیـــقـــەل دا وە زەنگ زەهـــر قـــەساوەت
ئـــەوسا ئـــەر هـــەر ڕۆ، هـــەر سات، جـــە نـــۆوە
شەمـــامـــەی نـــامـــەم نـــامـــات وە بـــۆوە
بـــزان سەردەفـــتـــەر دڵ بـــێ دەردانم
عـــەبـــەس نـــە پـــای هـــەرد دەرد سەرگـــەردانم
سا بـــۆ بـــەشق شای نـــەقشبـــەنـــدان گشت
نـــەفـــەس چـــون شمشیـر مـیـصری نـە بـرشت =

نـیشانـەی نـاوك نـیـگـای نـازاران
یـانـێ سەردەفـتـەر سوپـای خـەمـبـاران

مەولەوییش زۆر پێ ناخۆش ئەبێ کە بەم ئارەزووەی ئەوی نەزانیوە تا بۆی جێبەجێ بکا و پارچە شیعرێکی زۆر ناسکی لە وەڵامـا بۆ ئەنووسێ کە سەرەتاکەی ئەم بەیتەیە:

چـێشەن پـەشێویـم؟ مـاتـەمـیی دڵـەن،
یـا کـزەی ئـامـای نـامـی بـوڵـبـوڵـەن؟

بوڵبوڵیش بەرابەر بەم هەستەی مەولەوی پارچە شیعرێکی تری بۆ ئەنووسێ، بەڵام لەمیشا هەر دڵگرانیی خۆی لە بەنسیب نەبوونی کچەکە دەرئەبڕێ و بەم بەیتە دواییی دێنێ:

ئەمـا حەیف (بوڵبوڵ) جە وێت هەراس کەرد
پەی تەنیا گوڵێ وێت کەس نەناس کەرد(٢١)

یـەکێکـی تـر لـە دۆستـانـی مـەولـەوی شێخ مـۆمـنـی سازانـییـە کـە خـەلـیـفـەی شێخ موحەممەد بەهـائوددین بووە و مەولەوی زۆری ڕێز لێ گرتووە و لە سەرەتای پارچە شیعرێکیا بەم جۆرە قسەی لە گەڵ ئەکا:

نـەتـیـجـەی پـاك دیـن شێخ سازانـی
خـاس وەتـەن نـە تـۆی دەروون سازانـی

دۆستێکی تریشی مەلا یوونس ناوێك بووە بۆم ساغ نەبووەتەوە کێیە و خەڵکی کوێیە. مەولەوی لە پارچە شیعرێکیا بەم جۆرە ڕووی دەمی تێ ئەکا:

نـالآت جـە داوەر پـەی حـاڵ مـن بـۆ
لاڵات پـەی ئـەحـواڵ مـەلال مـن بـۆ
بـەڵ ئـەی حـاڵ تـەبـدیـل وە حـاڵ خـاص بۆ
شیشەی دڵ نە زەنگ عیصیان خەڵاص بۆ
(داخی)م دڵ وە زەنگ عیصیان خاڵ خاڵم
مـوحـەووەل وە لـوطـف تـەحـویـل حـاڵـم

پارچە شیعرەکەی کاك ئەحمەدیش پاشان لە باسی خۆیدا بڵاوئەکەینەوە.

(٢١) ئەم سێ پارچە شیعرەی بولبول و مەولەویمان لە دیوانی مەولەویدا بڵاو کردووەتەوە.

لـوقـمـەکـەی مـاسا و قـووڵ دەریـای مـەیـل
لـوخت سای کـۆڵـەی سارای دووریـی لـەیـل

یەکێکی تر لە دۆستانی مەولەوی سەید عەبدولصەمەدی خانەگایی بووە کە پاش تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی ئەکەوێتە ڕێ بۆ کرماشان تەدارەکی ژن هێنان بکا، لە ڕێدا لە نزیکی دەوڵەتاوا مار پێوەی ئەدا و ئەمرێ و لە دەوڵـەتـاوا بـە خـاکـی ئـەسپـێرن. مـەولـەوی بـە پـارچـە شیـعرێکـی بـەسۆز ئـەم ذاتـەی لاواندووەتەوە. سەرەتای ئەو پارچە شیعرە بەم بەیتە دەست پێ ئەکا:

پـای شادیـم دیسان مـاران گـەستـەوە
نـە پـیـاڵـەی چـەم ژار تـۆ بـەستـەوە

یـەکێکـی تـر لـە دۆستـانـی مـەولـەوی حـاجـی مـەحـمـوودی یـاروەیسە کـە وەکیل و مـەسرەفـداری مـەحـموود پـاشای جـاف بـووە[۲۲]. دۆستـایـەتـیـی مـەولـەوی و حـاجـی مـەحـمـوودی یـاروەیس دۆستـایـەتـیـیـەکـی زۆر بـە هـێز بـووە. هـەر لـەمـەیشـەوەیـە کـە عـەبدولڕەحمـانی کوڕی حاجی مەحموودی یاروەیس بە گوللەی وێڵ پێکراوە و مردووە، مـەولەوی بـە چـەند پـارچـە شیـعری پـڕسۆز لاواندوویـەیتـەوە کـە یـەکێکیـان ئـەوەیـە بـەم چـەند بـەیتـە خـەمگیـنانـە دەست پـێ ئـەکا:

ئـــای کـــێ بـــی هـــەواڵ لـــوای تـــۆ ئـــاوەرد
بـەختـش بـەر گـەشت بـۆ هـۆشم وەحشی کـەرد

مـــدیـــا ئـــەو شۆنت دڵ نـــە پـــەنـــهـــانـــدا
چـــون ئـیسم (ڕەحـیـم) وەشۆن (ڕەحـمـــان)دا

کـــۆتـــرەکـــەی ئـــازاد حـــەریـــم دڵ بـــیت
دانـــەی مـــۆبـــەت چین پـــەی وێت غـــافـــڵ بـیت

(۲۲) ئەم حاجی مەحموودە لە ئەسڵا لە عەشرەتی (کڵاشی)یە، وەختی خۆی کۆچیان کردووە و لە عەشرەت جوێ بوونەتەوە و هاتوونەتە شارەزوور لە ئاوایییەکانی (تەپەکوڕە) و (تەپی سەفا) و (بەشارەت) نیشتەجێ بوون. حاجی مەحموود پیاوێکی کارامە و لێهاتوو بووە و لە ناو بەگزادەی جافا زۆر بە حورمەت بووە و پێوەندیی ڕۆحییشی بە شێخانی تەوێڵە و بیارەوە زۆر پتەو بووە.

صەیـیـاد چـەپـگـەرد ئـاخـر فـرسەت سەنـد
نـاکـاو دوور ئـەنـداز دووریت وە دڵ شەنـد

یەکێکی تر لە دۆستانی مەولەوی مەلا فەتاحی جەباری بووە، کە ئەمیش شاعیرێکی ناسکی لەهجەی گۆران بووە(٢٣).

(٢٣) وا لێرەدا ئەم بەهارنامەیەی مەلا فەتاح بلاوئەکەینەوە:

ساقـی، سا (دەی) شی، وەهـار ئـامـاوە
گـولان سەرکـێشان نـە تـۆی ساراوە

هـەوای دڵـگـوشای نـە ڕووی بـەهـەشتـەن
فەڕ وە ڕووی سەحرای گەرمەسێر وەشتەن

وادەی بـادەی نـاب سەیـر وەهـارەن
سەرزەمین مـەظـهـەر لـیـقـای دیـدارەن

زەمـزەمـەی فـیـراق دڵ ئـەفـگـارانـەن
صەدای تـەپـڵ تـیـپ دەردەدارانـەن

وەخت نـۆشانـۆش سەبـووی قـەرقـەفـەن
دەنگ زیـل و بـەم دائـیـرەی دەفـەن

درەختـەن، سەبـزەن، شنـۆی شەتـاوەن
نـەورۆزەن، گـوڵـەن، هـەوای پـای کـاوەن

مـەیـەن، مـەعشووقـەن، مۆبـەتـەن، مـەیلـەن
خـومـەن لـەبـڕێزەن، پـیـاڵـەن کـەیـلـەن

شۆڕەن، شۆڕشەن، غـەوغـا و غـریـوەن
وەر جـیـلـوەی جـەمـال دڵان فـریـوەن

نـە گشت دیـاریٚ تـەجـەڵـلای طـوورەن
نـەفـحـەی گـیـرودار قـەتـل مـەنـصوورەن

فـەنـا فـیـللاهـان مـەست دڵ ئـاگـاهـ
بـێ بـاك مـواچـان (اني أنـا اللـه)

ڕەنـدان سەرمـەست جـان فـیدای جـانـان
(أنـا الحق) چـون ذیـکـر زاهـیـد مـوانـان =

= بـۆ تـا بـگـێریـن خـوسرەوی بـەزمـێ
چـەنـی هـەستـیـمـان بـکـەیـن ڕەزمـێ
بەزمێ چون مەجلیس بەهمەن وەکام بۆ
گـا حـەدیث جـەم، گـا بـاس جـام بـۆ
ئـەی ساقـی دەخـیـل مـن وەی زامـەوە
ئـیـلـتـیـفـاتـێ کـەر تـۆ وەلامـەوە
عـیـلاجـێ پـێم دەر سوودمـەنـدم بـۆ
بـاعـیث حـەیـات قـەیـدمـەنـدم بـۆ
ڕستـگـارم کـەر لـەم بـەنـد دامـە
قـەدەم ڕەنجان کـەر وادەم تـەمـامـە
تـەشریـف بـاوەرە وە سەبـووتـەوە
وە پـیـاڵـەی گـوڵـڕەنگ چـون یـاقـووتـەوە
وە سیـنـیـی سیـمین ظـەرف زەڕەوە
وە جـام گـوڵ فـام بـۆ عـەنـبـەرەوە
هـەرکـەس بـگـێڵـۆ نـە جـام پـەی کـامـێ
دەرمـان بـۆ پـەی ئـێش هـەر دەرد و زامـێ
وە مـۆسیـقـەی مـەشق صەد قـانـوونـەوە
دەم وە صەدای ساز ئـەرغـەنـوونـەوە
مـوطـریب تـۆیش وە چـەنگ دڵـنـەوازەوە
وە سۆز سەمـتـوور صەدای سازەوە
مەر واچان (مەلا) جە هـەستیی وێش ڕەست
بـی وە کـاسەلـێس مـەستـان(ألست)

ئەم مەلافەتاحە پێوەندییەکی بە تینی لەگەڵ بەگزادەی جافی گەرمیان بووە و هاتوچۆی لای موحەمەد پاشا و مەحموود پاشای جافی زۆر کردووە. جارێکیشیان میوانی ماڵی قادر بەگ ناوی جاف ئەبێ لە (بانەبۆر)، ئەمنە خانی ژنی قادر بەگ پێی ئەڵێ: مەلا بێ لای ئێمە دانیشە بانەبۆرت ئەدەینێ بۆ خۆت بیکێڵە. ئەویش ئەڵێ: بەخودا ئەمنە خان، بانەبۆری ئێوە هەر بۆ قادر بەگ باشە، بەمن ناکێڵرێت.

نامەکانی مەولەوی

مەولەوی وەك مەلایەکی گەورە و شاعیرێکی باڵا و پیاوێکی کۆمەڵایەتیی خاوەن ڕێ و شوێن و وەك مەنسووبێکی دڵ ڕِ لە سۆزی شێخانی نەقشبەندیی تەوێڵە و هەروا وەك یەکێ لەو بلیمەت و هەڵکەوتووانەی چەرخی ڕۆژگارەکەیان لە ئاستی بلیمەتی و هەڵکەوتوویی ئەواندا نەبووە، گەلێ نامەی لە پاش بەجێ ماوە و هەر بەوەشا کە ئەو نامانە گەلێ لەوە کەمترن کە لەگەڵ پایەی لە گەلێ سەردەوە بەرزی مەولەویدا بگونجێن– دیارە چەند ئەوەندەشیان فەوتاون یا هەر هیچ نەبێ زۆریان هێشتا لەژێر باری تۆزی گەردووندا شارراونەتەوە.

ئێمە بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئەندازە بەردەست کەوتووەی نامەکانی مەولەوی، دەرگایەکی گەورە بۆ ئەوانە ئەخەینە سەر پشت کە عەوداڵی ناسینی چاتری مەولەوین و ئەیانەوێ لە درزی دەروونی خۆیەوە لێی بکوڵنەوە و هەڵی سەنگێنن. هیواشمان ئەوەیە ئەو دڵسۆزانەی نامەی تری مەولەوییان لا هەیە پیشانمانی بدەن، بەڵکو ئەمە خوایە بتوانین لە بەرهەمەکانی لەمەوپاشماندا بیانخەینەڕوو و نەهێڵین وەك هەزاران بەرهەمی تری هەڵکەوتووەکانی کورد و کوردستان بفەوتێن.

نامەی یەکەم

بۆ شێخ عوسمان سیراجودینی نووسیوە

مخدوم مطاع مهربان، و قطب دائرهء حق شناسان، و ضیابخش دل ناتوان، و روشنی دە دیدهء پیر و جوان، اعنی بە شیخ عثمان کە حدیث (الحیاء شعبة من الإیمان) در شأن او جویان است، بە قادر منان میسپارم تا مدید الزمان در أمان خود نگە دارد.

و از جانب آن مرکز دائرهء أمن و أمان، و از کلك درر سلك دبیر عطارد نشان، نامهء عنبر فشان بە یاد آوری مخلص آستان روانە فرمودە بودند، در أسعد زمان و امجد أوان چون وحی آسمان مقوی عقیدهء ایمان گردید. و از خصوص عزای ما ایمائی رفتە بود، بە موافق آیهء (ان لله وان إلیه راجعون)، دیدە را نوری و جان را سروری و دل غمدیدە را صبوری حاصل شدە(٢٤).

(٢٤) مەولەوی لە سەردەمی شێخ عوثمان سیراجودیندا ماڵی لە دێی (گونە) بووە. لەو =

و باقی بندهء اخلاص کیش و معتقد عقیده اندیش اخلاصش زیاد از حد و بیش از پیش است. والسلام ختام.

المعدوم

نامەی دووهەم

بۆ شێخ موحەمەد بەهائودینی کوڕی شێخ عوسمان
سیراجودینی نووسیوە لە وەڵامی نامەیدا

تمیمهء بازوی حیات درویشان، و تتمهء نیروی ثبات دلریشان، اعنی نتایج افکار ابکار منشیان ایشان، به سروقت فقرای بی مراد و سرافرازی حقرای خلوصیت نهاد رسید. شمایم بوی گلهای فقراتش بوی بساتین عهود قدیمه به مشام رسانید، پیر جان را به جوانی جاودانی مشرف گردانید. آنچه از شفقت اظهار فرموده بودند عکس پرتو اخلاص بیدلان است. بلی

عشق هر چند بین بین آید
میل کلی ز جانبین آید

(رفع الله حجاب الاثنینیة من البین، وأدام الطرفین للطرفین). ازینکه فراق را به تمنای وصال دوستتر داشتم یقین

هجری که بود مرا ز دلبر
از وصل هزار بار خوشتر

علاوه بر آنکه اگر تعلق روحانی که عبارت از مرحمت سرکار و عقیدهء این شرمسار است، تلاقی جسمانی را چه فائده که: گر در یمنی چو با منی، پیش منی، والا

کە هەڵئەستن ئەچن بۆ مزگەوت بۆ نوێژ، گەلێ لە مریدەکان بە ڕێز و حورمەت لێگرتنەوە بە پیری شێخ نەبییەوە دێن. شێخ نەبی بەمە تۆزێ دڵی ئەحەسێتەوە و دێتەوە سەر خۆی. لەوبەینەدا لە قسە و باسی خەڵکەکەوە شێخ عەلییش ئەناسێ، ڕووی تێ ئەکا لێی ئەپرسێ ئەڵێ بۆ خاتری خوا مادەم تۆ شێخ عەلیی تەوێڵەییت بۆچی و چۆن ئەو قسانەت بۆ کردم و مەبەستت چی بوو؟ شێخ عەلییش وەڵامی ئەداتەوە ئەڵێ کاکە مەلا، ماشەڵا تۆ ئەوەندە بە عیلمەکەی خۆت ئەنازیت و لە خۆت باییت، تەنانەت ئەو شەرعەیش کە بە دەرز خوێندووتە و بە خەڵکی ئەڵێیتەوە فەرامۆشت کردووە و ڕەفتاری پێ ناکەی! جا پاش مەدح و تەعریفکردنی شێخ عوسمان سیراجودین و مەسووبەکانی، بۆی ڕوون ئەکاتەوە کە مەبەستی لە ڕۆژوونەگرتنی جارویاریان، کاتێکە کە نەخۆش بن یا بە ڕێوە بن. مەبەستیشی لە دوو ڕکات نوێژکردنیان لە جیاتیی نوێژی چوار ڕکاتی، هەروا کاتێکە کە لە سەفەری دریژدا بن. دیارە کە ژنیش

دینن ژنەکانیان کچی خەڵکن و هەر بە نهێنییش ماچیان ئەکەن نەك لە بەرچاوی خەڵکا. ئیتر شێخ نەبێ شەرم ئەیگرێ و بە خۆیدا ئەچێتەوە کە چۆن لەم (مەتەڵ)ەی شێخ عەلی تێ نەگەیشتبوو و لە خۆیەوە گومانی خراپی بردبوو[1]. لە کورتی بیبڕینەوە شێخ نەبی پاش بەخزمەت گەیشتنی شێخ عوسمان زۆری ئەچێ بەدڵا و تەریقەتی لا وەرئەگرێ و پاشان ئەیشبێ بە خەلیفەی و ئیجازەی ئیرشادکردنی موسوڵمانانی ئەدرێتێ و ئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی.

شێخ نەبی بەتایبەتی لە زانینی شەرعدا دەستێکی بالای بووە و گەلێ جار لەبارەی مەسائیلی شەرعەوە لەگەڵ مەلایانی سەردەم کەوتووەتە موجادەلە و گفتوگۆ و لە ئەنجاما دەر کەوتووە کە قسەی ئەم ڕاست و موافیقی شەرعە. شێخ نەبی لە ١٣٠١ی هیجریدا کۆچی دواییی کردووە.

---

(١) لەم شێخ عەلییە هەروەك خواناسێکی بێ درێغ بووە، زۆر نوکتەچییش بووە. ئەو سەرگوزەشتەیەی ئێستا گیرامانەوە، ئەتوانرێ بە نوکتەیەکی خوشیش دابنرێ. نوکتەیەکی تری ئەوەیە ڕۆژێکیان کوڕەکانی شێخ سیراجودین برسییان ئەبێ پێی ئەڵێن، کاکە عەلی قاوەڵتییەکمان بو ڕێك بخە، ئەویش ئەڵێ فەرموون با لە (یەکاوە) تێرتان بکەم. یەکاوە جۆرە قوبڵییەکی برنجە لەپێشا ڕۆن و پیازی بۆ داخ ئەکرێ و ئەوجا ئاوی بەسەرا ئەکرێ و کە ئاوەکە هاتە کوڵ برنجەکەیشی تێ ئەکرێ، ئیتر ئاوی تری بەسەرا ناکرێ. ئەوانیش لەگەڵی ئەڕۆنەوە بۆ ماڵ. ماوەیەك دائەنیشن، پاشان شێخ عەلی جامێ ئاو دێنێ لە بەردەمیانا دایئەنێ و ئەڵێ فەرموون بخۆن. ئەوانیش دائەمێنن و ئەڵێن ئەی برنجەکە کوا؟ شێخ عەلی ئەڵێ: برنجی چی؟ من گفتی (یەکاوە)م پێ دان، ئەم ئاوەیش یەك ئاوە ئاوی تری نەکراوە بەسەرا و لەوە زیاتریش شك نابەم!

شێخ حەیدەری مەشهوور کە لە بیارە ژیاوە و لە ١٣٥٣ی هیجریدا لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە، کوڕی ئەم شێخ عەلییەیە. شێخ حەیدەر خواپەرستێکی بەناووبانگ و شەرعزانێکی کەم هاوتا بوو. خەتیشی ئێجگار خۆش بوو. عومری خۆی بە خواپەرستی و وتنەوەی دەرزی شەرع و قورئان خوێندن ئەبردە سەر. لە گۆڕستانی(ملەگای چنار) لە بیارە بە خاك سپیرراوە.

یادی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ

ئەم ذاتە کوڕی شێخ موحەمەدی خاڵی کوڕی مەلا ئیسماعیلی کوڕی مەلا موصطەفای کوڕی مەلا شەمسودینە کە هاوچەرخی دروستکردنی شاری سولەیمانی بووە و ئەچێتەوە سەر مەلا ئەبووبەکری موصەنیفی چۆڕی.

ئەم ذاتە لە ساڵی ١٢٩٥ی هیجرەتدا لە سولەیمانی لەدایك بووە و پاش ئەوەی سەرەتای خوێندنی تەواو کردووە، لای زانایانی بە ناووبانگ مەلا موحەمەدی کەوانەدۆڵی و شێخ عەبدولقادری موهاجیری سنەیی بووە بە فەقێ تا ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە و پاشان چووەتە تەوێڵە لەسەر دەستی شێخ موحەممەد بەهائودیندا تەریقەتی نەقشبەندیی وەرگرتووە و پاش چەند ساڵ سولووککردن ئیجازەی خەلافەتی دراوەتێ و ئیتر گەڕاوەتەوە بۆ سولەیمانی و دەستی کردووە بە دەرز پێوتنی فەقێیان و بە ڕێ نموونیکردنی موسوڵمانان. ئەم ذاتە دەستێکی بالآیشی لە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسیدا بووە و ئەو حەوت چامەیەی لە ڕێی حەجدا بە فارسی وتوونی، نموونەیەکی بەرزی ئەدەبی فارسین.

ئەم ذاتە لەئاست ژیانی دنیادا زۆر گۆشەگیر بووە و چ لە سەردەمی ئینگلیز و چ لە ڕۆژانی فەرمانڕەواییی شێخ مەحموودی حەفیدو چ لە سەردەمی حوکوومەتی عێراقدا هێچ پایە و پلە و مانگانەیەکی لە دەوڵەت وەرنەگرتووە.

ئەم ذاتە لە ١٣٥٠ دا کۆچی دواییی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیوان بە خاك سپێرراوە[١].

---

(١) ئەم ذاتە باپیری جەنابی شێخ موحەمەدی خاڵە کە خاوەنی کۆمەڵێك دانراوی ئاینی و ئەدەبییە بە کوردی و عەرەبی.

یادی مەلا ئیبراهیمی بیارە

مەلا ئیبراهیمی کوڕی مەلا ئیسماعیل کە مودەڕیس بووە لە دێی بیارە، یەکێ بووە لە گەورەکانی کوردستانی چەرخی خۆی. مەلا ئیسماعیلی باوکیشی هەروا مەلایەکی چاك بووە. ئەگیڕنەوە کاتێ کە کۆچی دواییی کردووە، بیارەیی لە ناوخۆیانا ئەکەونە قسەکردن، یەکێکیان بە تانەوە ئەڵێ: ئەرێ.... ئەرێ....

مەلا ئیبراهیم دەرز بە فەقێیکانی باوکی ئەڵێ! ئەم قسەیە زۆر کار ئەکاتە دڵی مەلا ئیبراهیم و لەوەوە بیارە بە جێ دێڵێ، بۆ خوێندنی پتر. ئەچێتە سولەیمانی لای زانای بەناووبانگ سەید عەبدولکەریمی بەرزنجەیی کە سەردەستەی مەلایانی ئەو ڕۆژەی سولەیمانی بووە و لە مزگەوتی ئەورەحمان پاشای بابان مامۆستا بووە کە ئێستا بە مزگەوتی شێخ بابە عەلی بەناووبانگە – دەس ئەکاتەوە بە خوێندن. پاشان دێتەوە بۆ بیارە و بە یارمەتیی پاشایانی بابان لە جێی باوکی دائەمەزرێتەوە و دەس ئەکا بە دەرزوتنەوە و گەلێ فەقێی پایە بەرز لەسەر دەستیا ئەبن بە مەلا.

ئەم ذاتە بە تایبەتی لە عیلمی ڕەوانبێژی (بەلاغە)و عیلمی دانان(وەضع)دا زۆر بەدەسەلات بووە. ئەڵێن لەو سەردەمەدا (عصام الدینی وضع) لای هیچ مەلایەك وەك لای ئەو باش نەخوێنراوە.

لە زوبانی مەلاعەبدولقادری مودەڕیسی بیارەوە گێڕراوەتەوە کە فەرموویەتی باوك و باپیری مەلا ئیبراهیم تا بیست و پێنج پشت مەلای زانا و گەورە بوون[1].

مەلا ئیبراهیم[2] هاوچەرخی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی و مەلا جەلالی خورمالی بووە کە لە مەلا گەورەکانی کوردستانی سەردەمی خۆیان بوون.

---

(١) مزگەوتی ناودێی بیارە کە مەلا ئیبراهیم لەوێ دەرزی وتووەتەوە و وا مەشهوورە لە سەردەمی داگیرکردنی کوردستانا لەلایەن لەشکری ئیسلامەوە دروست کراوە، سەردابێکی تیایە بە چەندین پلەکانە ئەڵێن ئەچێتە خوار. لەناو بیارەییدا واباوە کە قەبری پیاوەچاکێك لەو سەردابەدایە و پڕە لە کتێبی کۆن کە بە درێژاییی ساڵ تێی فڕێ دراوە. هەرچۆن بێ کەس ڕاستی و ناڕاستیی ئەم قسە باوەی تاقی نەکردووەتەوە.

(٢) هەرچەند مەلا ئیبراهیم مەنسووبی هیچ کام لەو شێخانە نەبووە کە لەم کتێبەدا ناومان هێناون، لەبەر ئەوەی مەلای بیارە بووە و بیارەیش مەرکەزێکی گەورەی شێخانی نەقشبەندی بووە، بە پێویستمان زانی باسی ئەمیش بکەین.

یادی حاجی سەید حەسەنی چۆڕی

ئەم ذاتە زانایەکی گەورە و بەناووبانگ بووە. لە وەچەی مەلا ئەبووبەکری موصەنیفە کە ئەچێتەوە سەر سەید موحەمەدی مەشهوور بە پیرخدری شاهۆ. وەکو لە نەوەکانی خۆیم بیستووە ڕشتەی نەسەبی بەم جۆرەیە: سەید حەسەن کوڕی سەید عەبدولقادری کوڕی سەید ئیبراهیمی کوڕی سەید عەبدولغەفاری کوڕی سەید ئیبراهیمی کوڕی مەلا عەبدولکەریمی کوڕی مەلا ئەبووبەکری موصەنف، خوا لێیان خۆش بێ.

وەك بیستوومە لە فەقێیەتیدا مەشهوور بووە بە زیرەکی و لەناو هاوڕێیانیا سەرامەد بووە. ناووبانگی مەلا عەلیی قزڵجیی بیستووە کە لە دێی (تورجان) مودەڕیس بووە، چووە بۆ لای بۆ خوێندن و چوار ساڵ لای ماوەتەوە. یەکێ لەو کتێبانەی لەو سەردەمەدا لای ئەو خوێندوونی، حاشیەی عەبدولحەکیمی سەیالە کووتی بووە لەسەر شەرحی شەمسییە لە عیلمی مەنطیقدا کە بە یەکێ لە کتێبە گران و درەنگ لێ حاڵیبووەکان دائەنرێ. مەلای قزڵجی لەبەرئەوەی کە فەقێی زۆری لا بووە و بە ئاسانی پیا نەگەیشتووە هەموو ڕۆژێ دەرز بە هەموویان بڵێ، ڕۆژی بۆ دیاری کردوون و ڕۆژانی یەکشەمە و چوارشەمەی بۆ سەید حەسەن تەرخان کردووە. سبەینان دەسیان کردووە بە دەرس تا نوێژی نیوەڕۆ، جا ئەگەر تا ئەوکاتە لێ بووبنەوە، باشە، ئەگینا پاش نوێژی نیوەڕۆ و قاوەڵتیکردن سەرلەنوێ تێ هەڵچوونەتەوە تا لێ بوونەتەوە. سەید حەسەن ئەم چوار ساڵە بەم جۆرە لای مەلا عەلیی قزڵجی حوێندوویە و پاشان ئیجازەی مەلایەتیی لا وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ چۆڕ[1] و دەسی کردووە بە دەرز پێوتنەوەی فەقێ و بڵاوکردنەوەی ئاین و زانست لەو دەوروبەرەدا و بووە بە مەرجەع و پەنای خوێندەواران و موسوڵمانان تێکڕا و فەقێ لە هەموولایەکەوە ڕوویان تێ کردووە و ئەویش هەر خەریکی ئەوە بووە، بەچەشنێ کە جگە لە چەند جارێ کە بۆ داوەریی سەندنەوەی بەشە مووڵکێکی لە دێی چۆڕ چووە بۆ سەفەر، هەمووکاتی خۆی هەر لە چۆڕ و بە خزمەتکردنی زانستەوە بەسەر بردووە.

سەید حەسەن لەگەڵ بەردەوامییشیدا لە دەرس وتنەووە بە فەقێیاندا، گەلێ وەختیشی بە کتێبدانانەوە بەسەر بردووە. ئەمانە ئەو کتێبانەن کە ئەو داینناون و من پێیان

(١) چۆڕ دێیەکە لە ناوچەی مەریوان لە کوردستانی ئێران.

ئەزانم:

(١) حاشیەی لەسەر سەعدوڵلّای بچووك.

(٢) حاشیەی لەسەر تەصریفی مەلا عەلی.

(٣) حاسیەی لەسەر فەریدەی جەلالودینی سیووطی.

(٤) حاشیەی لەسەر (تهذیب المنطق).

(٥) حاشیەی لەسەر جەلالی مەنطیق.

(٦) حاشیەی لەسەر گەلەنبەویی بورهان.

(٧) حاسیەی لەسەر عەبدولحەکیمی شەرح شەمسی.

(٨) کتێبێکی بە ناوی (الرسالة الکلامیة).

(٩) حاشیەی لەسەر تەفسیری بەیضاوی. لەم کتێبەیدا گەیشتووەتە سوورەتی (القیامه) و لەوێدا کۆچی دواییی کردووە.

ئەم کتێبانەی سەید حەسەن لەناو مەلا و فەقێی ناوچەی مەریوان و هەورامانا باون و دەسگیر ئەبن، بەڵام حاشیەکەی لەسەر گەلەنبەویی بورهان، وەك بیستوومە، دوو نوسخەی هەیە یەکێکیان لای سەیید عەطائوڵلّای کورەزای و یەکێکیان لای سەید ئەحمەدی خەڵکی چاولکانی نزیك سنەیە.

سەید حەسەن لە ١٣٠٥دا لەگەڵ حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ سیراجوددیندا ڕۆیشتووە بۆ حەج و هەر لەو سەفەرەدا تەریقەتی لەسەر دەستی ئەوەدا وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دۆست و دڵسۆزی شێخ ضیائودین بووە و خانەقای بیارەی لە فتوایەکیدا وا باس کردووە: «سماها بعض المنصفین بسفینة نوح». بیستوومە جارێکیان لەگەڵ هەندێ لە سەیدەکانی خزمی لەسەر چەند پارچە مولّکێك ناکۆك بووە، ئەو سەیدانە چوون بۆ بیارە کاغەزێك لە شێخ ضیائودین بسێنن بۆ کاربەدەستی قەڵای مەریوان تا یارمەتییان بدا. لە هەمان کاتا هەندێ کەسی ئاژاوەگێڕیش چوونەتە لای سەید حەسەن و وایان تێ گەیاندووە کە شێخ ضیائودین لەو هەرایەدا لایەنی سەیدەکان ئەگرێ. حاجی سەید حەسەن بەمە زۆر دڵگران ئەبێ و هەواڵەکەش ئەگاتەوە بە شێخ . شێخیش دەسبەجێ لە بیارەوە سوار ئەبێ ئەچێ بۆ قەڵای مەریوان بۆ لای کاربەدەستەکە و نامەکەی خۆی لێ وەرئەگرێتەوە و ئەیبا بۆ سەید حەسەن و

پیشانی ئەدا ئەڵێ برا! بزانە چیم بۆ نووسیوە، ئەویش کە ئەیخوێنێتەوە و ئەبینێ جگە لە داوای هەوڵدان بۆ ڕێکخستنیان هیچی تیا نییە، هەندێ مەعزەرەت بۆ شێخ دێنێتەوە و داوای لێبووردنی لێ ئەکا.

حاجی سەید حەسەن لە ساڵی ١٣٢٣دا لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە. مەلیکولکەلامی سنەیی بەم جۆرە لاواندوویەتیەوە:

ستـوده سیـد فـاضل حسن کـه در دانش
نـدیـدەاست چـو او دیـدەء زمـیـن و زمـن

زهـی کـه بـود ز هـفـتـاد و انـد سال افـزون
همیشه کار او احیای علم و شرع و سنن

شد از دیـار فـنـا شادمـان بـدار بـقـا
بـدان صفت کـه غـریـبـی رود بسوی وطـن

نـوشت از پـی سال وفـات او (مـجـدی)
«بسوی دار بقا شد روان، روان حسن»(٢)

حاجی سەید حەسەن چوار کوڕی لێ بەجێ ماوە کە هەموویان مەلا بوون: سەیید عەبدولقادر و سەید عەبدولکەریم و سەید حوسین و سەید موحەمەد کە ئەمەیان لە هەموویان مەلا چاکتر بووە، بەڵام سەید عەبدولقادری کوڕی جێی گرتووەتەوە و بووە بە شیخولئیسلام. سەید موحەممەدیشیان هەروا خەریکی دەرس وتنەوە بووە.

(٢) ئەم نیوە شیعرە بە حیسابی حوروفی ئەبجەد ئەکاتە ١٣٢٣ کە ساڵی کۆچی دواییی ئەو خوالێخوش بووەیە.

یادی مەلا عەبدولقادری مودەڕیسی بیارە

ئەم ذاتە کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی کانی کەوەیی بازیانییە و ئەچێتەوە سەر مەلا مرادی بازیان کە لە نەوەی مەلا ئەبووبەکری موصەنیفی چۆڕی و لە ساداتی پیر خدرییە. لە دەوروبەری ١٢٨٥ی هیجریدا لە کانی کەوەی بازیان هاتووەتە دنیاوە و لە سولەیمانی و دەوروپشتی خوێندوویە و بیستوومە لای مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوێنییش خوێندوویە، کاتێ کە ئەو نزیکە لە تەواوکردن و ئەم لە پلەی ناوەندیدا بووە. مەلا عەبدولقادر بە نیازی خوێندنی مەنطیق و ئوصوولّی فیقهـ لە خزمەتی مەلا ئەحمەدی نۆتشەییدا لە سولەیمانییەوە ئەڕوا بۆ هەورامان. لەڕێدا لە تەوێلّە لەسەر دەستی شێخ بەهائودیندا تەریقەتی نەقشبەندی وەرئەگرێ. پێشتریش لە سولەیمانی لەسەر دەستی کاك ئەحمەدی شێخدا تەریقەتی قادریی وەرگرتبوو. کە ئەگاتە نۆتشە و مەبەستەکەی خۆی بە مەلای نۆتشە ئەڵێ، مەلا ئەڵێ، باری سەختی گوزەرانی خۆی و فەقێکانی کەسی تر هەڵناگرێ. بۆ ڕۆژی دوایی کە مەلای نۆتشە چاوی پێ ئەکەوێتەوە لە بارەی خوێندنیەوە پرسیاری لێ ئەکا کە چی ئەخوێنێ و نیازی خوێندنی چیی هەیە. کە تێ ئەگا هاتووە مەنطیق و ئوسوولّی فیقهی لا بخوێنێ و بەتایبەتی کە ئەزانێ کتێبی (گەلەنبەوی بورهان)ی پێیە کە ئەو پێشتر نەیدیوە، لە قسەکەی دوێنێی پەشیمان ئەبێتەوە و جێی ئەکاتەوە. بەم جۆرە مەلا عەبدولقادر لای مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی ئەمێنێتەوە تا ئەبێ بە مەلا و ئیجازە وەرئەگرێ، هەرچەند نازانم ئاخۆ لە نۆتشە ئیجازەی وەرگرتووە، یا لە سنە پاش کۆچکردنی مەلا ئەحمەد لە نۆتشەوە بۆ ئەوێ. بەلاّم زیاتر بۆ ئەوە ئەچم کە لەگەڵیا چووبێ بۆ سنە و لەوێ ئیجازەی وەرگرتبێ، چونکە پاش ئیجازە وەرگرتنی بووە بە مەلای دێی (کوچك چەرموو) لە نزیکی سنەوە لای ئەمینولسادات. ئیتر تا گواستوویەتەوە بۆ بیارە هەر لە کوچك چەرموو بووە و بە دەرس پێوتنی فەقێیانەوە خەریك بووە.

حاجی مەلا عەبدوڵلّای پەسوێ خوا لێی خۆش بێ، لە بیارە بۆی گێڕامەوە وتی: مەنسووبی ضیائوددین بووم، هاتبووم بۆ بیارە، مەلا عومەری واشەمەزینییش لە سەردەشتەوە هاتبوو بۆ بیارە. ڕۆژێکیان شێخ پێی فەرمووم مەلا عەبدوڵلّا ئەم کاغەزەم نووسیوە بۆ مەلا عەبدولقادری مودەڕیسی کوچك چەرموو، لەگەڵ مەلا عومەرا بۆی ببەن و پێی بڵێن بە ناوونیشانی ئەو خەوەی شەوی ٢٧ی ڕەمەزان دیویە،

چییان پێ وتووە ڕەفتاری پێ بکا. ئێمەیش ڕۆیشتین و پاش چەند ڕۆژ بە زەحمەت گەیشتینە ئەوێ و نامەکەمان دایە و خوێندیەوە. وتی من بە بێ ئیجازەی حاجی مامۆستای نۆتشەیی هیچ ناکەم. فەرموو با بڕۆین بۆ خزمەتی بۆ سنە بزانین ئەڵێ چی؟ ڕۆیشتین و عەرزی کرد، فەرمووی: مەلا قادر تۆ ئیستیخارە بکە و منیش ئیستیخارە ئەکەم تا بزانین ئەنجام چۆن ئەبێ. شەو نووستین. سبەینێ حاجی مامۆستا هات فەرمووی من وام حاڵی بووە هەرکەس لەگەڵ شێخ عومەر بێ قازانج ئەکا. مەلا عەبدولقادریش وتی منیش هەر شتێکی وام حاڵی بووە و قەراری دا بێ بۆ بیارە[1]. جا ئێمە عەرزمان کرد خەوەکەی ڕەمەزانت چی بوو؟ وتی لەخەوما لە حەوشی خانەقای تەوێڵە کۆڕی شەربەتخۆری بوو، شەربەتیان ئەگێڕا. منیش پرسیم ئەمە چییە؟ وتیان شەربەتی دیاریکردنی مەلا عەبدولقادرە بۆ مودەڕیسی مەدرەسەی شێخ عومەر ضیائودین. جا ئیمەیش عەرزمان کرد وتمان مادەم ئەمەت دیوە، ئەم پرسیار و هاتوچۆتە بۆ کرد؟ وتی ئاخر خەو نابێ بە دەلیلی شەرعی وەکو ئیستیخارە.

پاش دامەزراندنی مەلا عەبدولقادر لە بیارە شێخ ضیائودین، فاطمە ناوی کچی خۆی لێ مارە ئەبڕێ بۆ ئەوەی بە تەواوی ببن بە هاوبەش و هاوماڵی یەك. بەم خزمایەتییە مەلا عەبدولقادر چەند قات دڵی گەرمتر ئەبێ و چالاکانەتر ئەکەوێتە مەیدانی دەرس وتنەوە و خزمەتی دین و پایەی لەناو کۆمەڵیشدا بەرز ئەبێتەوە و فەقێ لە هەموو لایەکەوە ڕووئەکەنە بیارە و مەدرەسەی بیارە ئەبێ بە مەڵبەندێکی گەورەی خوێندن.

مەلا عەبدولقادر پاش ئەوەی کە دێتە بیارە و لەوێ ئەبێ بە مەلا، بۆ جاری سێیەم تەریقەت وەرئەگرێ و ئەمجارە ئەبێ بە مەنسووبی شێخ عومەر ضیائودین و سەرەڕای خەریکبوونی بە دەرس پێ وتنی فەقێیانەوە، بۆ خۆیشی خەریکی سولووك ئەبێ و لەم مەیدانەشدا پلەی بەرز ئەبێتەوە. لە سەردەمی مەلا عەبدولقادردا بیارە، مەڵبەندێکی گەورەی خوێندن بووە لە کوردستانا و لە هەموولایەکەوە فەقێ ڕوویان تێ کردووە و زۆر جار فەقێی (مونتەهی) هاتوون لەوێ ئیجازەیان وەرگرتووە. وا لێرەدا ناوی هەندێ لەو مەلا گەورانە باس ئەکەین کە لای مەلا عەبدولقادر ئیجازەیان وەرگرتووە لە بیارە:

---

(١) لەبارەی ئەم مەسەلەوە بگەڕێرەوە نامەی بیست و سێیەمی شێخ ضیائودین.

١- مەلا قادری مەلا مۆمن

٢- مەلا عەبدولڕەحیمی چروستانەیی

٣- مەلا قادری صۆفی

٤- مەلا عەبدوڵڵای عەبابەیلێیی

٥- مەلا موحەممەدی جوانڕۆیی

٦- مەلا ئیسحاقی هەجیجی

٧- مەلا زەینولعابیدینی نۆتشەیی

٨- مەلا ڕەحیمی هەوشاری

٩- مەلا ناصیحی کەرکووکی

١٠- مەلا عەبدوڵڵای پەسوێ

١١- مەلا عومەری سەردەشتی

١٢- مەلا فەتاحی خەتێ

١٣- مەلا عەزیزی ڕۆخزایی

١٤- مەلا موصطەفای خورماڵی

١٥- مەلا صەلاحودینی پاوەیی

١٦- مەلا بەهائودینی دزاوەری

١٧- مەلا حەمەسەعیدی عەبابەیلێیی

١٨- شێخ بابارەسوواڵی بێدەنی

١٩- شێخ موصطەفای موفتی

٢٠- مەلا عەزیزی پریس

مەلاچاکی وەکو مەلا عەبدڵڵای کانی سانانی و مەلا عەلیی مەریوانی و مەلا عەبدولقادری دەگاگایی و مەلا سەعیدی حەیدەریی سەقزی و شێخ قاسمی قەیسیی بەغداییش لەوانەن کە لەو سەردەمەدا هاتوونە بیارە و لەوێ خوێندوویانە.

مەلا عەبدولقادر چ لە سەردەمی شێخ عومەر ضیائودین و چ لە سەردەمی شێخ

نەجمودیندا یەکێ بووە لە پیاوە گەورەکانی خانەقای بیارە و دەورێکی دیاری لە بەرێوە بردنی ئەو دەسگایەدا بووە.

مەلا عەبدولقادر بیست ساڵیش پاش کۆچی دواییی شێخ ضیائودین، تەدریسی کردووە و ئیتر لە ١٨ی شەشەلانی ١٣٣٨دا کۆچی دواییی کردووە. مەلا عەبدولقادر لە کچەکەی شێخ ضیائودین سێ کوڕ و کچێك: حەسەن[٢]و حوسەین و عەبدولخالق و حومەیرای لی بە جێ ماوە. پاش وەفاتی ئەو ژنەشی یەك لەدوای یەك دوو ژنی تری هێناوە.

***

ئەمەش وەڵامی نامەیەکی مەلا عەبدولقادرە بۆ شێخ عومەر ضیائودینی نووسیوە:

أعلى المنطق حمد منان نوّر نَوْرَ رياض قلوب أصحاب الصفا بنور جمالكم، وأولى الكلام شكر حنان يسَّر صعوب أمور أصحاب الوفا بضياء خيالكم، وأعلى البلاغة صرف العمر نحو تحصيل آداب السالكين في فروع وأصول آلائكم. اللهم اجعلنا من المنخرطين في سلك المتشبثين بأذيالكم، وانظمنا في سمط المقتبسين من نور جمالكم.

وبعد ماكنا في بوادي الفراق عطاشاً، قد أتانا ووردنا من معدن الفضل والإيقان عبارات كلامها جمع الجوامع، وغاية تهذيب الأخلاق، ومنع الموانع لمن رضى بها وعمل بما فيها.

نعم قد لاح من إشاراتها أنواع النور، وفاح من رموزات عطورها فائحة الفرح والسرور، إلا انها شفاء لما في الصدور، وغاية المأمول ونهاية المسؤول من حضرتكم ان لاتنسانا من دعاء العمل بما في الكتاب، واتخاذ سبيل من أناب، والميل عمن حاد عن طريق الحق والصواب. وان كنتم سائلين عنا فلله الحمد نحن سالمون عن كدورة الصفاء، ودائبون على دعاء دوامكم على إحياء الشرع والسنن، وإماتة البدع والفتن. ربنا تقبل دعاء. والسلام.

---

(٢) حەسەن، مەلا حەسەنی قازییە کە نازناوی (شاهۆ) یە و شاعیرێکی باش بووە و دیوانێکی لەچاپدراوی هەیە.

ئەم ذاتە خەڵکی پەسوێی وڵاتی شنۆ و لاجانە. پیاوێکی زۆر لە خواترس و یەکێك بوو لە مەلا گەورەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە عولوومی ڕیاضیات و مەنطیق و کەلام و حیکمەتدا. هەروا لە عیلمی حوروفیشدا دەستێکی باڵای بوو. یەکێکە لەوانەی لەسەر دەستی شێخ عومەر ضیائودیندا تەمەسسوکیان کردووە[1]. پاش ئیجازە وەرگرتن و طەریقەت وەرگرتنی هەمیشە کاتێ خۆی لە نێوان دەرس وتنەوە و بەجێهێنانی ئادابی طەریقەت و موتالاّی دەرسی فەقێیان و شەونوێژ و حەسانەوەی پێویستدا دابەش ئەکرد. ڕابواردنی عادەتیی زۆر کەم بوو.

پاش ئیجازە وەرگرتنی، لای حاجی ئیلخانی لە موکریان دائەمەزرێ و زۆر بە قەدرو حورمەت وەختی بەسەر ئەبا. فەقێ لە زۆر ناوچەی کوردستانەوە ڕوویان تێ کردووە بۆ کەڵك وەرگرتن لە عیلم و فەضڵی. لە ١٣٤٩ی هیجریدا کە من دووساڵ بوو هاتبوومە بیارە، حاج مەلاعەبدوڵڵا هات بۆ ئەوێ بۆ زیارەت و مەلا موحەمەد ئەمینی کورێشی لەگەڵ بوو کە فەقێیەکی زیرەك و بەهرەمەند بوو و ئەوەندەی نەمابوو ئیجازە وەربگرێ. ڕۆژێکیان ئەم کورەی پێی وتم من ناوێرم پرسیار لە باوکم بکەم، تۆ پرسیارم بۆ بکە مەعنای ئەم دوو بەیتەی نیظامی چییە کە ئەڵێ:

الهی طول و عرض عالمی را
تـــوانـــی در دل مـــور آفریدن

نـــه وسعت در درون مـــور آری
نـه عـالـم را سر مـویـی بـریدن

مـنـیش پـرسیـارەکـەم لـێ کرد. لـە وەڵامـا فـەرمـووی: بـە ظـاهـیر مـوساواتـی مـەکـان و موتەمەکین واجبە و عەدەمەکەی مەحاڵە، کەوابێ ئەم دوو بەیتە لەسەر ئیعتباری صوورەتی عیلمی بیناکراون نەك صوورەتی عەینی و بەم وەڵامە ئیشکالەکە حەل بوو.

(١) پێشتر لە باسی مەلا عەبدولقادری مودەڕیسی بیارەدا باسمان کرد کە شێخ ضیائودین ئەم و حاجی مەلا عومەری واشەمەزینیی ناردووە بۆ (کۆچك چەرموو) مەلا عەبدولقادریان لەوێوە هێناوە بۆ بیارە.

حاجی عەبدوڵڵا لەو سەردەمەدا کە لای ئاغەواتی ئیلخانی مەلا بووە، سەفەری حەجیشی کردووە و پاش گەڕانەوە لە حەج لە جاران گەرمتر خەریکی تەدریس و خزمەتکردنی ئاین بووە.

حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە ١٣٥٦یا ١٣٥٧دا باش ئاگادار نیم– کۆچی دواییی کردووە و سێ کوڕی مەلای لەپاش بەجێ ماوە کە دوانیان مەلا چاك بوون: مەلا عەلی مەلای دێی حەمامیان و مەلا موحەمەد ئەمین. کوڕی سێیەمیشیان ناوی مەلا عەبدولڕەحمانە. ئاگادار نیم ئێستا وەزعیان چۆنە.

یادی مەلا عەبدولڕەحیمی چروستانەیی

ئەم ذاتە خەڵکی دێی(چروستانە)یە کە دێیەك بوو لەنزیك هەڵەبجەوە و لە هۆزی (میراولی)یە کە لە (میر عەبدوڵڵا) وەرگیراوە. میراولییەکان خۆیان بە سەیدی حوسەینی دائەنێن.

مەلا عەبدولڕەحیم لای مەلا عەبدولقادری بیارە خوێندوویەتی و دۆستێکی دڵسۆزی شێخ عومەر ضیائودین بووە. پیاوێکی زۆر لەخواترس و عیبادەتکار بووە. ئەگێڕنەوە مەلا عەبدولقادری مامۆستای ڕۆژێکیان لەناو کۆمەڵێ مەلا و فەقێدا وتوویە: مەلا عەبدولڕەحیم لە هەموومان صاڵحترە. جارێکیشیان شێخ ضیائودین لە مەجلیسێکدا مەدحی مەلا عەبدولڕەحیم ئەکا، نازانێ کە ئەو خۆی لەو مەجلیسەدایە. کە پێی ئەزانێ داوای لێ ئەکا هەڵسێ هەندێ خۆڵ بکا بە سەروڕوویا، چونکە پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ فەرموویەتی:«أحثوا التراب في وجوه المداحين»

مەلا عەبدولڕەحیم هەرچەند لە شێخ ئەپارێتەوە کە شتی وای پێ نەکا، کەڵکی نابێ، ناچار هەڵئەسێ خۆڵەکە ئەکا بە سەروڕوویا.

مەلا عەبدولڕەحیم لە زۆر شوێن تەدریسی کردووە. مەشهوورە لە دەشتی دزەیی و لە خانەقای سەید ئەحمەد لە کەرکووك و لە چەمچەماڵ و لە ئاوایی ئابلاخی لای سولەیمانی و لە ئەحمەد بڕندە و لە بەرزنجە مەلایەتیی کردووە و لەمەی دواییاندا کۆچی دواییی کردووە. مەلا عەبدولڕەحیم مەلایەکی چاك بووە. گەلێ حاشیەی لەسەر گەلەنبەوی بورهان و گەلەنبەوی ئاداب و فەرائیضی شیخ مەعرووفی نۆدێ هەیە. دوو کوڕی لێ بەجێ ماوە: مەلا موحەمەد کە لە ساڵی ١٣٨٣ ی هیجریدا لە سولەیمانی کۆچی دواییی کرد و حاجی مەلاعەبدوڵڵا کە مەلایەکی باش و بە ئەدەب و زمانپاکە و ساڵەها دەرسی عوللوومی دینیی وتووەتەوە و لە سایەی خواوە هێشتا ماوە.

ئـەم ذاتـە لـە عـەشرەتـی جـافـە و مـەلا مـۆمـنـی بـاوکـی مـامـۆستـای مـەحـموود پـاشا و عوسمـان پاشای کوڕانی موحەمەد پاشای جاف بووە.

ئـەم ذاتـە لـە مـنـداڵیدا لای بـاوکـی خـوێندوویـەتـی و پـاشان چـووە بـۆ خـوێندن بـۆ مـەدرەسەکـانـی دەوروپشتـی هـەڵـەبـجـە و لای مـەلا عـەبدولڕەحمـانـی پێنـجـوێنییش خوێندوویە. هـەر لە سەردەمی فەقێیەتیدا بووە بە مەنسووبی شێخ عومەر ضیائودین و پاشانیش بووە بە مەنسووبی شێخ نەجمودینی کوڕی.

وەك بیستوومە مەلا قادر لە زۆر شوێن تەدریسی کردووە. یەکەم جار لای شێخ حوسەینی چرچەقەڵا بووە و پاشان هاتووەتە پریس و ماوەیەکی زۆر لەوێ بووە و ئەوجا بە فەرمانی مەحموود پاشای جاف و بە مەسڵەحەت زانینی شێخ نەجمودین چووەتە قزرابات و تا کۆچی دواییی کردووە لەوێ بووە. بەڵام چ لەو سەردەمەدا کە لە چرچەقەڵا بووە و چ لەو سەردەمەدا کە لە قزرابات بووە، زۆر بێزار بووە و دڵی هـەر بۆ دەوروپشتی هـەڵـەبجە لێی داوە، بە تایبەتی لە قزرابات کە فەقیی باشی لەوێ دەس نەکەوتووە و ئەویش مەلایەکی زۆر چاك بووە و زۆر حەزی لە وتنەوەی دەرسی مەنطیق و حیکمەت و کەلام کردووە.

مەلا قادر ئینشای زۆر جوانی نووسیوە و خەتیشی زۆر خۆش بووە. مەلا قادر لە بەهاری ساڵی ١٣٢٦ی هیجرەتدا لە قزرابات کۆچی دواییی کردووە. لەوکاتەدا کە ئەمرێ قەبرێکی حازر بووە لە قزرابات، مەحموود پاشا بۆ خۆی هەڵکەندووە و قورئان خوێنی لەسەر داناوە قورئانی بەسەرا بخوێنێ.. مەحموود پاشا خۆی لە قزرابات نابێ، لە کوێستان ئەبێ. خەڵکی قزرابات ئەڵێن ئێستا ئەم قەبرە حازرە، بۆ مەلا قادری تیا نەشارینەوە؟ پاشا پاشان ئەمر ئەکا قەبرێکی تری بۆ هەڵکەنن و قورئان خوێن قورئانی بەسەردا ئەخوێنێ. بەو جۆرە مەلا قادر لە قەبرەکەی مەحموود پاشادا ئەشارنەوە. پایزێکی درەنگ کە پاشا لە کوێستان ئەگەڕێتەوە و پێ ئەزانێ، بەوە رازی نابێ و پرس بە عولەمای شەرع ئەکا و ئەوانیش فتوای بۆ ئەدەن کە مادەم زەویی قەبرەکە مولکی خۆی بێ و ڕازی نەبێ، مەلا قادر تیا بشارێتەوە، بە مەلا قادر حەرام ئـەبـێ. بـەوپـێیـە لاشەکـەی مـەلا قـادر لـە قـەبـرەکـە دەر ئـەهـێنـێنـن و لـە شوێنێکی ترا

ئەیشارنەوە. لە حاجی شێخ عارفی قزرابـاتم[1] بـیست وتـی، کە مـەلا قـادرمـان لـە قەبرەکە دەرهێنا تەنیا کەمێ ڕەنگی کفنەکەی نەبێ زەرد بووبوو، ئیتر نە کفن و نە لاشەکەی هیچیان لێ نەهـاتبوو و ئەمە بە هۆی پتەوبوونی باوەڕی خەڵکەکە بە پایە و پلەی پیاوانی خوا لە بارەگای خوادا.

دۆستانی مەلا قادر بە مردنی زۆر دڵگران بوون. یەکی لەوانە فەقێکی بووە کە ناوی مەلا ئەحمەدی فەقێ عەلی و نازناوی شیعریی (فەوزی) بووە، ئەم چەند شیعرەی لە لاواندنەوەیا وتووە و نـاردوویە بۆ حاجی شێخ عارف:

دیده از هجرت دوست شد بی نور
جـان و تـن ار وفـات او رنـجـور

گـاه در بـحـر اشك غـرقـه بـه خـون
گـه ز فـریـاد و نـالـه دل پـرشور

حـسـرت آه در دل افـــــزون شد
کـــه عـــدو شد ز مـــردنش مسرور

در بـیـابـان هـجـر او دائـم
مـیـکـنـم نـالـه بـا دل مـکسور

آنـکـه او بـهـر مـغـلـقـات عـلـوم
حـیـدری بـود در جـهـان مشهـور

ولـد حـیـدر و حـبـیب آله
مـتـقـی هـمـچـو قـاسم و طـیـفـور

(١) ئەم حاجی شێخ عارفە کوڕی شێخ حوسیەینی هۆرێنییە کە مەنسووبی شێخ سیراجودین بووە و لە (هەرگێنە)ی لای پێنجوین مردووە. کە شێخ عومەر ضیائودین لە ١٣٠٣دا خـانـەقـای قـزرابـاتـی دروست کـردووە، حـاجـی شێخ عـارفـی نـاردووەتـە ئـەوێ بـۆ ئیرشادکردنی موسوڵمانان و تا لە ١٣٥٩دا کۆچی دواییی کرد هەر لەوێ ماوەتەوە. ئەم ذاتـە ئـینسانـێکـی خـوانـاس و بـەئـەدەب و ڕەوشت بـەرز بـوو. بـەشێکی زۆری نـامـەکـانـی مـەولانـا خـالـید کە لـە بـەرگی یـەکـەمـی ئـەم کتێبـەدا بـڵاوم کردنـەوە، لـە ڕێگـای ئـەوەوە دەسگیرم بوون.

هـــاتـــفـــی از وفـــات او نـــاگـــاه
قـــال تـــاریـــخ فـــوتـــه(مـــغـــفـــور)[۲]

مەلا قادر دەستی شیعریشی بووە و شیعری وتووە، بەڵام نازانم کۆمەڵەی شیعرەکانی کەوتووەتە کوێ و لای کێ. من ئەم چەند پارچە و چوارخشتەکی و تاکە بەیتانەم دەسگیر بووە وا لێرەدا ئەیاننوسمەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێ ئەمانەی نەفەوتێن. لەم پارچە شیعرە کوردییەیدا کەلوپەلی دەواری دەوارنشینانی باس کردووە و ناوەکانی ڕیز کردوون:

فـــیـــراقـــی تـــۆ لـــە (هـــەردە)ی دڵ دەس و دەم
هـــەڵـــی دا (ڕەش دەوار)ی مـــەیـــنـــەت و غـــەم

بـــــە (گـــــرۆیس)ی سیـــــاتـــــاری پـــــەژارەم
بـــە(مـــێخ)ی مـــەحـــکـــەمـــی نـــاڵـــە و شەرارەم

(چـڵـە)ی فـرمـێسکـی (قـوڵـف)ی چـاوەکـانـم
(چـەڵـەم) قـامـەت خـەمـیـدەی وەك کـەمـانـم

بـــە(کـــۆمـــاج)ی (هـــەسوون)ی بـــێ دەمـــاخـــم
بـــە (تـــیـــلاّ) و (چـیـخ)ی (ئـەسپـەرپـێچ)ی ئـاخـم

(سنگ) و (کـووچـیـل) و (سەردرز)ی هـەنـاسەم
بـــە سەیـــلـــی (دووەەم)ی خـــوونـــیـــنـــی تـــاسەم

لـــە (بـــەرمـــاڵ) و لـــە (پش مـــاڵ) تـــاڵـــە حـــاڵـــم
دەنـــــاڵـــــێـنـــــم، دەڵـــــێم وێرانـــــە مـــــاڵـــــم

ئەمەش پارچە شیعرێکی بە فارسی:

عجب زین مشت خاك من جبلها از زیان دارد
تحیر زین محقر همچنین بار گران دارد

هزاران مرکب عصیان عطای نفس اماره
برای گمرهی از شاهراه حق نهان دارد

(۲) وشەی (مغفور) بە حیسابی حوروفی ئەبجەد ئەکاتە ۱۳۲٦ کە ساڵی کۆچی دواییی مەلا قادرە.

ز فیض حضرت قرآن چنان غافل شده گوئی
خیـال کسب جـهـل انـدر کـتـاب اهـرمـن دارد

گهی سر بر فلك میساید اندر خواب خودبینی
گـهـی عـزم شرارت بـا هـمـه اهـل جـهـان دارد

خیـال یـاس از رحمت مکن بـا این همه غفلت
امـید مـغـفـرت از حضرت حق بـی گـمـان دارد

شفـیـع روز مـحشر رحـمـة لـلـعـلـمـین احمد
مـحـمـد مـلـجـا ارباب عـصیـان پشتبـان دارد

گـروه مـذنـبـیـن امـتش شافـع بـود بـی شك
که او از حضرت عالی در عهد و نشان دارد

ئەمەش چوارخشتەکییەکان:

١

سواران امـــیـــن وحـــی مـــرکب
دوانـــیـــدنـــد هـــر یك سوی مـــطـــلب

مـــحـــمـــد شهسوار قـــاب قـــوسیـــن
دران مـــیـــدان بـــرایشان شد مـــقـــرب

٢

آهم باقتضای طبع و فغانم ز اضطرار
ســـوز درون و آتش هـجـران جـلا دهـد

زانـدم شدم جـدا ز تـو ای کـوکب هـدی
اشکم علـی الـدوام بـه سینـه بـلا دهـد(٣)

(٣) ئەم چوار خشتەکییەی بۆ شێخ نەجمودین نووسیوە.

٣

گـر قـمـر در سر نـبـودی خـدمت گـیسوی تـو
مـی نـگشتـی شانـه از تـاب فـراق مـوی تـو
زان شود هر ماه مه در گردشش بدر و هلال
مـیـپسنـدد نسبـتـی بـا طـلـعت و ابـروی تـو

ئەمەش تاکە بەیتەکان:

١

ای سرو ورق سبـــــــــز دل آرام بـــــی زوال
گـــوئـــی کـــتـــاب دوری یـــاران نـــدیـــدەای

٢

ای خـــاك تـــیـــره عـــزیـــز مـــرا نـــگـــاه دار
کاین نور چشم ما است تو در بر گرفتەای(٤)

(٤) وا دیارە ئەم بەیتەی بۆ سەر کێلی گۆڕی ئازیزێك نووسیوە.

یادی شێخ مەعرووفی نێرگسەجارِی

ئەم ذاتە کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانە و[1] دایکی ناوی پیرۆز خانی کچی حاجی حوسەین بەگی صاحێبقرانی سولەیمانی بووە. لە دەوروبەری ١٢٨٠ی هیجرەتدا هاتووەتە دنیاوە و لە تەمەنی شەش حەوت ساڵانا نراوەتە بەر خوێندن و قورئان و کتێبە وردەکانی خوێندووە، ئەنجا بە فەقێیەتی چووە بۆ مەدرەسەکانی دەوروبەری شارەزوور و ماوەیەك لە هەڵەبجە خوێندوویەتی. پاشان ڕۆیشتووە بۆ دەوڵەت ئاوای جوانڕۆ و ماوەیەکیش لەوێ خوێندوویەتی. جا گەڕاوەتەوە بۆ شارەزوور و لە هەڵەبجە لە مەدرەسەی شێخ مەحموودی موفتیی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی

(١) وەك لە شێخانی نێرگسەجارِ خۆیانم بیستووە، ڕشتەی نەسەبیان بەم جۆرەیە: شێخ عەبدولڕەحمان کوڕی شێخ قادر کوڕی شێخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ مەعرووف کوڕی شێخ مەحموود کوڕی شێخ عەبدوڵڵا کوڕی شێخ موحەمەدی بچووك کوڕی شێخ موصطەفا کوڕی شێخ موحەمەدی گەورە کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدولڕەحیم کوڕی شێخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ مەعرووف.

ئەم بنەماڵەیە چەند صەد سەدەیە لەم ناوچەیدان. هەندێ کەس ئەڵێن ئەگەڕێنەوە سەر سەیدەکانی سۆڵەی قەرەداغ و هەندێ کەسی تر ئەڵێن ئەوان ئەگەڕێنەوە سەر ئەمان، بەڵام هیچ کام لەم دوو قسەیە ڕاست نییە چونکە سەیدەکانی سۆڵەی قەرەداغ، وەك شێخ مەعرووفی نۆدێ نووسیویە، ئەچنەوە سەر شێخ یاسینی کوڕی سەید قەلەندەری بەرزەنجەیی و باپیری شێخانی بەرزنجەیی کە شێخ عیسایە لە ٦٨٧ی هیجرەتدا هاتووەتە کوردستان و لە بەرزنجە نیشتەجێ بووە، بەڵام باپیرە گەورانی شێخانی نێرگسەجارِ پێش ئەوکاتەیش لە نێرگسەجارِدا بوون، چونکە لە ٤٩٨ی هیجرەتدا کە شێخ عەبدولقادری گەیلانی هاتووە بۆ عێراق، بە کوردستانا هاتووە و بە تەواتور مەشهوورە لە نێرگسەجارِ لای داوە و چەند ڕۆژ میوانی ئەو شێخانە بووە، تەنانەت دارپەڵکێك لە باخەکەی نزیکی ناودێی نێرگسەجارِدا بوو، ئەڵێن چەند جار شێخ عەبدولقادر پاڵی پێوە داوە و بەردێکی شینی گەورە و پان لە حەوشی مزگەوتەکەیا بوو، ئەڵێن نوێژی لەسەر کردووە. شێخ (أبو الوفاء النرجسي)یش کە لە (پووشێن)ی شارباژێر بە خاك سپێرراوە و لە دۆستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە و بە ڕستەی (أخي أبو الوفاء النرجسي) ناوی ئەبا و زۆر ڕێزی لێ ئەگرێ، لە شێخانی نێرگسەجارِ بووە.

خوێندوویەتی تا خوێندنی تەواو کردووە. لەبەر ئەوەیش کە شێخ مەعرووف پیاوێکی دەست و دەم پاك و زانا و نەجیب بووە و شێخ موصطەفای کوڕی شێخ مەحموود لەو سەردەمەدا مناڵ بووە شێخ مەحموود فەرمان ئەدا بە شێخ مەعرووف لەسەر مەدرەسەکەی دانیشێ و یارمەتیی بدا لە دەرس پێوتنی فەقێکاندا، چونکە ئەو خۆی بە کاری فتوادانەوە خەریك بووە. بە مەبەستی مانەوەشی لەو شوێنەدا، شێخ مەحموود کچی خۆی لێ مارە کردووە. بەم جۆرە شێخ مەعرووف دە ساڵ لە هەڵەبجە ماوەتەوە دەرسی بە فەقێیان وتوەتەوە.

لەم سەردەمەدا شێخ مەعرووف تووشی چاوئێشە ئەبێ و بۆ داوای دوعای خێر یا بۆ تیمارکردنی چاوی ئەچێ بۆ بیارە بۆ لای شێخ عومەر ضیائودین. شێخ داوای لێ ئەکا تەمەسسوك بکا و بێتە ڕیزی پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندییەوە. ئەویش داواکەی بە جێ دێنێ. کە ئەگەڕێتەوە هەڵەبجە زۆری پێ ناچێ خێزانی ئەمرێ و ئەویش ئیتر دڵی لە هەڵەبجە هەڵئەکەنرێ و ئەگەڕێتەوە بۆ نێرگسەجار. لەپاش ئەم گەڕانەوەیەوە بۆ نێرگسەجار، لە جاران گەرم و گوڕتر خەریکی ئادابی تەریقەت ئەبێ و بە جۆرێ تیا پێش ئەکەوێ پاش ماوەیەك ئیجازەی خەلافەتی ئەدرێتێ.

پاش ماوەیەکی تر بە فەرمانی شێخ ضیائودین، ماڵی بارئەکا بۆ (ئەحمەد برێندە) و لەوێ خانوو دروست ئەکا و مەلایەك ڕاگیر ئەکا و ژنێکی تازە لە هۆزی (کەرەم وەیسی) ئەهێنێ و تەکیەیەك بۆ جێبەجیکردنی ئادابی تەریقەت و میوانداریی موسوڵمانان[٢] دروست ئەکا.

---

(٢) مەلا ئەحمەدی فەقێ عەلی کە نازناوی شیعریی (فەوزی) و مرۆیەکی خوێندەوار و هاورێی شێخ عەبدولکەریمی خانەشووری [شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەدبرێندە] و شێخ بابەڕەسوولّی بێدەنی بووە، لە مەدحی تەکیەی ئەحمەدبرێندەدا ئەم چەکامەیەی نووسیوە:

ئەم تەکیەیی شێخ مارفە چوار فەسڵە بەهارە
جێی سونبول و گوڵ یاسەمەن و سەروو چنارە
ئەم صەحنە چ صەحنێکە کە ڕێی هەرکەسی تێ کەوت
دەرچوونی لەبۆ باغی ئیرەم زەحمەت و عارە
ئەم باغە چ باغێکە کە نەشئەی سەحەری ئەو
بۆ بادەپەرستان سەبەبی ڕەفعی خومارە =

= ئاوی وەکو کەوثەر چەمەنی ڕەشکی بەهەشتە
خاکی چ بڵێم چۆنە هەموو موشکی تەتارە
هەر ذەڕە هەوایێکی وەکو ساجەیی چینە
هەر نوقطە لە خاکی بە نەظەر قەصر و تەلارە
کوحلی بەصەرە، ئەصلّی کەمالاتە غوبارى
هەرچەندە لەبەر صەفوەتی خاڵّی لە غوبارە
هەر چوار طەرەفی مەحکەمە مەربوطە بە شادی
یەك جارى ئەوەی خۆشە لەوێ غەم کە فیرارە
وەك باغی بەهەشت وایە موقابیل بە جەهەننەم
ئەم جەنەتی دنیایە ئەویش دارى قەرارە
هەر مەنطیقەیێکی بە خودا خولدى شیعارە
ڕێحانەیی بۆن خۆشە وەکو طوڕەیی دڵدار
مەستە لە خەوا نەرگسی وەك چاو نیگارە
سەیرى کە چ ڕەنگینە لە عەکسی گوڵ و سەبزە
قەوس و قەزەحە دائیرەی ئەو حەوش و حەصارە
ئاونگی لەگەڵ سەبزەیی گوڵ هێندە لەطیفە
هەروەك عەرەقی سەبزە وو خەطط و ڕوخی یارە
بنواڕە لە عەکسی چەمەن و قەطرەیی شەبنەم
ئەفلاکی وەکو نیلووفەڕ پڕ لە ستارە
جێی عیشوە وو نەظظارەیی کام دڵبەرە ئاخۆ
صەف صەف کە وەها حوور و پەرى دێنە نەظارە
جیلوەی چ نیگارێکە کە لێی کردووە تەئثیر
خارى بە مەثەل عەینی گوڵە، زاغی هەزارە
مەنظەرگەهی کام ڕەشکی پەرى و غیرەتی حوورە
دائیم کە لەبۆی جینن و مەلەك دێنە زیارە
ئەلحەق لە جیهاندا نییە مانەند و شەبیهی
جێیەکی وەها موستەعیدی سەیر و نەظارە =

= ناگاهـ حەریفێ لە جوابا وتی ئەی دۆست
ئەم جێگە کەوا خاریجە وەصفی لە ژمارە
ئەم عەرصە غەریبە لەگەڵ ئەم باغە عەجیبە
نازانی مەگەر مەنظەرەیی حەزرەتی یارە
کام یارە؟ بڵێ: یاری وەها سەروی ڕەوانە
کام دڵبەرە، ئەو دڵبەرە وا شوهرەیی شارە
شۆخێکە کەوا شێخ و مەلا عاشقی ئەو بوون
جوانێکە کە عالەم لە غەمی پیر و نزارە
ڕۆژی فەلەکی حوسنە لە نێو جوملەیی خووبان
خەڵکی هەموو وەك دائیرە، ئەو قوطبی مەدارە
نوسخەی خەطی لەو ڕۆژەوە بینیوە عەطارید
بۆ خزمەتی ئەو دائیمە بێ صەبر و قەرارە
ڕۆحێکە موجەسەم کە لەبۆ یەك نیگەهی ئەو
جان و دڵی عوششاق بە یەکبارە نیثارە
تا عەسکەری موژگانی دڵی کردمە (ئەدرنە)
هەر نااڵەیی گەرمم بووەتە عەینی شەرارە
چاوێ بە دوو چاوی کە دەکا مەیلی بە هەرلا
چەن سامیری ئاشفتە دەکا هێندە عەیارە
خاڵێ کە لەسەر صەفحەیی ڕووی ثابیتە نەقشە
جێی حیرەتە بەم ڕۆژە کە شەو چۆنە دیارە
عەببادی دووصەد سالّە کە ئەو چاو و بروّی دی
مەستانە نەی و عوود و شەرابی لە کەنارە
مووسا دەسە، عیسا نەفەسە، داودی نەغمە
گوڵ غونچە دەمە، موو کەمەرە، لالە عوزارە
زوهرە لە سەما کەوتە سەما و ڕەقص و تەرانە
ئەڕۆژە کە دێی عیشوەیی ئەو ڕەشکی نەهارە =

بووه هەموو سالّێ زەویی ئیجاره کردووه و کردوویه به مەرەزه و حاسلاتەکەی خەرج کردووه(۳).

شێخ مەعرووف لەو دوو ژنەی بەولاوه که باسمان کردن، دوو ژنی تریشی هێناوه. له هەموو ژنەکانی، ژنی یەکەمیان نەبێ، منالّی لێ کەوتووەتەوه و کۆمەلّێ کۆڕ و کچی لێیان لێ بەجێ ماوه.

= هێند چابوك و چالاکه لەبۆ صەیدی دلّی خەلّك
بەستەی سەری هەر مووی دووصەد عاشقی زاره
هەروا دلّی خەلّکه که دەنالّێ له غەمی ئەو
ئەو ئاهووه صەیاده عەجەب شێری شکاه
بەرهەم زەنی ئۆردوویی غەمه لەشکری غەمزەی
شۆر ئەفگەنی ڕۆم و عەجەمه هەر بە ئیشاره
(فەوزی) چ دەلّێیت؟ گەر شەوو ڕۆژ مەدحی بکەم من
نایێتە نیهایەت بە مەثەل یەك له هەزاره
تەشریحی سەمای وەصفی وەکو نایەتە تەقریر
تەوضیحیشی وا نایێتە ناو دورجی عیباره(*)

(*) ئەم یارچه شیعره له ڕووی دەسنووسی شاعیر خۆی نووسراوەتەوه. له دوێنەکەیەوه نووسیویه: « تحریر شد از دست احمد فوزی برای جناب ملا فتاح». لەوکاتەدا لەگەڵ شێخ عەبدولکەریم و شێخ بابەڕەسوڵ له ئەحمەدبڕنده فەقێ بووه.

(۳) له دەرویش ئەحمەدی صەیاحم بیست وتی: شێخ مەعرووف ڕۆژێکیان پێی وتم: ئەحمەد تۆ ئەزانی گۆخلّەکانی مەرەزەی قۆرتاس چەند بار چەلّتووکیان دزیوه و ئەیانەوێ بیبەن بۆ شەمێران؟ وتم: حا چی بکەین؟ فەرمووی: برۆین ڕێگەی تەموورەژەنان بگرین، بەلّکو مەنعیان بکەین. ڕۆیشتین، ڕێگەکەمان گرت تا ئەوان بە بار و کاروانەوه هاتن. جا لەویا بانگی لێ کردن بارەکان بکەن بە دوو بەشەوه، بەشێکیان ببەن و بەشێکیشیان بە جێ بێلّن. ئەوانیش وایان کرد، بەشێکیان بەجێ هێشت بۆ ئێمە و ئەوی کەیان برد بۆ خۆیان.

شێخ مەعرووف یەکێ بووە لەوانەی زۆر بەوردی پەیڕەوی شەریعتیان کردووە. تا پێی کرابێ بە دەسنوێژەوە وەختی بەسەربردووە و نوێژی بە جەماعەت کردووە و ڕەواتیبەکان و سوننەتە موقەییەدەکانی بە جێ هێناوە. تەریقەتی کەسی دانەداوە تا بە تەواوی فێری ئادابی دینی نە کردبێ. تەنانەت ژنانیشی کۆ کردووەتەوە و نوێژی پێ ڕەوان کردوون.

نموونەیەکی دڵ و دەروون فراوانیی شێخ مەعرووف ئەوەیە بیستوومە کوڕێکی بووە ناوی سەید ئەحمەد بووە، بە هەرزەکاری مردووە، پاش ژن هێنانی بە ماوەیەکی کەم. دەستێ جلی تازەی بووە دایکی دای ناوە بەسەریا گریاوە. شێخ مەعرووف پێی وتووە من لەبەریان بکەم چاترە لەوە تۆ وا ڕایان خەی و بەسەریانا بگریت. کردوونیەتە بەری و سوار بووە چووە بۆ شوێنێك. لە دەرەوەی نێرگسەجارەوە تووشی کابرایەکی هەژار دێ شتێکی ئەوتۆی لەبەردا نابێ، جلەکانی بەری خۆی دائەکەنێ و ئەیان دا بەو عاباکەی لە خۆیەوە ئەپێچێ و ئەگەڕێتەوە بۆ نێرگسەجار.

هەروا بیستوومە جارێکیان خۆی لە ئەحمەدبەرندە نابێ، فەقێکان دڵی خێزانی ئەیەشێنن. ئەوێش هەڵئەسێ ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی لە ئاوایی (دەق). لەڕێدا تووشی شێخ مەعرووف ئەبێ و ڕووداوەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە. ئەمیش ئەڵێ تا نەگەڕێیتەوە بۆ ئەحمەد بەرندە و دڵی فەقێکان نەهێنیتەوە و جێ و ئاشتیان نەکەیتەوە سەر بە ماڵی خۆمدا ناکەم. من کە فەقێ دڵیان لێم بییەشێ، ئیتر ژیانم بۆ چییە؟ ئیتر خێزانی بە ناچاری دێتە دواوە و ئەچێ دڵی فەقێکان دێنێتەوە جێ.

شێخ مەعرووف لەگەڵ ئەوەشدا کە بەبەری ڕەنجی شان و ئارەقی ناوچاوانی خۆی ژیاوە و نانی فەقێ و میوان و ڕێبوارانی داوە، سێ مەدرەسەی پێکەوە ناوە: مەدرەسەیەك لە نێرگسەجار کە شێخ عەبدوڵڵای شێخ موحەممەد ئەمین مامۆستای بووە و مەدرەسەیەك لە وازۆڵ کە مەلا عەزیزی وازۆڵی مامۆستای بووە و مەدرەسەیەك لە ئەحمەد بەرندە کە مەلا عەبدولڕەحیمی چروستانەیی مامۆستای بووە.

شێخ مەعرووف هەمیشە پەنا بووە بۆ داماو و لێقەوماوان و هەرکەس هاواری بۆ هێنابێ ئەوەندەی پێی کرابێ فریای کەوتووە. زۆر هەتیوی بێ کەسی پێ گەیاندووە و پێی خوێندوون تا وایان لێ هاتووە توانیویانە بڕۆن بۆ فەقێیەتی و خۆیان پێ بگەیەنن. دوان لەمانە شێخ عەبدولکەریمی کوڕی سەید ئەحمەدی خانەشووری و شێخ

بـابـەڕەسوولّـی کـوڕی شێخ ئـەحـمـەدی بێدەنـین کـە مـنـاڵ بـوون بـاوکـیـان مـردووە و کەوتوونەتە لای شێخ مەعرووف و پێی گەیاندوون تا سەرئەنجام ئەوە دوو پیاوە گەورەیان لێ دەرچوو کە خەڵکی ناوچەی هەڵەبجە و وارماوا و قەرەداغ و شارەزوور هەموو ئەیانناسن. تەنانەت شێخ عەبدولکەریم پاش کۆچی دواییی شێخ مەعرووف، بە فەرمانی شێخ نەجمودین لەسەر مەدرەسە و مزگەوتی ئەحمەدبڕندە دانیشتووە و بە ئاوەدانی ڕای گرتووە و تا کۆچی دواییی کردووە هەر لەوێ بووە.

شێخ مەعرووف لە ساڵی ١٣٣١دا کۆچی دواییی کردووە.

یادی مەلا عەبدوڵڵای جەلیی کۆیی

ئەم ذاتە کوڕی حاجی مەلا ئەسعەد ئەفەندیی جەلییە، لە ١٢٥٠ی هیجرەتدا لە کۆیە هاتووەتە دنیاوە و لای باوکی خوێندنی تەواوکردووە و دەستی کردووە بە دەرس پێوتنی فەقێیان، وەکو لەناو بنەماڵەی خۆیان و لە ناوچەکەدا باو بووە.

وەك لای باوکی خوێندوویە، لای مەلایانی گەورەی وەك مەلا موحەمەدی خەتێ و مەلا موحەمەدی کاك عەبدوڵڵای شێخ وەتمانی و کەسانی تریش خوێندوویە.

ئەم ذاتە پێوەندێکی کۆمەڵایەتیی زۆری بە ناودارانی ئاینی و دنیاییی سەردەمی خۆیەوە بووە. لە ١٢٩٣دا سەری لە بەغدا داوە و لەلایەن موفتیی زەهاوی و گەورە پیاوانی بەغداوە زۆر ڕێزی لێ گیراوە. لەو سەردەمەدا کاك ئەحمەدی شێخیش هاتووە بۆ بەغدا و زۆری ڕێز لێی گرتووە و پێشتریش و لەوە پاشیش نامەیان لە نێواندا هاتووە و چووە. ئەگەرنەوە لە چاوپێکەوتنێکا لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە بە دەمەقاڵەیان و شێخ عوبەیدوڵڵا بەو و بە کۆمەڵێ شێخ و سەید و مەلای کۆڕەکەی وتووە ئێوە خزمەتکاری منن، ئەمیش لە وەڵاما گوتوویەتی خوا چۆن ڕازی ئەبێ من خزمەتکاری تۆ بم کە بە ناویش و بە لەشیش لە تۆ گەورەترم، واتە من ناوم (عبدالله) و تۆ ناوت (عبیدالله) یە کە بچووککراوەی (عبدالله)یە و دیارە بە لەشیش لەو گەورەتر بووە. ئەم وەڵامەی لای خەڵك کە زۆر ئەسەند ئەبێ و بەو دەوروبەرەدا بڵاو ئەبێتەوە. لە ١٣٠٩یشدا چووە بۆ سابڵاغ بۆ چارکردنی ناکۆکییەك لە نێوان عوسمانی و قاجاردا و لە کارەکەیا سەرکەوتووە و بەم بۆنەیەوە لە هەردوولاوە خەڵات کراوە.

هەروەك پێوەندی ڕۆحیی لەگەڵ کاك ئەحمەدی شێخ بووە، پێوەندی ڕۆحیی بەتینی لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمانی خالصی تاڵەبانی و شێخ عومەر ضیائودینیشدا بووە. لەباسی شێخ ضیائودیندا ئەو دوو پارچە شیعرەمان بڵاو کردەوە کە بۆ یەکتریان ناردوە و نیشانەی ئەو پێوەندییەن. ئەم ذاتە تا ١٣١٨ بە دەرس وتنەوە خوتبە خوێندنەوەی جومعەوە خەریك بووە و لەو ساڵەوە دەستی لێ هەڵگرتوون بۆ مەلا موحەمەدی کوڕی و لە ١٣٢٦دا کۆچی دواییی کردووە.

یادی شێخ سەلیمی تەختەیی

ئەم ذاتە یەکێکە لە مەلا گەورەکانی بنەماڵەی مەردۆخی و کوڕی شێخ ئەحمەدی تەختەییە. لە ئەدەبیاتیشدا دەستێکی بالای بووە و شیعری بە فارسی و کوردی و عەرەبی زۆرە و لە مەیدانی شیعردا بە (سالمی سنە) مەشهوورە بۆ بەرانبەرکێ لەگەڵ (سالمی سولەیمانی) وای پێ ئەڵێن. ئێمە تەنیا چەند پارچەیەکمان لە شیعری دەسگیر بووە، لەم کتێبەدا بڵاویان ئەکەینەوە.

شێخ سەلیم زۆر مەفتوونی شێخ عومەر ضیائودین بووە و لە سنەوە بەتایبەتی هاتووە بۆ لای بۆ هەورامان. کە ئەگاتە خزمەتی کۆمەڵێ مەلا بەدەوری شێخدا ئەبن، شێخ لێیان ئەپرسێ: ئەزانن سەلیم موحتاجی چییە؟ هەریەکێ لە مەلاکان قسەیەك ئەکا. شێخ ئەفەرموێت: زۆر بۆی دامەچن، (سلیم) موحتاجی حەرفێکی(ت)یە بخرێتە سەری ببێ بە (تسلیم)، واتە ئەگەر خۆی بدا بەدەستەوە کاری مەیەسەر ئەبێ. شێخ سەلیمیش هەر لەوێدا تەمەسوك ئەکا و ماوەیەك لە بیارە ئەمێنێتەوە و پایەیەکی بەرزی لە تەصەوفدا دەسگیر ئەبێ.

بیستوومە ڕۆژێکیان شێخ ضیائوددین پاش نوێژی بەیانی ئەچێتە سەر جێگەکەی شێخ سەلیم، ئەبینێ هێشتا نوستووە، ئەفەرموێت: آفتاب بر سر آمد بر نمیخیزی هنوز؟

ئەویش دەستبەجێ لە وەڵامـا ئەڵێ:

بی تو روزم شب بد و تو آمدی شب گشت روز

شێخ سەلیم شارەزایییەکی زۆریشی لە عیلمی عەرووضدا بووە و لە هەموو بەحرەکانی عەرووض شیعری لە تەعریفی شێخ ضیائودیندا وتووە. بۆ نموونە لە بەحری (سالم) وتوویە:

أرجوكَ یا مولی الموالي، ذا العُلا
أن ترحم الصَّبَّ العشوقَ المبتلی

إنـي حـزیـنٌ مستـکینٌ ضارِعٌ
استدفعُ البلوی بکم یا ذا العلا

له بەحری (رەمەل)یش وتوویە:

سهـمُ لـحـظٍ مـن غـزالٍ صادنـي
بـعـدَ مـا مـن صبَّ حبٌّ كـاَدنـي

فـابـتـلانـي مـثـلَ قـيسٍ بـالـهوى
ذات لـيـلٍ مـثـل لـيـلـى عـادَنـي

ثـم داوانـي بـفـورٍ لـطـفِـهِ
لـلـهُـدى والـرشدِ فـضلاً قـادنـي

ذاك نـجـم الـديـن مـصبـاح الـهُدى
كـادنـي بـاللـطف ثم اصطادني[1]

له بەحری (كاميل)یش وتوویە:

مـلكَ الـهـوى خَـلَـدي هـوا قـمـر الـمـلا
قـمـرٌ سنـاه دُجـى الـهـواءِ بـه انـجـلـى

هـــو مـــرشدٌ بـــأوانِـــهِ، ومـــجـــدِّدٌ
لـزمـانِـهِ، قـمـرٌ عـلـى فـلكِ الـعُـلا

له بەحری (موتەدارەك)یش وتوویە:

سادتـي ! صادنـي هـجرُكم، فـارحـموا

إنـــنـــي عـــاشقٌ والِـــهٌ مـــغـــرَمُ
عـادنـي مُـدنـفـي عـادلـي شافـيـاَ

ذو الـهـوى عـنـدَ مـهـويَّـهِ مُـكـرَم
لـه بـهـحـرى(رەجـەز) يش وتـوويـه:

يـا مـعشرَ الـعّـشاقِ حـبـاً زوروا
مـــنـــزِلـــهُ الشريـــفُ شهـــرزورُ

---

(١) مەبەستی لە شێخ نەجمودینی کوڕی شێخ ضیائودینە.

ان قـيـلَ انَّ شبـهَـهُ مـوجـود
والـلـهِ ان ذا الـمـقـولَ زورُ

له بەحرى(وافير)يش وتوويه:

أَنـارَ ضيـاءُ كـوكـبـنـا الـمـنـيـرِ
فـصادَ بـه السرورُ اذاً سمـيـري

لِـحـاظ دِلالٍ بَـغـتَـةً رمـانـي
فـنـارَ بـيُـمـنِ لحظَـتِـهِ ضمـيـري

لـه بـەحـرى (بـەسيـط)يش وتـوويـه:
وجَّـهتُ وجـهـي إلـيـكـم راجـيـاً أَمـلـي

أنـتـم كـرامٌ بـلا مَـنٍ ولا عـلـلِ
فـحـقِّـقـوا سُؤلَـتـي يـا أَهـلَ مكرمـةٍ

بـجـودِ كم عـجَّـلـوا إذ حـان لـي أَجلي
لـه بـەحـرى (تـەقـاروب)يش وتـوويـه:

بسطْـتُ ذراعينِ لـي بـالـوصيـد
لـكـهـفِ الأمـانـيِّ بـابِ الـحـمـيـد

أَرْجَّـي لـقِـطـمـيـرَ مـنـكـم قـبـولاً
فـعـنْ بـابـكـم مـا لـنـا مـن مـحـيـد

له بەحرى (طەويل)يش وتوويه:

حـبـيـبـي الـذي إحسانـهُ استْعبدَ الورى
ضيـاءُ مُـحـيّـاه جـلا ظُـلـمَـةَ الـثَّـرى

وهـذا ضيـاءُالـديـنِ غـوثُ الـخـلائِـقِ
لـغـرقـى الـمـعـاصي ذلِكُمْ أَوثقُ العُرى

لە بەحری (طەویلی سالم)یش وتوویە:

بە احسان توی حاتم، بە رفعت توی کسری
بە فرمان توی آصف، بە برهان توی عیسی

چگویم نگارینا کە با من چها کردی
قرار ز دل بردی، ز صبرم جدا کردی

ئەمەش چەند پارچە شیعرێکی کە پێوەندیان بە شێخ ضیائودینەوە هەیە.

بە کوردی:

١

پیری صیدیقی طەریق و تاجی فارووقی لەسەر
واریثی عوثمانی ذینووریەن و کەڕاڕی ثەبات

ڕۆحی شیرینم لە دەوری قەدی شەمشادت گەڕێ
تا تەصەدوق بێ لەبۆ ڕەددی هەموو دەرد و بەڵات

خاڵی هیند و زوڵفی چین و ڕۆمیی ڕووی ڕوومەتت
وان لە قەبزەی قەهری شمشێری بڕۆی جەنگ ئازمات

چاوی مەستت چۆن لە هەرلا مەردمی دڵ بردووە
بێ دڵان بۆ دڵ لە هەرلا بێتەحاشا دێنە لات

هەر نیگاهێ صەیقەلێکە بۆ مسی پڕ ژەنگی دڵ
بەڵ تەڵای خاڵص دەبێتن مس بە ئیکسیری نیگات

گیانفیدای گوفتاری شیرینت کە عەینی حیکمەتە
کەشفی ئەسراری تەریقەت حەللی کونهی موشکیلات

دڵ بە قوربانی نیگای قەلبولعەیانی کاری تۆ
وا دەکاتن قاعیدەی حیکمەت بە تالیی وا ثەبات

قامەتی زیبای قیامەت خیزی تۆ بێ ببڕێ ڕێ
مەحشەرێ بەرپا دەکا بۆ سەرخۆشی جەور و جەفات

کارنامەی خاصی ئادابی طەریقی بەندەگیت
مونتیجی حەقولیەقین قەطعی عەلاقەی مومکینات

فەیصەلی حەقولیەقین فەصلولخیطابی عاریفان
تەرجومانی سیڕی ئایاتی دەلالەت موعجیزات

بێتە مەیدانی صەداقەت (سالما) قەلبی (سەلیم)
تا موشەڕەف بێ بە یومنی دەوڵەتی بیری خودات[٢]

بە عەرەبی:

٢

اخواني باللهِ ذروني وبكائي
في رحلةِ مولى العلما والعرفاءِ

من كانَ به سيَّدنا أحمدُ باهى
من قامَ به الملّةُ دينُ الحنفاءِ

قد كانَ لذكرين خفيٍّ و جليٍّ
رأساً، ولعِلمين كذا قطبَ سماءِ

في طاعةِ مولاه قضى حقَّ جهادِ
واستكَملَ ما كلِّفَ في دار فناءِ

أحصى رُتبَ القربِ جميعاً وتعاطى
ما كان سوى البعثةِ في كلِّ ولاءِ

قد حاز خِلالاً وخصالاً وتحلَّتْ
من كلِّ سجايا لكِرام القدمَاءِ

ما غادرَ ما أمكن في وصفِ كمالِ
إلا بتعاطيهِ و في حقِّ وفاءِ

(٢) ڕووی دەمی شێخ سەلیم لەم پارچە شیعرەدا لە شێخ ضیائودینە.

قــدْ أحْــصِدَ فــي مــزرع أخــراه زروعٌ
خُــصَّتْ بــه مــن كــلَّ خُــيــورٍ عــظــمــاءِ

إذ تّــم مــقــامــاتِ سعــاداتِــهِ تــمَّــت
فــي عــاجِــلَــةٍ مــدَّتــهُ وقتُ ضيــاء

فــانــجــابَ عــنِ الــخــلــقِ إلــى الــلــه تــعــالــى
طــوعــاً فــقــضــى نــحَــبــه شوقــاً لــلــقــاء

إذ ذاكَ رَجَــتْ وانــتــظــرتْ روحــهُ أمــراً
بــالــعــودِ عــلــى الــبــدءِ عــلــى وفــقِ قــضاءِ

حــتــى سمــعتْ: أيــتُــهــا الــنــفسُ ! إلــيــنــا
عــودي، ودعــي الــخــلــقَ، فــلــبِّــت لــنــداءِ

دامت نــزلاً مــن غُــرفِ الــجــنَّــة جــداً
أسْرَتْ فَــثَــوَتْ مــنــزلَــهــا خــيــرَ ثــواءِ

ارتــجَّ عــلــى هــجــرَتِــهِ الأَرض وأودى
فــي مــآتمِهِ بــعضُ أصَيْــحــابِ ولاءِ

فــي رحــلــةِ طــاهــا وقــعَ الــواقِــعــتــانِ
مــا أحسن قــفــواً لــه فــي حــالِ مَــضاءِ

أحسنْ بــتــوفــيــه بــالأثــنين تــبــاعــاً
لــلــخــاتــم فــي خــاتمِهِ مــثــلَ بــداءِ

فــي الــكــلَّ قــفــا سيــدنــا أحــمــدَ حــتــى
فــي الــعــمــرِ فــأصغــوا لأسَالــيبِ رثــاء

لاغَــرْوَ ان أحــمــرَّ مــن الحزنِ سمــاءٌ
عــمــا مــطــرٍ يــقــطُــرُ يــبــكــي بــدمــاء
مــنْ أعــيُــنِ أَحــبــابــهِ تــنــصَبُّ دمــوعٌ
حــمــرٌ فــتــرى الأَرضَ مَــخــرَّ الــقُــتــلاءِ

مــن فــرقــتــهِ أنــضَجَ نــيــرانُ زفــيــرِ
أحشاءَ مــحــبَّــيــه فــصارتْ كشواءِ

فــي مــأتمهِ ألسنــةُ الــحــالِ تُــنــادي
يــا كــهــفَ نــجــاةٍ ومــلاذَ الــغُــرَبــاءِ

رفــقــاً بــأسارى لكَ فــي سجــنِ فــراقٍ
لــلــوصلِ جــيــاعٍ ولــلُــقــيــاكَ ظِــمــاءِ

فــي قــلــبــيَ جُــرحٌ لأطِــبّــاء أبــاء
عَــنْ مــرهَــمِــه وَيْــلــيَ قــدْ عَــزَّ دوائــي

يــالائــمــي دعــنــي وزفــيــري وبــكــائــي
فــي هــجــر حَــبــيبٍ هــو فــي دارِ بــقــاءِ

انْ حــيّ حــبــيــبــي فــعسى يــنــفــعُ صبــري
لــكــنَّــهُ قــد مــاتَ فــمــن أيــنَ عــزائــي

فــالــمــوتُ دوائــي، فــلــعــلّــي بــه ألــفــي
أيــاهُ فــيــا مــوتــي سارِع لــفــنــائــي

يــا (سالــمُ) قــد صرتَ (سلــيــمــاً) لــفــراقٍ
قــلْ آه مــنَ الــهــجــرة هــجــران ضيــائــي

ألــهــمْــتُ مــنَ الــلــهِ لــتــاريــخِ وفــاتِــهْ
يــا (سالــمُ) أرّخ (هــو فــي دارِ رِضائــي)[٣]

٣

يــا تُــربــةً ضمِــنتْ نــورَ الــهُــدى عُــمــرا
مــن كــان بــالــجــهــدِ ديــنَ الــلــه قــد عَــمَــرا

(٣) شێخ سەلیم ئەم پارچە شیعرەی بەبۆنەی کۆچی دواییی شێخ عومەر ضیائودینەوە وتووە و ڕستەی (هو في دار رضائي) بە حیسابی حوروفی ئەبجەد ئەکاتە ١٣١٨ کە بە ساڵی هیجری ساڵی کۆچی دواییکردنیەتی.

أصبحتِ ذاتَ ضياءٍ باهرٍ قمرا
بعدَ الظلام وفُقتَ العنبَر العطِرا

واهاً لنشرٍ أريجُ المسكِ يغبِطهُ
واهاً لنورٍ ضياءَ الشمسِ قد بَهرا

وكيفَ وهو ضياءُ الدينَ مرشدنا

أرسى به الدين دينَ اللهِ وافتخرا
طوبى لبيتٍ به طوفُ العتيق لما

ثواه من فيهِ ربُ البيت قد ظهرا

يزار من كل فجٍّ انّ زائرهُ
كأنّما حجَّ بيت اللهِ واعتمرا

بُشرى لدارٍ يدورُ العرشُ منْ عَلِها
لعله يتعاطى نورَها البهِرا

يا مضجعاً ضمَ كالعشّاق أعظُمَةُ
وصلْتَ عنا بما قد كان منتظرا

قد نلتَ ماكان مأمولاً لطائفةٍ
تهواهُ مهجورةً ترثوهُ مُذ هَجَرا

في حقَّ مأتمه الأهوالُ قائمةٌ
قد لا يدُكُّ الجبالَ الصُّمَّ والحجرا

الشمسُ طالِعةٌ ليست بكاسِفةٍ
تبكي عليكَ نجومَ الليلِ والقمرا

يا من غدا كعبةَ الحاجاتِ مرقَدهُ
أرحمْ (سليماً) إذا ماصار محتضِرا(٤)

(٤) شێخ سەلیم ئەم پارچە شیعرەی لە ١٣١٩دا داناوە کاتێ کە چووە بۆ زیارەتی ئارامگای شێخ عومەر ضیائودین و تەعریفی ئەو ئارامگایەی پێ ئەکا.

٤

مَـن حسنُـهُ قـد تـمَّ ومـا خـالَـطَ شيْـنـا
مِـنْ أصبـحَ فـي الـحسنِ وحُسنـاه حُسينـا

مَـن كـانَ بـدورُ فـلكِ الـديـنِ سُهـاهُ
مـن دكّ لـه الـقـتـمُ وكـانت لـه لـيْـنـا

مَـنْ زُمـرةُ أصحـابِ جـمـالٍ وجَـلالٍ
مـنْ عـزَّهِ يـمشونَ حـوالَـيـهِ هـوَيـنـا

مـنْ ذبَّ عـنِ الـديـنِ دُجـى الـبـدعَـة ذبّـاً
مَـنْ زانَ سَنـا طـلْـعـتـهِ الملَّـةَ زيـنـا

شمسٌ لسنـاهـا أفَـلَـت كـلُّ شمـوسٍ
عَـنْ أفـئـدَةِ الـخـلـقِ أزاحَـتْ هـي زيْـنـا

أعـنـي عـمـرَ الـثـانـي ومـن فـيـه تـجـلّـى
مـولاه غـدا قـلـبـه طـوراً لـه سيـنـا

ذا يـوسفُ إخـوانُـهُ أصحـاب جـمـالٍ
فـيـهِ اخـتـلـفَ الـكـلّ عـلـى فـقـدهِ مَـيْـنـا

قـد صارَ عـزيـزاً هـو فـي مـصرَ كـمـالٌ
دانت لـه إخـوانُـه مـن عـزَّه ديـنـا

قـالـوا لـه اذ قـد ظَـهَـرَ الحقّ لَـديْـهـم
تـاللّـهِ لـقـد آثَـرَكَ الـلـهُ عـلـيـنـا(٥)

٥

بُـلـيتُ بـوصفِ لـلـهـلالِ الـمـنـوّرِ
لـبـدرٍ مـنـيـرٍ كـانَ فـي الـنـورِ حـاكـيـا

(٥) ئەم پارچە شیعرە بە (قەسیدەی حوسەینییە) بەناووبانگە و شێخ سەلیم لە تەعریفی شێخ ضیائودیندا وتوویە.

يُسمى بنجمِ الدين هضماً لنفسهِ
نعمْ انَّ في هَضمِ النفوسِ تعاليا

ولا بأسَ أن يُدعْى بذا الاسم رفعةً
لكونهِ نجمَ القُطبِ في الوسطِ راسيا

فتىً كالجبالِ الراسياتِ وقارُهُ

تراه ببُرجِ الاستقامةِ ثاوياً

رقيبٌ لما في قلبِ شيخِ المشايخِ
أبيه، مطيعٌ بعدَ ما كانَ واعيا(٦)

٦

فُتِنتُ بفتانٍ فتىً ذي تدلُّلِ
أغَنَّ غضيضَ الطَّرفِ أعيَنَ أكحَلِ

سبى القلبَ مني بعدما سَلَبَ الحِجى
بطرفٍ خفيٍ أو بجيدٍ معطَّلِ

وأوثقني بعدَ انطلاقيَ سائراً
على أحرفِ الدنيا بقيدٍ مُسلسَلِ

ومهما مشى هوناً مشى بمشاعِري
وان آبَ أوباً آب نحوي تَعَقُّلي

تَولّى إذا ولّى سروري وأقبلَتْ
إليَّ مسراتي إذا كان مُقبِلي

اذا اهتَزَّ بانُ القدِّ منه يَهُزُّني
تمايُلهُ مثلَ القَنا المتزَلزِلِ

إذا قامَ قامت من قيامٍ قيامتي
ويبعَثني من ذاكَ ريَّا القرنفلِ

(٦) شێخ سەلیم ئەم پارچە شیعرەشی لە مەدحی شێخ نەجمودیندا وتووە

إذا صدّ عـنِّـي سدَّ عـنـي مـذاهـبـي
وان يـلـتـفِـتْ لـي أنـجُ مـن كـلِّ مُـعْـضَلِ

بُـلـيتُ بـوجـهِ نـاضرٍ كـانَ نـاظِـراً
إلـى ربِّـه الـرحـمـنِ ذي الـعـزَّةِ الـعـلـي

بسيـمـاهُ سرٌ مـن كـان ساريـاً
بـه السِّرُّ يَـسري لـلـفـتـى المتـأمَـلِ

مُـحَـيٍ مُـحَـيـاهُ ومُـحـيٍ لميَـتٍ
مُـمـيتٌ لِـحَـيٍ مُـغـرَمٍ وإلِـهٍ وَلـي

تـعـاطى جمـالاً جـالـيـاً ظُـلـمـةَ الـهـوى
لِـراءٍ وعـنـهُ غُـمَّـةُ الـقـلبِ تـنـجـلـي

يشاهَـدُ نـورٌ فـي جـبـيـنـه شاهـدٌ
بـأَنَّـه قـيُّـومٌ عـلـى الـكـلِّ مُـعْـتـلـي

عـلا فـي عُـلاه أولـيـاءَ زمـانِـهِ
وذلِـكَ بـحـرٌ هـؤلاءِ كـجـدوَلِ

مـقـامـاتُ قُـطبِ الـدَّهـر جـاز مـقـامَـةُ
فـمـا ذاكَ إلا مـخـدعٌ فـتـأمَّـلِ

وذلكَ نـجـمُ الـديـن شيـخ زمـانِـهِ
بـه يـقـتـدي أهـلُ الـهُـدى والـتـوكُّـلِ

أبـوهُ الـكـريـمُ الـمستـطـابُ وَجَـدهُ
مـقـدَّمـتـانِ والـنـتـيـجـةُ ذا الـولـي

ألا انَّ ذيـنِ الـوالـديـنِ مـقـدَّمٌ
وذلكَ تـالٍ مـقـتـفٍ غـيـر مـؤثـلِ

تـواتَـرَ عـنْ عـثـمـانَ جـدهِ انَّـهُ
ولـيٌّ ولـيٌّ لـلـهـدى والـتـوسُّلِ

لـقـد قـال شيـخـي ان هـذا لـنـائـبـي
وذا غـيـرُ مـنسوخٍ وغـيـرُ مـبـدَّلِ

وأجـمـعَ أهـل الـحـلَّ والـعـقـدِ أنَّـهُ
هـو الأهـلُ فـي أمـرِ الـهـدى لـلـتـحـمـلِ

ولاسيـمـا عـلاّمـةِ الـدهـرِ شيـخـنـا
وأستـاذِنـا الـمـولـى الـكـريـم المفـضّلِ

وذلك عـبـدُالـقـادرِ الـعـارف الـفـتـي
كـفـى حُـجَّـةً لـولا اعـتسافُ الـتـعـلُّـلِ

ومـن كـان ذا عـقـلٍ سلـيـم فـمـلـهَـمٌ
مِـنَ الـلـهِ بـالحقَّ «الحقـيـقِ» الـمـعـوَّلِ

ولـولا الـذي فـي المدَّعـى قـد ذكـرتـهُ
لـجِـئتُ عـلـيـهِ بـالـدَّلـيـل الـمـدَّلـلِ

تَـحـلـىّ بـأوصافِ الـولايـةِ والـعُـلـى
وان هـو ذو مـجـدٍ سَنـيّ مـؤثَّـلِ

إلا انـه نـجـلُ الـولـيـيـن وارثٌ
لِـعُـلـيـاهـمـا حـقـاً بـغـيـرِ تَـقَـوُّلِ

لـه أسوةٌ فـي سيـد الـخـلـقِ أحـمـدٍ
عـن الـحـقّ لـم يـخـرُج ولـم يـتـحـوَّلِ

ولـم يـتـكـلَّـم بـالـذي شأن شأنـهِ
ولـم يـعـرفِ السُّوى ولـم يـتـقـوَّلِ

تـخـلَّـقَ بـالشرعِ الـقـويـم ولـم يـحُـدْ
عـن الـحـقّ مـقـدارَ الـفـتـيـل الـمـقـلَّـلِ

ويُـفـضي كـمـا يُـفـضي حـيـاءً وهَـيـبـة
فـأحسِنْ بـه مـن كـامـلٍ ومـكـمَّـلِ

فـيـاربِّ هبْ لـي فـيـه قـلـبـاً مـصدَّقـا
سلـيـمـاً مـن الـزَّيـغِ وسوءِ الـتـبـدُّلِ(٧)

٧

هـذا عـمـرُ الـثـانـي، مـا أطـيبَ ذكـراه
مـن نـالَـهُ أحـيـاهُ مـن نـورِ مُـحـيّـاهُ

مـن كـان يـرى خِـلـفـاً بـالصدقِ فـهذا هـو
آتـاهُ مـنـايـاهُ مـن حـضرةِ مـولاهُ
لـم يـبـقَ لـنـا هـمٌ يـا مـعشرَ أحـبـابـي
حـيُّـوا وخـذوا وجـداً مـن نـورِ مُـحـيّـاه

مـن نـورِ سراجِ الـديـنِ قـد لاحَ بـلا كَـتـمِ
هـذا عـمـرُ الـثـانـي مـا أطـيبَ ذكـراهُ

٨

زمـانـاً كـنتُ مشتـاقـاً لـمـا الـعشاّقُ تـهـواهُ
شرابـاً مِـن شرابِ مَـنْ مِـنِ الساقـي تـعـاطـاه
يـنـالُ الـحـقَّ حـقّـاً لا يـرى فـي الـكـونِ إلا هـو
«أدارَ الـكـأسَ شيـخُ الـعـهـدِ مـولـى الـخـلـقِ أبـقـاهُ
فـأحـيـانـاً بـروحِ الـودَّ ربُّ الـخـلـقِ أحـيـاهُ»

***

أنـارَ الـقـلـبَ مـن فـضلِ وزكّـى الـنـفسَ مـن مَـجـدِ
ووافـانـي بـمـا أهـداه لـيـلـى مـن ثَـرى نـجـدِ
فـلـمـا كـان مـا أهـداه أحـلـى كلَّ مـا يُـجْـدي
«أذاقَ السِّرَّ والـروحَ كـمـالَ الـروحِ والـوجـدِ
وَ والانـا بـمـا أغـنـاهُ مـولاه وولاّهُ»

***

(٧) شێخ سەلیم ئەم پارچە شیعرەیشی لە تەعریفی شێخ نەجمودینی کوڕی شێخ عومەر ضیائودیندا وتووە.

حـبـيبٌ لاتـرى شبـهـاً لـه شرقـاً ولا غـربـاً
لأَهـلِ الـقـولِ لا يـخـتـارُ إلا الـصَّدَّ والـكِـذبـا
لـصافـي الـقلبِ يسقي دائماً من خمرَةٍ شهبا
«لأهلِ الـوجدِ من لحظٍ أباحَ الفضلَ والقربا
فـواسانـا بـمـا آتـاهُ مـولاهُ وأدنـاهُ»

***

وإذ كـنّـا كـقـومٍ فـي بَـوادي الـجـهـلِ هُـيّـامِ
ولسنـا آخـذيـن مـن يدِ الـمـحـبـوبِ مـن جـامِ
سكَـرْنـا إذ لـنـا أبدى مـحـيّـا وجـهِـهِ السامـي
«جـزاهُ الـلـهُ ربّ الـفـضلِ عـنـا خـيـرَ أنـعـامِ
فـلا مَـلـجـا ولا مَـنـجـىْ لـعـبـدٍ مـنـه إلا هُـو»

***

إلـهـي أنتَ أنشأتَ الـورى بـالـحبَّ لـلـحبَّ
ومـا لـي مـا بـهِ أخـطـى بـحبِ مـنكَ مـن لُـبَّ
تـوسَّلتُ بـصبَّ عَـبـرتـي صبّـاً عـلـى صبَ
«فَـرَبـي ربِّـنـي فـضلاً وكـن لـي دائـمـاً ربـي
ولـي ولَّ وَلـيّـاً كـانَ ربُّ الـفـضلِ ربّـاهُ»

***

فـريـدٌ فـي عـبـاداتٍ، وحـيـدٌ فـي إشاراتِ
وسارٍ فـي سمـاواتٍ وعـارٍ مـن مساواتِ
سريٍ فـي كـمـالاتٍ، بـريءٍ مـن مُـبـالات
«فَصيحٍ في مقالاتٍ، صحيحٍ في كراماتِ
هـويـنـا الـمشربَ مشيـاً إلـهُ الـخـلـقِ أعـلاه»

***

عـلـى الأمّـارةِ الـخُـبـثـى أَمـيـرٌ عـادلٌ قـاهِـر
لـه فـي عـالـمِ الأَسرارِ حـظٌ وافـرٌ بـاهِـر
لـهُ وجـهٌ جـمـيـلٌ شبِـهُ وردٍ نـاضرٍ زاهِـر

«سليمُ الطبعِ في الباطن، حليمُ الخلقِ في الظاهر
عظيمُ الخلقِ من صبرٍ إلهُ الخلقِ أعطاهُ»(٨)

٩

فـاجـاكَ يـا ألـمُ الـجسورُ بـلـيَّـة
تُـمسى بـهـا مـتـلاشيـاً ومَـنـيّـة

أرعـدتَ أفـئِـدةَ الـذيـن تـعشَّقـوا
قـمـراً لـذاكَ عـلـى الـبدورِ مـزيَّـة

كـيـفَ استـطـعتَ دُنـوَّ وردةِ جسمِـهِ

لـذُبـولـهـا لازالَ عـنكَ رزيَّـةَ

لـم لا تـخـافُ لـهـيبَ نـارِ تـأوهِ
لـهُـواتـهِ فـتُـصيـبَكَ الـلـظَّـويَّـة

هـو نـائبٌ لـنَـبـيَّـه وخـلـيـفـةٌ
عـمِـرَتْ بـذاكَ شريـعـةٌ نـبـويَّـة

وطـريـقَـةُ الـصَّديـقِ خـيـرُ طـريـقـةٍ
مـن بـعـد مـا هُـدِمتْ فـنـا عـمـريَّـة

لا، بـل بـه عُـمِـرَ الـطـرائـقُ كـلـهـا
لاسيـمـا الـجـهـريَّـة الـعـلـويَّـة

هـو جـامـعٌ لحقـائـقٍ ومـعـارفٍ
ولـه الـذي هـو لـلـكـرامِ طـويَّـة

ولـه مـنـاقبُ أولـيـاءٍ تـوفـيَـتْ
تـأتـي إلـيـه نسائـمٌ مـدنـيَّـة

وتجلّـيـات إلـهـهِ مـن بـيـتـهِ
فـي كـلّ آنٍ تـعـتـريـه هـويَّـة

(٨) ئەمە پێنج خشتەکیی شێخ سەلیمە لەسەر شیعری شێخ عومەر ضیائودین.

لـيَـطُـفْ بـه مـن تـقـصدنّ زيـارة الـ
ـحـرمينِ ولـيـصرِفْ إلـيـه مـطـيّـة

أحـجـيـجَ بـيتِ الـلـهِ فـاتـكـمُ الـذي
عَـرضَتْ لـكـم لـلـقـاءِ ذاكَ أذيَّة

كـالشمسِ تشرقُ عـالـمـاً بـضيـائـها
يـعـلـو الـنـهـارُ بـوَجـنَـتـيْـهِ عشيَّة

هـوَ نـيَّـرٌ شمِـلَ الـورى لـمـعـانُـهـا
وأشعـةٌ لـجـمـالِـهـا قـمـريّـة

مـلكَ الـخـوارقَ والـكـرامـة كـلَّـهـا
نـعـمَ الـمـواهبُ مـالَـه وعـطـيَّـة

ملكَ الـقـلوبَ مع الـجسومِ جميعَها
فـلـه الـتـصرُّفُ فـيـهـمـا وفـقِـيَّـة

أسِرَتْ بسجنِ صدودِ ذلك مُـهـجَـتـي
خـلَـدى بـحـلـقَـةِ فـودِ ذاكَ رعـيَّـه

وهـوَ الـضيـاءُ ضيـاءُ قـلبِ سراجِـنـا
هُـدِيَـتْ بـنـورِ جـمـالِ ذاك بـريّـة

هـو مـظـهـرٌ ثـمَّ إلـى السبـعِ الـعُـلا
لـضيـاءِ ذاك تـجـاوزٌ ورُقِـيّـة

هـو بـالـذي لـمـحـمـدٍ مـتـخـلَّـقٌ
ولـذا صفـاتُ عـلاهُ مـصطـفـويَّـة

أ(سلـيـمُ) كـفَّ عـنِ الـمـديـحِ فـانـهُ
بـحـرٌ، ولـيسَ تحيـطُـهُ الـعربـيَّـة(٩)

(٩) شێخ سەلیم ئەم پارچە شیعرەی لە کاتی نەخۆشیی شێخ عومەر ضیائودیندا وتووە.

ئەمەش پارچە شیعرێکی بە فارسی:

١٠

بـدور رخت صف بـصف دل نشیـنـد
چـو بـر شاخ گـلـبـن بـلابـل نشیـند

بـلـی اخـتـران را نـبـاشد تـجـلـی
کـه بـر آسمـان مـاه کـامـل نشیـند

صف مـه رخـان را نـبـاشد نـمـودی
کـه یـارم بـصدر مـحـافـل نشیـنـد

بـکـنـج لـبت هـنـدوی تـکـیـه کـرده
چـو زاغـی کـه بـا گل مـقـابـل نشیـند

مـقـام مـحـمـد روا نـیست کس را
کـه فـاروق ثـانـی عـادل نشیـنـد

خـودی گشت مـارا رقـیب مـزاحـم
کـه بـیـن مـن و دوست حـائـل نشیـند

(سلیـم) از لـبـاس خـودی منسلخ شو
کـه خـودوار بـا یـار مشکل نشیند(١٠)

ئەمەش دوو تاقە بەیتی بە عەرەبی و فارسی:

١

بـنـجـم ضیـاءالـدین کـان استضاءتـي
إذا کـنتُ ذا غـيٍ بـتـلكَ بـراءتـي(١١)

(١٠) ئەم پارچە شیعرەش هەر لە تەعریفی شێخ ضیائودینداید.
(١١) مەبەستی لە شێخ نەجمودینە.

۲

عـمـر در دیـن پـیـغـمـبـر سراسر چـون مـحـاسن شد
ضریح سربسر نورش مقارن با (محاسن) شد[۱۲]

(۱۲) مەبەستی لە ئارامگای شێخ ضیائودینە کە سندووقی (مەحاسینی پێغەمبەر) لەپاڵیایە.

یادی شێخ عەزیزی تەختەیی

ئەم ذاتەیش لە بنەماڵەی مەردۆخییەکان و لە خزمانی شێخ سەلیمی تەختەییە. مەنسووبی شێخ ضیائودین بووە و لە مەیدانی ئەدەبیاتیشدا دەستێکی بالآی بووە. پارچەیەك لە شیعرە فارسییەکانیم دەسگیر بووە کە لە تەعریفی شێخ ضیائودیندا وتوویە، وا لێرەدا بڵاوی ئەکەمەوە:

سخن تا کی نهان دارم که بوی یارمی آید
نسیم آستان حضرت دلدار می آید

به هر گلبن که گل چینم، به هر وادی که بنشینم
نسیم صبح با عطر وی از گلزار می آید

درین صحرای عشق او دمادم میوزد عطری
که گویی بوی تار زلفش از تاتار می آید

چمن گویا چو جنت شد بیا یکدم تماشا کن
صدای بلبلان با حمد بر اشجار می آید

عجب فصلی بهاری شد که با یاد سحرگاهی
به هر آنی شمیم احمد مختار می آید

من دیوانهء صحرانشین مدهوش و سر مستم
ز بوی روضهء احمد کزین کهسار می آید

ز فیض حضرت قطب الیقین جادار ذی النورین
مرا از مبدء فیاض حق انوار میآید

به بتخانه گذر افتد به مسجد یا به میخانه
نسیم نسبت یار از در و دیوار می آید

به هر باغی، به هر راغی، به هر شاخی، به هر کاخی
که می بینم ز عشقش نغمهء طیار می آید

ز عشق بـــادهء چشمـــان شاهـــد صوفـــی و زاهـــد
صدای جـــذبـــهء ایشان ز هـــر اقـــطـــار مـــی آید

هـزاران هـمـچـو مـن دیـوانـه و سر گشتـهء عشقش
زسوز عشقشان در دل لـــهـــیب نـــار مـــی آید

اگر روز است چون خورشید، اگر شب چون مه تابان
در اقـلـیـم جـهـان شعـلـه ازان رخسار مـی آید

تـو مـنـع مـن مـکـن زاهـد ز تـرك صومـعـه حـقـا
صدای جـوش مـن از خـانـهء خـمـار مـی آید

بـیـفـتـاد از کـفـم تسبیح صنعـان سان کـه اندر سر
هـــوای عشق تـــرساوو بت و زنـــار مـــی آید

هـمـــی نـالـد دلـم امشب ز سوز آتش عشقش
ز شیشه قـلـقـل و جـوش از مـی گـلـنـار مـی آید

دریـن گـلشن هـمـی بـیـنـم ز عشق خـنـدهء گـلـهـا
صدای بـلـبـل و قـمـری بـه هـر اشجـار مـی آید

(بـیـاره) ساخت کـعـبـه بـهـر زائـر بـی گـمـان آری
دران وادی تـجـلـیـهـاش از ستـار مـی آید

به حصر عشق رخسارش به هر سویی که می بینی
خـریـدار زلـیـخـایـی پـی دیـدار مـی آید

به هر میخانه و مسجد، به هر بزمی، به هر رزمی
صداهـای (مـدد) بـا نـامش از مـی خـوار مـی آید

جـمـال عـالـم افـروزش چـو هـر نـقـاش مـی بـیـنـد
عـجب زیـن نـقش بـی مـانـنـد و زیـن کـردار مـی آید

چـنـان غـوغـا فـگـنـده در مـیـان ایـن جـهـان حـتـی
ز عشقش بـوی مشك و عـطـر ازیـن اشعـار مـی آید

اگـر مـن شمـهء وصفش بـه تـحـریـر و بـیـان آرم
ز تـحـریـر و بـیـان او دوصد طـومـار مـی آید

اگـر افـتـد گـذار مـقـدمش بـر تـربت عـاشق
تـن پـوسیـده‌اش رقـصان ز تـو هشیـار مـی آید

چـو بـگشایـد بـه خـنده غـنـچـهء تـنگ دهـن هـرگـه
تـو گـویـی بـوی عـطـر از بـوطـهء عـطـار مـی آید

چـو جـلـوه مـیـکـنـد از بـرج رعـنـایی و زیـبـایی
پـی نـظـاره بـانگ(یـا أولـی الأبـصار) مـی آید

بشارت بـاد بـهـر مـعشر اسلام اهـل حـق
پـی دیـن رسول الـلـه عـمـر مـعـمـار مـی آید

مـبـارك خـانـقـاهـی ساخـتـه از نـور سبـحـانـی
کـه وصفش آیـهء(مـن تـحـتـهـا الأنـهـار) مـی آید

مشو نـومـیـد (یـا مستـمسکـاً بـالـعروة الـوثـقـی)
کـزو بـهـر گـنـه‌کـاران صد استـغـفـاره مـی آید

نـدارد کس فـصاحت در مـقـام مـعـرفت گـویـی
چـو او بـا آن بـلاغت در خـط مـضمـار مـی آید

بـه مـیدان خدا جـویی چـو جـولان مـی زند گـویی
بـه مـیـدان جـهـاد حـیـدر کـرار مـی آید

(ضیـاءالـدیـن) ذو الاسرار عـالـم را مـنـور ساخت
بـه نـزد کـچـروان ایـن قـول حـق دشوار مـی آید

بـلـی شب پـرهء نـاچـیـز نـابـیـنـا بـه دور او
ز نـور عـالـمـیـن افـروز خـورانـکـار مـی آید

نـه از انـکـار خـفـاشش(ضیـاءالـدیـن) بـود نـقـصی
کـه فـیض حـق مـددکـار از شه مـخـتـار مـی آید

(عـزیـزاً) وصف او در حـیـطـهء بـحث و بـیـان نـاید
خـمش چـون وصف او اکـثـار بـر اکـثـار مـی آید

یادی شێخ موحەممەد ئەمینی هەولێری

ئـەم ذاتـە کـوڕی شێخ فـەتـحوڵڵای هـەولێرییـە و لـە دەوروبـەری ١٢٧٠ی هـیجرەتـدا هـاتـووەتـە دنـیـاوە لـە مـاڵی بـاوکیـا قـورئـان و سەرەتـای خوێندنـی خوێندووە و کـە گەورەیش بووە چووە بۆ فەقێیەتی و پاش بوون بە مەلا تەریقەتی قادریی لە باوکی وەرگرتووە و پاشانیش چووە بۆ بیارە و لەسەر دەستی شێخ ضیائودینـدا تەمەسوکی کردووە و خەریکی سولووك بووە تا ئیجازەی خەلافەتی وەرگرتووە و جا گەڕاوەتەوە بۆ هـەولێر و لەوێ نیشتەجێ بووە.

پـاش مـاوەیـەك دڵی لە هـەولێر هـەڵکنراوە و چووە بۆ حیجاز و نزیکەی ١٠ سـاڵ لە مەکەی موکەڕەمە مـاوەتەوە. پـاش ئەوەش چووە بۆ قـاهیرەی میسر و لەوێ سەقـامگیر بووە. لەبـەر ئـەوەش کە زۆر حەزی لە خوێندن کردووە دەستی کردووەتەوە بـە خوێندن و لەومـاوەیـەدا موسنەدی ئیمـامی شافیعی و مووەطای ئیمـامی مـالیك و هـەندێ لە تەفسیری بـەیضـاویی خوێندووە و پـاشان دەستی کردووە بـە ئیرشادکردن و تەریقەت دادانی موسوڵمـانان و لەناو عـالمـانی قـاهیرەدا ناووبـانگی بڵاوبووەتەوە و بـەو جۆرە مـاوەتەوە تـا لـە ١٣٤٨دا کۆچی دواییی کردووە. گەلێ لە زانـایان و ئەدیبـانی میسر پـارچـە شیـعـریـان لـە مـەدحیـدا دانـاوە، وا لـێرەدا یـەکێ لـەو پـارچـە شیـعرانـە بـڵاو ئەکەینـەوە:

حـتّـامَ لاتَـرعَـوي عـن حبِّ فـانـيـةٍ
فـي مـنـتـهـاهـا جـمـيـعُ الـهمِّ والنَّصبِ

هـلاّ صرفتَ زمـامَ الـكـومِ تـلـفـتُـهـا
صوب الـهـمـام بـذاكَ الـحـيِّ والـطَّنبِ

صوبَ الإمـام تـقـي الـقـلبِ طـاهِـرهِ
طـودِ الـهُـداةِ شريـفِ الأصلِ والـنسبِ

(مـحـمـد) الـنـقشبـنـدي (الأمين) ومَـنْ
شادَ المكـــارمَ بـــالاخـــلاصِ والحسبِ

طـلـقُ الـمُـحـيّـا، عـلـيُّ الـقـدرِ ذو هِـمَـمٍ
تـجـلـو الـكـروبَ، نـديُّ الـقـلـب فـي الـقـربِ

بـدرُ الـمـعـالـي، أبـو الأرواحِ سيّـدُنـا
غـوثُ الـورى مـنـجِـدُ الـغـرقـى مـن الـعـطـبِ

بـحـرُ الـمـعـارفِ نـورُ الـلـه مـرشـدُنـا
شمس الـحـقـايـقِ شيـخُ الـعـجـمِ والـعـربِ

تـاجُ الـفـخـارِ وحـيـدُ الـدهـرِ ذو مـددٍ
فـاقَ الـعُـبـابَ وجـودَ الـغـيثِ والسُّـحُـبِ

امـامُ أهـل الـتُّـقـى، سرُّ الـولايـةِ، مـنْ
أحـيـا الـطـريـقـةَ بـالإرشادِ والأدبِ

كـنـزُ الـمـعـارفِ قـطـبُ الـواصـلـينَ ومَـنْ
تـعـنـيكَ أفـعـالُـهُ الـغـرا عـن الـكـتـبِ

تـبـاركَ الـلـهُ كـم أحـيـتْ مـكـارِمُـهُ
مـواتَ قـلـبٍ فـأضـحـى مـظـهـرَ الـعـجَـبِ

كـذاكَ وارثُ (طـه) فـي شمـائـلـهِ
عـلـيـهـمُ حُـلّـةُ الأنـوارِ فـي الـحـقـبِ

هـو (الـعـزيـزان) ان فـاخـرتَ فـي حسبٍ
أو (نـقـشـبـنـد) الـذي قـد فـاز بـالأدبِ

أنـفـاسهُ عـن سنا (المعصومِ) تـخـبرُنا
وعـن إمـامـةِ (سيـف الـديـن) فـي الـطـلـبِ

فـلـيَـحـيْ سادتـنـا (الاكـرادُ) انـهُـمُ
أهـدوا لـنـا سيـدَ الأبـطـالِ والـنُّـجـبِ

ولـتـهـنَ مـصرُ وأهـلـوهـا بـهِ شرفـا
بـالـيـمـنِ فـي روضـةِ الأفـراحِ والـطـربِ

فـيـا مـريـدَ الـعـلا فـي ظـلَ رايـتـهِ
أقـبـلْ ولا تُـصغِ لـلـواشي فـذاك غـبـي

وكـنْ بـآداب أهـلِ الـحبّ مـلـتـحـقـاً
وقـبِّـلِ الـنـعـلَ تـرقـى مـنـتـهـى الـرتَبِ

یادی مەلا مەحموودی باکی

مەلا مەحموودی مەشهوور بە (باکی) خەڵکی ناحیەی (خورخورە)ی دەوروبەری سەقز. ئەدیبێکی باڵا و شاعیرێکی خاوەن هەست بووە. تەریقەتی لەسەر دەستی شێخ ضیائودیندا وەرگرتووە و هەر لە بیارەش ژیاوە، بەڵام سااڵی دوو مانگ چووە بۆ سولەیمانی حەکاکیی کردووە و مۆری هەڵکەندووە بۆ خەڵك و بەکاری ئەو دوو مانگە خەرجی ئەو دە مانگە کەی سااڵی پەیدا کردووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بیارە.

لە سەید ئەحمەدی عازەبانیم بیست وتی سااڵێکیان مەلا مەحموود دوو مانگەکەی لە مزگەوتی ئێمە بەسەر برد، دیم سەجعی مۆرەکەی خۆی ئەم دوو بەیتە بوو:

مژەات بهر رخنه در دلها
از من آموخته است حکاکی

هم ز مژگان تست بر گشته
شده بخت سیاه از باکی

لە شێخ نەجمودینی کوڕی شێخ شەمسودینی کەسنەزانیشم بیست وتی جارێکیان لەو سەردەمەدا کە مەلا مەحموودی باکی لە بیارە سولووك ئەکا، چەند ڕۆژێك شێخ ضیائودین لە ماڵ نایەتە دەرەوە بۆ خانەقا. سالیکەکان بەمە نارەحەت ئەبن، جا مەلا مەحموود ئەم پارچە شێعرە دائەنی و ئەینێرێتە ماڵەوە بۆ شێخ:

ای بلای دل صاحب نظران بالایت
آتش خرمن سودازدگان سودایت

غارت جان همه از فتن چشم سیاه
آب حیوان نمکی از لب شکر خایت

عیش جنت ثمری از شجر وصل شما
تاب دوزخ شرری از غم جان فرسایت

مست مخمور سر از خاك لحد بردارد
هر که لب تر کند از چاشنی صهبایت

مـا بـدام تـو گـرفـتـار و تـو از مـابـيـزار
تـو زمـا فـارغ و مـا شيـفـتـه و شيـدايت

ديـــدهء خـــاك نشيـــنـــان سر كـــويت را
بـاز روشن بـكـن از سرمـهء خـاك پـايت

ذرهايـــم و بـــهـــواى رخ تـــو سرگـــردان
والـــهء چشم ضيـــا غـــمـــزدهء سودايت

نـظـرى بـر مـن بـيـچـارهء مسكـيـن فـرمـا
مـن فـداى نـظـر و مـنـظـر مـهـر افـزايت

جـان بـلب آمـده پـروانـهء دل سوخـتـه را
شمـع جـم تـا بـكـى آخـر نـبـود پـروايت

نـازنـيـنـا بسرا پـردهء عـزت بـازا
كور آن چشم كه بى روى تو بيند جايت

بـاكـى از بـاكـى دل تـنگ پـريشانت نـيست
شاه مـــن آه ز بـى بـاكـى و استـغـنـايت

ئەم ذاتە كتێبێکی جوانی لە باسی مەناقیبی شێخ ضیائودینداا نووسیوە، نوسخەیەکی لە کتێبخانەکەمدایە(١).

(١) لە باسی شێخ عومەر ضیائودینداا، پارچە شیعرێکی ئەم ذاتەمان بڵاو کردەوە کە لە لاواندنەوەی شێخی ناوبراودا داینناوە.

یادی مەلا مەجیدی پێشنوێژی خانەقای بیارە

ئەم ذاتە کوڕی مەلا حامیدی کاتبە کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسمان کرد و دایکیشی برازای مەولانا خالیدە. پاش وەفاتی شێخ بەهائودین لە خزمەتی شێخ ضیائودیندا بووە و لای ئەمیش پێشنوێژی خانەقا بووە و پیاوێکی زۆر لەخواترس و عیبادەتکار بووە و پیاوانی لەخواناسی گەورە و بە ناوودەنگ هەمیشە لە پشت سەریەوە نوێژیان کردووە.

مەلا مەجید تا مردنی پێشنوێژی خانەقا بووە. ئەگێڕنەوە ڕۆژێکیان کۆمەڵێك مەلای مەریوانی لە بیارە دەوری لێ ئەدەن پێی ئەڵێن بێ قەزابی بۆچی خۆتت لەم بیارەدا بە فەقیری و گەدایی پیر کرد. وەرە لەگەڵمان بۆ مەریوان، لەوێ لە دێیەك داتئەمەزرێنین خەڵات و بەراتی سالانەت ئەوەندە و ئەوەندە زۆر بێ لە گەنم و جۆ و برنج و پارە و حەیوان و بەجارێ دەولەمەند ببی.. زۆری لەگەڵ ئەڵێن.. ئەویش سەرەنجام وا وەڵامیان ئەداتەوە، ئەڵێ براینە! ئینسسافتان ببێ. من حەقم نییە بەرابەر بە پێشنوێژی داوای هیچ بکەم. نوێژە، فەرزە لەسەرم و بۆ خۆمی ئەکەم. پێشنوێژیشە، فەرزی کیفایەیە هەر کەس ڕێ کەوێ ئەیکا، ئیتر بۆ مەمنوونی خوا نەبم، خەڵك ئەمخەنە پێشی خۆیانەوە و لە پشت سەرمەوە نوێژ ئەکەن؟

مەلا مەجید پیاوێکی گۆشتن بووە. ئەگێڕنەوە جارێکیان کابرایەك ڕێی ئەکەوێتە خانەقای بیارە، برسی ئەبێ، مەلا مەجید ئەبینێ بەو هەمووە گۆشتنییەوە، پێی ئەڵێ ئەرێ مەلا ئێوە بۆ لە خوا ناترسن؟ من وا لەبرسانا ئەمرم، تۆیش ئەو هەموو گۆشتەت پێوەیە وەختە لەت ببی.. ئا بمبەرەوە بۆ ماڵی خۆتان تیکەیێ قوبڵیم بدەرێ. مەلا مەجیدیش تۆزێ مات ئەبێ، پاشان ئەڵێ برا! باوەر ئەکەی مەگەر جەژنە و جەژن لە ماڵی خۆما چاوم بە برنج بکەوێ. منیش وەك تۆ گەدام، بەڵام بڵێم چی خوا ئەم هەمووە گۆشتەی داومەتێ و وا گۆشتنی دروست کردووم!

مەلا مەجید دەستی شیعر وتنیشی بووە. ئەمە پارچە شیعرێکیە بۆ پارانەوە لە خوا وتوویەتی:

سر خـجـلت فـگـنـده شرمسارم
نـه طـاعت نـه زبـان عـذر دارم

خداوندا نیم لایق به جنت
توانای تب دوزخ ندارم

کرم فرما مرا توبه نصوحی
ببخشا و بفردوس اندر آرم

ندارم غیر عفو تو پناهی
بفضل خود ز منفوران شمارم

بهاءالدین، ضیاءالدین بکردند
پی امر امامت اختیارم

امام اولیای وقت خویشم
ملا گویم، چرا مخفی بدارم

سراج الدین، بهاء الدین، ضیا هم
ز مآمومان خود بر می شمارم

اگر هر موی من گردد زبانی
ز صد شکرش یکی را چون گزارم

نگویم من که لایق بودم این را
ولی عین عنایت بود یارم

رجا دارم قبول آن نمازی
که با این اولیاها میگزارم

امام ساکنان خانقاهم
بغیر از این دیگر چیزی ندارم

تو نجم الدین صفت رحمی بحالم
اگر نکنی، چه سان باشد قرارم

چه سان گویم که من عبد مجیدم
نواهی چون اوامر میگزارم

بـه سال(شغل)[1] این ابیـات گفتم
کـه تـا مـانـد بـدوران یـادگـارم

بـهشت جـاودان بـاشد مـر آنکس
بـخـوانـد عـفـوم از پـروردگـارم

مـەلا مـەجـید لـه سالآنـی یـەکـەمـی ۱۳۳۰دا کۆچـی دواییـی کـردووه و لـه گۆڕسـتـانـی (ملەگای چنار) له بیاره به خاك سپێررارە.

(۱) ئەم وشەیه به حیسابی حوروفی ئەبجەد ئەکاته ۱۳۳۰ که سالّی وتنی پارچه شیعرەکەیه.

یادی حاجی مەلا موحەمەدی جوانڕۆیی

باوکی ناوی مەهدی و لە سەیدەکانی پیر خدرییە. لە منالّییەوە دەستی کردووە بە خوێندن و چووەتە بیارە و لەوێ ماوەتەوە تا ئیجازەی وەرگرتووە. هەر لە سەردەمی فەقێیەتیدا تەریقەتیشی وەرگرتووە و خەریکی عیبادەت و خواناسی بووە. بە فەرمانی شێخ عومەر ضیائودین لای حەسەن بەگی سلێمان بەگ لە گەرمیان بووە بە مەلا و پاش ئەوە چووەتە خانەقی و ئەرکی پێشنوێژی و دەرس وتنەوەی لە خانەقای شێخ ضیائوددیندا گرتووەتە ئەستۆ و تا مردن لەوێ ماوەتەوە. سەفەری بەیتوڵڵای بووە و حەجی کردووە و لە حەجەکەیا چاوی بە مەلیك عەبدولعەزیزی سوعوود کەوتووە و گەلێ ئامۆژگاریی کردووە. پاش ئەوە چاوی بە مەلیك فەیسەڵی یەکەمیش کەوتووە و فەیسەڵ مانگانەی بۆ بڕیوەتەوە، بەڵام ئەم داویەتە دواوە و ئەڵێن بەم ڕستەیە وەڵامی داوەتەوە:(ترکُ القناعةِ عار علیّ في الدنیا ونار في الآخرة).

لە ١٣٥٦دا کاتێ کە لە بیارە مامۆستا بووم، حاجی مەلا موحەمەد هات بۆ ئەوێ. زۆر لەگەڵم بە لوتف بوو. منیش بۆ ئەوەی سەنەدی ئیجازەی عیلمیم بە سەنەدی مەلای گەورەی بیارەوە پێوەند بێ، کە حاجی مەلا موحەمەد لای ئەو ئیجازەی وەرگرتبوو، داوای ئیجازەم لێ کرد، ئەویش ئیجازەی دامێ و بە خەتی خۆی لە پەڕاوێزی ئیجازەنامەکەمەوە کە مامۆستا شێخ عومەری ئیبنولقەرداغی بۆی نووسیوم، بۆی نووسیم.

ئەم ذاتە لە ١٣٥٨ی هیجریدا کۆچی دواییی کردووە.

یادی مەلا عەبدوڵڵای عەبابەیلێ یی

کوڕی شێخ قادری عەبابەیلێییە. هەر لە منداڵییەوە دەستی کردووە بە خوێندن و لە گەنجیدا تەریقەتی لە بیارە لەسەر دەستی شێخ عومەر ضیائودیندا وەرگرتووە و پێکەوە خوێندووشیەتی و سولووکیشی کردووە و لە هەردوو مەیداندا پێ گەیشتووە. پیاوێکی قەناعەتکار و دوور لە دیمەنپەرستی بووە و لە ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە درێغیی نەکردووە و چەندیشی لەتوانادا بووبێ بە دەرس پێوتنی فەقێیانەوە خەریك بووە. لەسەر دالانی حەوز و مزگەوتی عەبابەیلێ حوجرەیەکی بۆخۆی ڕێك خستووە کەسێ شارەزا نەبووبێ پێی نەزانیوە. لەبەر ئەم دوورییەی لە خەڵك خۆی ناونابوو (ئیلاهی) واتە هەر خوا پشت و پەنایەتی.

گەلێ فەتاوای فیقهیی هەیە و لە گەلێ مەیداندا نووسراوی بە کەڵکی هەیە. یەکی لەوانە نامیلکەیەکە لەبارەی (تاپۆی عوسمانی)یەوە، لەم نامیلکەیەدا ئەڵێ ئەگەر تاپۆ لە سەر تەملیککردنی ئەرزی بەیتولماڵی موسوڵمانان بێ ئەوە لەبەر ناچاری نەبێ دروست نییە و ئەویش بەومەرجە کە بە (ثمن المثل) بێ. خۆ ئەگەر لەسەر قاعیدەی (ارفاق) بێ واتە بە دەسەڵاتدارێکی وا بدرێ کە خزمەتی ئیسلام بکا، ئەوە ئەوەیش تا ئەوکاتە دائەمەرزێ کە خزمەتەکە بەردەوام بێ، ئەگینا بە شەرع ڕەوا نییە. مەلا عەبدوڵڵا ئەم نامیلکەیەی ناردووە بۆ مەلا قادری گەورەی بیارە، ئەویش لە پشت نامیلکەکەوە نووسیوەیە ئەوەی لەم نامیلکەیەدا نووسیوتە ڕاست و موتابیقی شەرعە، بەڵام کردنەوەی ئەم باسە لەم ڕۆژەدا ئەبێ بە هۆی هەرایەکی وا زیانی لە ئەسڵی مونکەرەکە زۆرتر بێ، کەواتە بێدەنگی چاترە!

مەلا عەبدوڵڵا لە ١٣٧٥دا لە دێی عەبایلێ کۆچی دواییی کردووە و هەر لەوێ بە خاك سپێرراوە.

یادی مەلا بەهائوددینی پێش نوێژی خانەقای بیارە

ئەم ذاتە لە ساڵی ١٢٩٤ی هیجرەتدا لە دێی(دزاوەر) لە دایك بووە و بە منادڵی دەستی کردووە بە خوێندن و پاش گەیشتن بە پلەی (موستەعید) چووە بۆ بیارە بۆ خوێندن و لەوێشەوە چووە بۆ لای حاجی مەلا عەبدوڵڵای پەسوێ لە موکریان و ڕیاضیات و هەندێ بابەتی تری لا خوێندووە و دسانەوە هاتووەتەوە بۆ بیارە و لای مەلای گەورەی بیارەش خوێندوویە و ئیجازەی لا وەرگرتووە و لەسەر دەستی شێخ عومەر ضیائودینداا تەریقەتی وەرگرتووە و هەر لە بیارە ماوەتەوە و پاشان بووە بە پێشنوێژ و سەر حەڵقەی خەتم و تەهلیلە و تا کۆچی دواییی کردووە هەر پێشنوێژ و سەرحەڵقە بووە.

مامۆستا مەلا بەها وەختی خۆی بە فیرۆ نەئەدا. لە غەیری وەختی نوێژ و خەتم و تەهلیلەدا خەریکی قورئان خوێندن و ویرد خوێندن و دەرس پێوتنی فەقییان ئەبوو، بە تایبەتی دەرسی تەجویدی قورئان و شەرع و لەشەرعیشدا بە تایبەتی دەرسی فەرائیض واتە جۆنیەتیی دابەشکردنی میرات.

ئەم ذاتە لە ١٣٦٨دا لە بیارە کۆچی دواییی کردووە و لە پشت مەرقەدی شێخ عومەر ضیائودینەوە، لەوشوێنەدا کە خۆی قەبری بۆ خۆی تیا هەڵکەندبوو و لە پێش مردنیەوە بە ماوەیەك قورئانی بەسەردا ئەخوێند- بە خاك سپێرراوە.

ئەم ڕاتە کوڕی شێخ ئەمینی قەرەداغی و لە بنەماڵەی مەردۆخییە و ئەچێتەوە سەر شێخ مەعرووفی گەورە کە لە دەرەقووڵەی نزیك بیارە بە خاك سپێرراوە.

لە ساڵی ١٣٠٣ی هیجرەتدا لە سولەیمانی لەدایك بووە و پاش فام پەیداکردن نراوەتە بەر خوێندن و بەردەوام بووە تا بووە بە مەلا و ئیجازەی وەرگرتووە و بەهۆی بەهرەی زیرەکیی خۆی و خەریکبوونی بێ وچانیەوە بە دەرز پیوتنەوەی فەقێیان و کتێبدانان و شەرح و پەڕاوێز لەسەر نووسینی، بووە بە یەکێ لە مەلا هەرە بەناووبانگەکانی کوردستان.

ئیبنولقەرەداغی زیاتر لە مزگەوتی خۆیانا و جارجاریش لە مەدرەسەی زەردیاوای قەرەداغ کە شێخ نەجیبی قەرەداغی مودەڕیسی بووە خوێندوویە. خۆی گێڕاویەتەوە کەوا لە خزمەتی شێخ نەجیبدا دەستی کردووە بە خوێندنی (جەمعولجەوامیع)، بەڵام شێخ نەجیب لەبەر ئەوە کە زۆر بەسەر عیلمەکەدا زاڵ بووە ئەوەندە موبالاتی بە فەقێ نەکردووە. لەبەر ئەوە ئیبنولقەرەداغی کە لە موقەدیمەی کتێبەکە ئەبێتەوە دێتەوە بۆ سولەیمانی و کە ئەبینێ گەلێ لە دەرزەکانی موقەدیمەکەی جەمعولجەوامیعی بە سادەیی خوێندووە، لای مەلا حوسەینی پیسکەندی لە سەرەتاوە دەست پێ ئەکاتەوە.

ئیبنولقەرەداغی لە حیساب و ڕیاضیات و ئوستورلاب و ڕوبعدا دەستێکی زۆر باڵای هەبوو. گێڕایەوە فەرمووی زۆر ئارەزوومەند بووم لە خزمەتی عیرفان ئەفەندیدا دەرزی تەشریحولئەفلاکی بەهائودینی عامیلی بخوێنم، بەڵام عیرفان ئەفەندی مەجالی نەئەدام تا ناچار بووم ڕازی بووم سەماعی دەرز مەلا هادیی بێساڕانی بکەم[1]، مەلا (هادی) یش عادەتی وابوو هەر بابەتێکی نەحو لە دەرزەکەیا هەڵکەوتایە ئەیپرسی لە عیرفان ئەفەندی، ئەویش بەمە زۆر ناڕەحەت ئەبوو، ئەیفەرموو من

(١) سەماع ئەوەیە دەرزەکە دەرزی فەقێیەکی تایبەتی بێ و چەند فەقێی تریش بۆ سوود وەرگرتن بێن گوێ بگرن. لەم حاڵەدا هەر ئەو فەقێ تایبەتییە حەقی (بەڵێ)کردنی بۆ مامۆستا هەیە و ئەوانی کە تەنیا ئەوەندەیان بۆ هەیە جارجار پرسیارێك لە مامۆستا بکەن بێ ئەوەی درێژەی بدنێ، بەڵام ئەتوانن لەپاش دەرزەکە هەمان بابەت لەگەڵ مامۆستا بەدرێژی لێك بدەنەوە.

دەرزی ڕیاضیات ئەڵێمەوە، هەقم بە نەحووەوە چییە؟ منیش لە جیاتیی عیرفان ئەفەندی وەڵامی پرسیارەکەی مەلا هادیم ئەدایەوە، لەمەوە خۆشەویستیم کەوتە دڵی عیرفان ئەفەندییەوە و وای لێ هات سەربەخۆ دەرزی تەشریحولئەفلاکەکەی پێ ئەوتم و بەوجۆرە تەشریح و کتێبەکانی ترم لا خوێند. ئیبنولقەرەداغی بەدەم خوێندنی ئەم کتێبانەوە ئەوەندەی سەعی و موتالآ تیا کردوون، مودەووەنەی حاشیەی لە سەر تەشریحولئەفلاك و حاشیەی تەشریح و ڕیسالەی حیساب و ئوستورلاب و ئەشکالولتەئسیس و ڕوبعی موجەییەب و ڕوبعی موقەنطەرات نووسیوە.

ئیبنولقەرەداغی کە لە خوێندنی مادەکانی فەقێیەتی بووەتەوە، چووەتە لای شێخ نەجیبی قەرەداغی ئیجازەی وەرگرتووە و لە مزگەوتی خۆیاندا لەسولەیمانی کە مەشهوورە بە مزگەوتی شێخ مارف لەگەڵ شێخ مارفی برای دەرزیان بە فەقێ وتووەتەوە، تا پاشان لە ساڵی ١٣٣٧ی هیجرەتدا، خەڵکی گەڕەکی دەرگەزێن بە یارمەتیی چەند کەسێکی وەك حاجی سەعید ئاغا و حاجی مەلا موحییدین و حاجی عەبدوڵڵا و حاجی فەقێی شاڵی خانەقای مەولانایان ئاوەدان کردووەتەوە و چەند هۆدەیەکی نوێیان بۆ مەلا و فەقێ تیا دروست کردووە و هاتوونەتە لای ئیبنولقەرەداغی و تکایان لێ کردووە کە ببێ بە مەلای خانەقا و ئەویش بە گوێی کردوون و چووەتە خانەقا و تا کۆچی دواییی کردووە هەر لەوێ ماوەتەوە. بەدرێژاییی ئەو ماوەیە خەڵکی دەرگەزێن و بە تایبەتی حاجی مەلا موحییدین و حاجی عەبدوڵڵا و حاجی فەقێ بە دڵسۆزی و دڵ فراوانییەوە خزمەتی ئیبنولقەرەداغی و فەقێکانیان کردووە و مانگانەیان بۆ بڕیونەتەوە[٢].

ئیبنولقەرەداغی هەرگیز کاتی خۆی بە خۆڕایی بەسەر نەئەبرد، یا دەرزی بە فەقێ ئەوت، یا موتالآی کتێبی ئەکرد یا کتێبی دائەنا. لە مەجلیسیشیدا لە باسی زانست و زانایان بەولاوە هیچی تر نەبوو. لەبەرئەوە باشترین فەقێی ناوچەکە بەئاواتەوە بوون لە مەدرەسەی خانەقای مولانا جێیان ببێتەوە و مامۆستا شێخ عومەری

(٢) هەرچەند باسی پیاوەتیی ئەم دوو برایە بکەم لەگەڵ مامۆستا شێخ عومەر و فەقێکانیدا هێشتا حەقی خۆیان نادەمێ. ئەمانە هەمیشە بەدەممانەوە بوون و لە هەموو تەنگانەیەکدا یارمەتییان ئەداین و شەوانی سێشەمە و جومعە ئەهاتن بۆلامان و قەسیدەی بوردییەیان لەگەڵمان ئەخوێندەوە.

ئیبنولقەرەداغی دەرزیان پێ بڵێ. ئەویش هەمیشە فەقێکانی هان ئەدا لەسەر نووسین و نووسینەوە و خوێندن و خوێندنەوە. ژمارەیەك لە باش مەلاکانی کوردستانی خواروو لای ئیبنولقەرەداغی ئیجازەیان وەرگرتووە و هەریەکێ لە ناوچەیەك بوون بە مودەرِیس و دەرزیان بە فەقێ گوتووەتەوە و زانستیان بڵاو کردووەتەوە.

ئەمەش ناوی هەندێ لەو فەقێیانەی لای ئیبنولقەرەداغی خوێندوویانە و ئیجازەیان لا وەرگرتووە و پاشان لەناو مەلاکانی کوردستانی عێراق و ئێراندا بە مەلاباش ناووبانگیان دەرکردووە:

١- مەلا قادری سماقانیی بانەیی.

٢- شێخ عەبدولکەریمی هەڵووژانی.

٣- سەید حوسەینی تایرلوغیی موکریانی.

٤- مەلا موحەمەدی کورەزای شێخولئیسلامی بانە.

٥- مەلا سەعیدی ئاغجەلەری.

٦- مەلا عەبدوڵڵای چروستانەیی.

٧- مەلا رەحیمی پەرخی

٨- مەلا صاڵحی برازای مەلا عەزیزی پریس.

٩- مەلا موحەمەدی رەئیس.

١٠- مەلا عینایەتی سەروماڵی.

١١- مەلا موحەمەد سەعیدی صاحیبی.

١٢- مەلا عومەری عومەر گومەتی.

١٣- مەلا یەحیا بانەیی و.... گەلێکی تر(٣)

(٣) من خۆیشم یەکێکم لەوانەی چەند ساڵ لای مامۆستا شێخ عومەر خوێندوویانە و ئیجازەیشم هەر لە خزمەتی ئەوا وەرگرتووە. لە مانگی رەبیعولئەووەلی ١٣٣٩وە چوومەتە خزمەتی لە خانەقای مەولانا و تا مانگی شەعبانی ١٣٤٣ لە خزمەتیا ماومەتەوە، جا ئیجازەم وەرگرتووە. لەم ماوەیەدا ئەم کتێبانەم لە خزمەتیا خوێندووە: ئەقصەلئەمانی لە عیلمی بەلاغەدا، تەشریح بە حاشیەکانی موصەنیفەوە، رِیسالەی حیسابی عامیلی، =

ئیبنولقەرەداغی هەمیشە شانبەشانی دەرزوتنەوەی بە فەقێکانی خەریکی نووسینیش ئەبوو. ئەمەش ناوی هەندێ لەو کتێبانەی کە داینـاون:

١- حاشیەی مودەووەنەی لە سەر شەرحی تەهذیبو لکەلام لە ئوسوولّی دیندا.

٢- حاشیەی مودەووەنەی لە سەر جەمعولجەوامیع و شەرحەکەی لە ئوسوولّی فیقهدا.

٣- حاشیەی لەسەر ئەقصەلئەمانی عیلمی بەلاغەدا.

٤- حاشیەی مودەووەنەی لەسەر گەلەنبەویی بورهـان لە عیلمی مەنطیقدا (لە چاپ دراوە).

٥- حاشیەی مودەووەنەی لەسەر گەنبەویی شەرح لە عیلمی مەنطیقدا.

٦- حاشیەی مودەووەنەی لەسەر گەلەنبەویی ئاداب لە ئادابی بەحث و موناظەرەدا (لەچاپ دراوە).

٧- حاشیەی مودەووەنەی لە سەر ڕیسالەتولحیساب.

٨- حاشیەی مودەووەنەی لەسەر تەشریحولئەفلاك لە فەلەکیاتدا.

٩- حاشیەی لەسەر ئوستورلاب.

١٠- حاشیەی لەسەر ڕوبعی موجەییەب.

١١- حاشیەی لەسەر ڕوبعی موقەنطەرات.

١٢- حاشیە لەسەر فەریدەی جەلالودینی سیووطی لە نەحو و صەرفدا.

١٣- حاشیەی لەسەر تەسریفی مەلا عەلی (لەچاپ دراوە).

١٤- ڕیسالەیەك لە فەرائضیدا.

١٥- شەرحی ڕیسالەی فەرائیض (لە چاپ دراوە).

١٦- المنهل النضاح في اختلاف الأشياخ أبن حجر والقاضي والرملي والمغني.

= ئەشکالولتەئسیس، ئوستورلاب، ڕوبعی موجەییەب، تەقریبولمەرامی شەرحی تەهذیبولکەلام، جەمعولجەوامیع، قاضی و لاری بە حاشیەکانی شێخ عەبدولقادری موهاجیرەوە، فەریدەی سیووطی بە حاشیەکانی ئیبنولقەرەداغی خۆیەوە، گەلەنبەویی بورهـان، شەرحی مەنهەجی قاضی زەکەریا لە سەرەتاوە تا کیتابی نیکاح، کیتابی خولعی توحفەی ئیبنو حەجەر.

١٧- فەتواكانى لە وەلّامى ئەو پرسيارە شەرعييانەدا كە لێى كراون (بە پێى بابەت لە ناو [جواهر الفتاوى]كەى مندا لە چاپ دراون).

١٨- شەرحى مەقوولاتى عەشەرەى مەلا عەليى قزلّجى.

١٩- حاشيەى لەسەر عەبدولّلايەزدى لە عيلمى مەنطيقدا.

٢٠- رسالة في الصلوات على سيد الكائنات عليه أفضل الصلوات والتسليمات (لەچاپ دراوە).(٤).

مامۆستا شێخ عومەرى ئيبنو لقەرەداغى نموونەى ڕەوشت و خووى بەرز بوو، بە جۆرێ كە فەقێكانى ئەوەندەى لە عيلمەكەى كەلّكيان وەرئەگرت، ئەوەندەش لە ڕەوشت و خووى فێر ئەبوون و كەلّكيان وەرئەگرت. عيززەتى نەفسێكى بێ ئەندازە زۆرى هەبوو. بە هيچ جۆرێ لە دنيايەك نزيك نەئەكەوتەوە كە بۆنى سووكى و دەنائەت بدا. زۆر قانيع بوو بەوەى دەستى ئەكەوت. زۆر بێ فيز و خۆ بەزل زانين بوو. هەموو جارێ بە دەستى خۆى قاپە چێشتى لە ماڵەوە ئەهێنا بۆ فەقێكان و هەرگيز بە يەكێكيانى نەئەوت برۆ لە ماڵى خۆمان چێشت هەيە بيهێنە بۆ خۆتان.

لەبارەى تەمەسوكيشەوە لە شارى سولەيمانى بە خزمەتى شێخ نەجمودين گەيشتووە و تەريقەتى لەسەر دەستيدا وەرگرتووە.

ئەم ذاتە لە ١٣٥٣دا كۆچى دواييى كردووە و لە گردى سەيوان بە خاك سپێررراوە.

---

(٤) كتيبە لە چاپ نەدراوەكانى ئيبنولقەرەداغى هەموو لاى شێخ عەبدولڕەحمانى كورپنى، بەلّكو خوا يارمەتيى بدا بۆ لەچاپ دانيان بۆ ئەوەى خوێندەوارانى موسولّمانان سوودياں لێ وەربگرن.

یادی شێخ موصطەفای موفتیی هەڵەبجە

ئەم ذاتە کوڕی شێخ مەحموودی موفتیی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانییە. شێخ مەحموودی باوکی موفتیی قەزای هەڵەبجە و مەلایەکی گەورە و پیاوێکی خاوەن قەدر و حورمەت بووە. لە دێی خەرپانی و لە چەمی بیارە هەندێ باخ و مووڵکی بووە، بەڵام هەرچیی بووە بۆ خزمەتی خەڵکی خەرج کردووە. شێخ مەحموودی موفتی لە ١٣١٩ی هیجرەتدا کۆچی دواییی کردووە. لەوکاتەدا شێخ موصطەفای کوڕی فەقێ بووە لە بیارە، دەستی لە خوێندنەکەی هەڵگرتووە تا تەواوی کردووە و ئیجازەی وەرگرتووە، جا گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە و لەسەر مزگەوتی خۆیان کە مزگەوتی جامیعەیە بەپێشنوێژی و ئیمام جومعەیی دامەزراوە و وەزیفەی موفتییەتییەکەی باوکیشی دراوەتێ.

مامۆستا موفتی و مامۆستا شێخ عەبدوللەتیفی قەرەداغی لە هەڵەبجە، بەش بەحاڵی مەلا و فەقێی ئەو ناوچەیە وەك مامۆستا باوك وابوون، کەس هەستی بە بێگانەیی خۆی نەئەکرد تیایانا. من خۆم لە ١٣٣٥ی هیجرەتەوە ناسیاویم لەگەڵ مەلایانی هەڵەبجە پەیدا کردووە. لەو کاتەوە و بە تایبەتی پاش ئەوە کە لە سولەیمانی ئیجازەم وەرگرت و لە نێرگسەجارِ بووم بە مودەڕیس، هەرچەند چووبمە هەڵەبجە ئەم هەستەم بەرابەر لە یەکێ لەو دوو مامۆستایەوە و هەموو جارێکیش کە مەلایانی هەلەبجە و دەوروبەر لە یەکێ لەو دوو مامۆستا کۆئەبوونەوە، ئەمزانی کە هەمووان هەر وا هەست ئەکەن.

لەم دانیشتنانەماندا وەختێکی زۆرمان بە باسی مەسائیلی ئاینی و مەلایانە و ئەدەبییەوە بەسەر ئەبرد و لە شیعری شاعیرانی وەك نالی و سالم و مەحوی و کوردی و ئەوانە ئەکۆڵینەوە. بەم چەشنە ئەم دوو مامۆستا کۆڕی مەلایان و پیاوانی بەزەوق وا بوون.

کە ئینگلیز عێراقیان داگیر کرد و هەڵەبجە و دەوروبەریش کەوتە ژێردەستیان، زیانێکی زۆریان بە شێخ موصطەفای موفتی گەیاند و ئەویش ناچار بوو زۆر تری مامۆ و مووڵکی خۆی بۆجێیەجێکردنی تەکلیفاتی ئەو داگیرکەرانە بفرۆشێ. هەر لەو سەردەمەدا تووشی نەخۆشی بوو لە مووسڵدانەیا و ئازارێکی زۆری پێوە چێشت تا لە ١٣٧٥دا کۆچی دواییی کرد.

یادی شێخ عەبدوللەطیفی قەرەداغی

ئەم ذاتە کوڕی شێخ موحەمەدی کوڕی شێخ عەبدوللەطیفی قەرەداغییە، لە ساڵی ١٣٠٠دا لە هەڵەبجە لەدایك بووە و لای باوکی دەستی کردووە بە خوێندن و هەر لای ئەویش خوێندنی تەواو کردووە و لەسەر دەستی شێخ نەجمودینیشدا تەمەسوکی کردووە و تەریقەتی وەرگرتووە و پاش ئەویش لەسەر دەستی شێخ عەلائودیندا تازەی کردووەتەوە.

شێخ عەبدوللەطیف پیاوێکی دوور لە دنیا و دەست و دڵ کراوە و دڵسۆزی موسوڵمانان بوو. لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا زۆر لێهاتوو چالاك و خزمەتگوزار بوو. ماڵی هەمیشە وەك کۆڕی کۆبوونەوە و ڕابواردنی مەلایانی هەڵەبجە و دەوروپشت وابوو.

ماوەیەك قازیی هەڵەبجە بوو. لەوماوەیەدا دیاریی لە دۆستان گل نەئەدایەوە. ڕۆژێکیان کۆمەڵێ مەلا بووین، مەلا عەزیزی پریس و بابارەسوولی عەبابەیلێ و چەند کەسێکی تر، پاش نوێژی بەیانی گەڕاینەوە بۆ ماڵی ئەوان. کە دانیشتین زۆری پێ نەچوو کابرایەك هات شووتییەکی گەورەی پێ بوو، دای نا. شێخ عەبدوللەطیف لێی پرسی: ئەمە چییە؟ کابرا وتی: بێستانێکی باشم هەیە کاڵەك و شووتیی باشی تیایە، ئەم شووتییەم لێ هێنا بۆ ئەم ماڵە بە دیاری. شێخ عەبدوللەطیف وتی: بیستووتە من قازیی هەڵەبجەم؟ کابرا وتی: بەڵی. شێخ عەبدوللەطیف. وتی: کەواتە شووتییەکەت بەرەوە. کابرا سەری سووڕما و لە قسەکەی شێخ عەبدوللەطیف تێك چوو، بە عاجزییەکەوە شووتییەکەی هەڵگرت. کە گەیشتە دەرگای دەرەوە مەلا عەزیز ڕای کرد بەدوایا، گرتی و شووتییەکەی لێ سەندەوە، وتی: باوکم! تۆ نایخۆی، کەیفی خۆتە، هەر مەیخۆ، ئێمە ئەیخوێن. شێخ عەبدوللەطیف لە مزگەوتی پاشای هەڵەبجە مودەڕیس و پێشنوێژ بوو(١).

(١) پاش شێخ عەبدوللەطیف شێخ عومەری برا بچووکی لە جێی دانیشت. ئەمیش پیاوێکی قەناعەتکار و خزمەتگوزار و بەحیا و شەرم بوو. ژیانی تا ماوەیەکی زۆریش بە ئاشێکی وەقفی سەر پێشنوێژی مزگەوتی پاشا بوو. ئەم ذاتە لە بەهاری ١٣٧٣دا کۆچی دواییی کرد.

یادی مەلا حەمەسەعیدی عەبابەیلێیی

ئەم ذاتە کوڕی ئەحمەدی فەتاح و لە دەوری ١٣٠٠دا لەدایك بووە. لە منالّییەوە دەستی کردووە بە خوێندن و لە عەبابەیلێ و هەڵەبجە و سولەیمانی و بیارە خوێندوویەتی و ئیجازەی لای مەلا قادری گەورەی بیارە وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ عەبابەیلێ و دەستی کردووە بە بازرگانی و دەرس پێوتنەوەی فەقێیان پێکەوە. لە ١٣٣٩دا لەگەڵ سەید فەرەجی عەربەتی چووینە خزمەتی بۆ خوێندن، چەند مانگێ لای ماینەوە.

من لەوکاتەدا گەلەنبەویی بورهانم ئەخوێند. پاشان گەڕامەوە بۆ هەورامانی ئەودیو. لە ١٣٤١یشدا جارێکی تر چوومەوە خزمەتی. ئەم جارە لە سولەیمانییەوە چوومەلای، لە ترسی بۆمبابارانی سولەیمانی لەلایەن ئینگلیزەوە هەڵاتبووم. ئەوکاتە (لب الأصول) م ئەخوێند، دوو سێ مانگ لای مامەوە. مامۆستامەلا حەمەسەعید پیاوێکی ڕەوشت بەرز و خاوەنی عیززەتی نەفس بوو. لەسەر دەستی شێخ نەجمودیندا تەمەسوکی کردبوو. پاشان لەسەر دەستی شێخ عەلائودینیشدا تەمەسوکی کرد. ئەم ذاتە لە ١٣٤٦دا کۆچی دواییی کردووە و لە داوێنی مەرقەدی (أبو عبیدە)وە لە عەبابەیلێ بە خاك سپێرراوە.

یادی شێخ موحیدینی قزڵباخی

ئەم ذاتە لە شێخەکانی خۆبەخوڕەی لای سەقزە، بۆ خوێندن هاتووەتە بیارە و لە خزمەتی شێخ نەجمودیندا تەمەسسوکی کردووە و تا ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە لە بیارە ماوەتەوە. پاشان لە هەڵەبجە دامەزراوە و بووە بە پێشنوێژ و مودەڕیسی مزگەوتی خانم (خانمی خێزانی عوسمان پاشای جاف) و تا لە ١٣٣٢دا کۆچی دواییی کردووە بە خزمەتی زانست و ئاینەوە خەریك بووە.

ئەم ذاتە دەستی ئەدەبیاتیشی هەبوو. نازانم دیوانی کۆ کراوەی ببێ یا نە، بەڵام من پارچە شیعرێك و چوار خشتەکییەکیم دەسگیر بووە، وا لێرەدا بڵاویان ئەکەمەوە.

ئەمە پارچە شیعرەکەی:

ای آنکه جان عاشق مسکین فدای تو
یارب فدای پای تو جان گدای تو

من خواهم از خدا که بجویم رضای تو
چون در رضای تست رضای خدای تو

انوار مرشدان جهان مقتبس شده است
از کوکب(ضیا)ی (سراج) و (بها)ی تو

خاك است اگر وجود کثیفم طلا شود
از فیض پرتو نظر کیمیای تو

فرقم به تاج شاهی عالم همی رسد
باشد به زیر سایهء بال همای تو

اکسیر اعظم است یقین نزد اهل دل
خاکی که هست زیر کف پای تو

گر عاجزند خلق ز وصف شمایلت
حیرانم از بیان حیاء و وفای تو

عـثـمـان چـو دید روی تـو وقت وفـات گـفت
ایـن است بس خـلـیـفـهء مـا از حـیـای تـو

از رشك(معن زائده) پیچید به خود چو مار
گـر بشنـود چـو حـاتـم طـائـی سخـای تـو

چـون از ثـنـات(مـحـیـی) بـی چـاره دم زنـد
خـارج ز حـد عـقـل بـود چـون ثـنـای تـو[1]

ئەمەش چوار خشتەکییەکەی:

ای شاه وقت عـیـد سعـیـدت مـبـارك است
در مـاه وسال عـیش رغـیـدت مـبـارك است

انـعـام شامـل احـوال هـر کس است
انـعـام بـا قـریب و بـعـیدت مـبـارك است[2]

(١) شێخ موحیدین ئەم پارچە شیعرەی لە پیاهەڵدانی شێخ نەجمودیندا وتووە.
(٢) شێخ موحیدین ئەم چوارخشتەکییەی بۆ جەژنە پیرۆزە بۆ شێخ نەجمودین ناردووە.

یادی شێخ بابارەسوولّی بێدەنی

ئـەم ذاتـە کـوڕی شێخ ئـەحمـەدی کـوڕی شێخ عـەبدولصەمـەدی بێدەنـی و لـە سەیدە بەرزنجەییەکانی سۆڵەیە. لە ١٣٠٣ی هیجرەتدا لە دێی(بێدەن) هـاتووەتە دنیـاوە و دایکی خوشکی شێخ حوسەینی چرچەقەڵایە. حەوت سالاّن بووە باوکی کۆچی دواییی کردووە و دایکی بردوویەتی بۆ مـاڵی شێخ مەحموودی موفتی لە هـەڵەبجە تـا لەوێ بنرێتە بەر خوێندن. مـاوەیەك لەوێ مـاوەتەوە خوێندوویەتـی و هـەر هێشتا منـاڵ بووە رێی کەوتووەتە بیـارە و بە خزمەتی شێخ عومـەر ضیـائودین گەیشتووە و شێخ داویـەتە دەستی مـەلا عـەبدولقـادری مودەرِیس و داوای لێ کردووە ئـاگای لـێ بـێ.

بـابـارەسوولّ، وەك فـەقـێکـانـی تری کوردستـانـی سەردەمـی خۆی، لـە گـەلـێ شوێن خوێندوویە. جگە لە هـەڵەبجە و بیـارە، لە پریس لای مـەلا قـادری مـەلا مومن و لە قزرابات هـەر لای ئەو و لە سولەیمـانی لای شێخ بـاباعـەلیی تەکیـەیی و مـاوەیـەکیش لە مزگەوتی مـەلا ئەمینی مـام رِوستـەم بووە، بـەڵام هـەر لای شێخ بـاباعـەلی خوێندوویە.

بـابارەسوولّ پـاش ئەوەی خوێندن تـەواو ئـەکـا ئـەچـێ بۆ بیـارە و لـەسـەر دەستی شێخ نـەجمودینـدا تـەمـەسسوك ئـەکـا و هـەر لـە بیـارە ئـەمێنێتـەوە، لای شێخ نـەجمودین وەختی بـەسـەر ئـەبـا و بـە جێی نـاهێڵـێ و بـە پێی توانـایش لـە دەرز پێوتنی فـەقێدا بـەشداری ئـەکـا و پـاشان لـە سـاڵی ١٣٣٥دا بـە هیـەخان نـاوی ئـامۆزای مـارە ئـەکـا.

لەو سەردەمـەدا شێخ عـەبدولکەریمی ئـەحمـەدبرِندەیش کـە هـەر لـە منـاڵییـەوە هـاورِێی بـابـارەسوولّ بـووە، لـە بیـارە ئـەبـێ. کـە شێخ مـەعرووفی نێرگسەجارِ لـە ١٣٣١دا کۆچی دوایی ئـەکـا، لـەبـەر ئـەوە کـە شێخ عـەبدولکەریم لـە منـاڵیدا لـە بـەردەستی شێخ مـەعرووفدا پـێ گـەیشتووە، شێخ نـەجمـودین ئـەینێرێ بـۆ ئـەحمـەدبرِەندە کـە خزمـەتـی مزگەوتی ئـەحمـەدبرِندە و چاودێریی منـاڵەکانی شێخ مـەعرووفیش بکـا. شێخ بـابـارەسوول بـە هۆی ئـەوەوە کـە هـیچ پێوەندی بـە دنیـاوە مـەبـەست نـەبـووە، توانیویـە ئـەو مـاوە زۆرە هـەروا لـە بـیـارە بـمـێنـێتـەوە. کـە شێخ نـەجمـودین لـە ١٣٣٧دا کۆچـی دوایـی ئـەکـا و شێخ نووروودینی کوڕی لە جێی دائـەنیشێ و سـاڵی دوایی ئـەویش و مـەلا عـەبدولقـادری مودەرِیسیش کۆچی دوایی ئـەکـەن و شێخ عـەلائودین لـە هـەورامـانی ئـەودیوەوە دێتـەوە بۆ سـەر خـانـەقـای بیـارە، بـرِیـار ئـەدا شێخ بـابـارەسوولّ ببـێ بـە مودەرِیسی بیـارە و مـەلا

حوسەینی کوڕی مەلا عەبدولقادر یارمەتیدەری بێ. ماوەیەکی کەم بەم جۆرە ڕائەبوێرێ، پاشان تاقەتی نامێنێ و بیارە بە جێ دێڵێ و ئەچێ بۆ هەڵەبجە و لە ماڵی شێخ عەبدولەطیف دائەبەزێ. پاش ماوەیەك لەوێیشەوە ئەچی بۆ سۆڵە و ئەبێ بە مەلای شێخ حوسەینی خاڵۆی. پاش ماوەیەکی تریش لەوێوە ئەگوێزێتەوە بۆ زەلەڕەش و ئەبێ بە مەلای حوسەین بەگی مەحموود پاشا تا ساڵی ١٣٤٦ کە مەلا حەمەسەعیدی عەبابەیلێ کۆچی دوایی ئەکا، ئەوجا ئەگوێزێتەوە بۆ عەبابەیلێ تا ١٣٥٥، لەوساڵەدا لەسەر هەندێ شت دڵی ناڕەحەت ئەبێ و ئەڕوا بۆ سۆڵە بۆ لای شێخ قادری قەمچی ڕەش کە خاڵۆزای بووە، ماوەیەك لەوێ ئەبێ، پاشان دووبارە ئەگەڕێتەوە بۆ عەبابەیلێ و ئیتر لەوێ ئەمێنێتەوە تا لە ١٣٦٣ دا کۆچی دوایی ئەکا.

شێخ بابارەسوول ذاتێکی زۆر پایەبڵند و ڕەوشت بەرز و دڵسۆزی هاوڕێیانی و خزمەتگوزاری کۆمەڵەی موسوڵمانان بووە. لەناو مەلایانی دەوروبەری هەڵەبجەدا ئەو سەربەندە بوو کە هەموویانی بەیەکەوە گرێ دابوو، لە هەموو گیروگرفتێکدا فریارەسی هەموویان بوو. بە مردنی ئیتر ئەو ڕشتەیە پچڕایەوە کە هەموویانی پێکەوە بەستبوو.

سیرەت و باسی ڕەوشت و خووی بەرز و کرداری مەردانە و هەڵوێستی پیاوانەی بابارەسوول لە چەند لاپەڕەیەکدا هەرگیز تەواو نابێ و دەفتەرێکی گەورەی پێویستە. بە کورتی بابارەسوول مرۆیەك بوو لەهەموو سیفەتێکی مەردانەدا نموونە و کەم هاوتا بوو.

شێخ بابارەسوول وەك زانایەکی گەورە بوو، ئەدیب و شاعیرێکی باڵایش بوو، شیعری بە کوردی و فارسی زۆرە. من چەند پارچە شیعری کوردی و فارسییم دەستگیر بووە، لێرەدا بڵاویان ئەکەمەوە بە هیوای دەسکەوتنی شیعرەکانی تریشی کە لە هەڵێکی ترا بڵاویان بکەمەوە.

بە کوردی:

١

ناطیقەی حاڵی وەطەن دەرسی وەطەن تەقریر ئەکا
کاتبی دڵ حەرفەکانی یەك بەیەك تەحریر ئەکا

گفتوگۆیەکی خۆش و پڕ مەغزە دایم دێتە گوێم
وائەزانم هاتیفێکی غەیبییە تەفسیر ئەکا

پێم ئەڵێ بۆ غەم ئەخۆی، سوڵطانی سەیاسی وەطەن
هەر بە قانوونی مەحەببەت دوژمنی تەسخیر ئەکا

عاقیبەت میعماری فیکری ئیتیفاقی قەومی کورد
دارولئیحسانی بیلادی کوردەکان تەعمیر ئەکا

سیلسیلەی کاکۆڵی ئاڵۆزاوی مەحبووبەی وەطەن
وابزانە زووبەزوو وا عاشقی خۆی زەنجیر ئەکا

خزمەتی خاکی وەطەن فەرضێکی عەینە بۆ هەموو
داخڵی ئەم حوکمەیە کێ فەرقی جوان و پیر ئەکا

ظوڵمەتی جەهل ئەرچی زۆری سەندووە باکت نەبێ
نووری عیلمی عالمێکە عالەمێ تەنویر ئەکا

بۆ دیفاعی زەهری ماری دوژمنی خاکی وەطەن
سەر طەبیبی مەعریفەت تەرتیبی شەکر و شیر ئەکا

ڕۆژ و شەو بۆ پاسی ناموووسی وەطەن ئینسانی کورد
سنگ بە قەڵخان و سوپەر بۆ نووکی شیر و تیر ئەکا

هەر کەسێ فکری مەزاری باوك و باپیری هەبێ
بۆ بەقای ئیعزازی خاکی خۆی چلۆن تەقصیر ئەکا

بۆ نشاندانی میثالی پاڵەوانی قەومی کورد
ئاوی کوردستانە عەکسی شێری نەڕ تەصویر ئەکا

دادی حیکمەت دائەخا صەیادی طەبعی موستەقیم
هەر لە یەك داوا بە ملوێن وەحشی پێ تەسخیر ئەکا

طەبعی کەششافی ئەدیبی چاپ ئەکا (روح البیان)
ئایەتی عەقدی برایی کوردەکان تەفسیر ئەکا

پیاوی عالم دائیما نەفعی عوموومی مەطلەبە
جاهیلی ناپیاوە هەر بۆ نەفعی خۆی تەدبیر ئەکا

لووتی وەرچەرخان لە شووشەی پڕ گوڵاوی شیعری من
مونکیری ئاثاری کوردی بۆنی پیاز و سیر ئەکا

بەعزە ئەشخاصێ هەیە مەیلی لە خورما خواردنە
ذائیقەی بەعضێکی تر مەیلی تریٚ و هەنجیر ئەکا

کەعبە کەچ نابێ بە کوردی ناوی کوردستان ئەبەم
پێی بڵێن واعیظ بە تورکی بۆچی من تەکفیر ئەکا

٢

من غوباری گوزەری گەردشی دامانێکم
عاشق و شیفتەیی جیلوەیی جانانێکم

بۆ گوڵی ڕوویی کەسێ ئیستە منیش وەك بولبول
لە گولستانی غەما مورغی سەحەرخوانێکم

ئاخ! زەمانێکە لە گۆشەی قەفەسا وەك قومری
بێ پەڕ و باڵی قەدی سەروی خەرامانێکم

مەکە تەکلیفی شەرابم بە خودا، ئەی ساقی
مەستی بادەی قەدەحی دیدەیی فەتانێکم

وەحشەت ئەنگێزە غوبارم لە هەموو دنیادا
گەرد و بادی قەدەمی فەوجی غەزالانێکم

خۆ زەمانێکە لە بەیتولحەزەنا وەك یەعقووب
چاوەڕێی پیرەهەنی یۆسفی کەنعانێکم

گەر دەپرسی خەبەر ئیستا کە لە گۆشەی غەمدا
منی بێچارە عەجەب بێ سەروسامانێکم

بـۆچـی تـەحـقـیـرم ئـەکـەی زاهـیـدی طـاعـات فـرۆش
کـوێرە نـازانـی مـنـیش ئـێستـە مـوسوڵـمـانـێکـم

وەرە بـڕوانـە کـە کـون کـون بـووە سیـنـەم ئـەمـڕۆ
هـەدەفـی تـیـری بـەڵای جـونـبـوشی مـوژگـانـێکـم

مـودەتـێکـە کـە لـە داوێنـی شەبـی هـیـجـرانـدا
دائـیـمـا مـونـتـەظـیـری صوبـحـی گـریـبـانـێکـم

شەو هـەمـوو شەو وەکـو پـەروانـەیـی بـێ صەبـر و قـەرار
بـاڵ و پـەڕ سۆخـتـەیـی شەمـعـی شەبـوسـتـانـێکـم

ئـەی ڕەفـیـقـان بـە خـودا ئـیستـە مـنـیش بـۆ لـەیـلا
بـێ سەروشوێنـم و مـەجـنـوونـی بـیـابـانـێکـم

تـا قـیـامـەت بـە خـودا زەحـمـەتـە هـوشیـارەوە بـم
مـن کـە مـەخـمـووری شەراب و دەس و فـنـجـانـێکـم

تـا لـە جـەمـعـیـەتـی ئـەحـبـابـی بـڕیـوم دەوران
لـە بـیـابـانـی غـەمـا طـورفـە پـەڕیشانـێکـم

ئـەی(ڕەئـووف) خـاصیـەتی صوحبەتی (بـابـا)یە کە من
ئـەدەب ئـامـۆخـتـەیـی مـەجـلـیسی عـیـرفـانـێکـم[1]

٣

لـە گـۆشەی عـوزلـەتـا دایـم قسەی بـێ خـود ئـەکـەم بـۆ خـۆم
لـە حـوجـرەی پـڕ ئـەسەفـدا، (ڕەمـزی یـا) مـەشغـوولّـی یـادی تـۆم

ئـەگـەر بـێچـارە(بـێخود)، (ڕەمـزی یـا) قـامـەت خـەمـە، (بـابـا)یش
بـڵـێ بـۆ شاهـیـدی صوحـبـەت ئـەوە چـاوە، مـنـم ئـەبـرۆم

(١) شێخ بابارەسوولّ ئەم پارچە شیعرەی بو مەلا ڕەئووفی مەلا ئەحمەدی صائیبی هاورێی نووسیوە. ئێمەیش لە ڕووی فوتۆی کەشکۆڵەکەی مەلا عەزیزی ڕێشاویی جوانڕۆیی نووسیومانەتەوە.

لـه بـەزمـی گـوڵشەنـی ئـەحبـابـی یـەك دڵـدا مـن و (بـێخـود)
لـەبـۆ گـوڵـدەستـەیـی ئـولـفـەت ئـەوە وەك ڕەنگ و مـن وەك بـۆم

ئـەوا وەك پـیـری کـەنـعـان قـافـڵـەی بـادامـی چـاوم نـارد
لـه شاری مـیسری وەسڵـی ئـێوەدا مـن مـوشتـەریـی یـەك بـۆم(٢)

٤

حـاڵـی بـەدحـاڵـی ئـەمـن مـەعـلـوومـە، ئـیـفشای عـالـەمـە
دیـدە پـڕ ئـاب و جـگـەر داغ و زوبـانـم ئـەبـکـەمـە
عـەیش و شادیـم، چـاوەکـەم، گـریـان و شیـن و مـاتـەمـە
ساکـنـی گـۆشەی دەروونـم پـێم مـەڵـێ دەردت کـەمـە
خـوا لـه بـاتیی لـەعـلی فـەنـەر حوجرەکـەم مـەملـووی خـەمـە

***

طـاقـەت و صەبـر و قـەرار و هـۆش و ئـارامـم چـووە
مـەصڵـەحـەت وایـە سەری خـۆم هـەڵـگـرم تـا کـو زووە
بـۆ کـەسێ دیـنـی ببـێ لـەم جـێگـە نـیشتـن قـەت بـووە
حـوجـرەکـەی ئـەم دیـو (یـقـیـنـاً) هـەروەکـو قـەبـری جـووە
چـۆن لـه بـاتیـی لـەعل و لـەمیـا دوود و عـەقرەب هـەمدەمـە

***

قـەت لـه بـاسی خـواردنـی ئـەم جـێگـە هـیـچ کـەس نـادوێ
دۆیـنـەکـە گـەر بـیـکـەیـە صەحـرا ئـیـتـر گـیـای نـاڕوێ
بـێ درۆیـە ئـەم قسه دیـکـەم بـەڕاستـی بـیـبـیـێ
گـەر لـه بـەحثی ئـەکل و شوربیش بـێمـه تـەحریر جوزئـیـیـێ
بـێ درۆ نـابـێ لـه فـەرضێ ئـەر بـڵـێی عـەیـنـی سەمـە

***

(٢) ئەم پارچە شیعرە لە ڕووی فۆتۆی کەشکۆڵەکەی مەلا عەزیزی ڕێشاوی نووسراوەتەوە. لەوێدا نووسراوە بۆ (بێخودی)ی نووسیوە، بەڵام بە شیعرەکە خۆیا دیارە وا نییە، شێخ بابادەسوولّ باسی خۆی و بێخود ئەکاو ڕووی دەمی لە (ڕەمزی) ناو یا نازناوێکە کە لامان وایە (ڕەمزیی مەلا مەعرووف) بێ.

مـن لـەبـەر خـوێندن بـە دائیـم خـوێنـی جـەرگـی خـۆم ئـەخـۆم
بـێ کـەس و ڕووت و غـەریب و عـاجـز و دڵ پـڕ لـە غـەم
بـەحـڕی عـیـلـمـی ئـەم زەمـانـت بـۆ بـکـەم بـێ زیـاد و کـەم
گـەر قسەی ڕاستت ئـەوێ (بـابـا) ئـەمـن عـەرزت دەکـەم
خـوێنـدن و تـەحـصـیـلـی ئـێستـە بـاعـیـثـی دەرد و غـەمـە

***

مـن فـیـرارم کـرد لـە دەس ئـەم جـێگـە، ڕێم تـێ کـەوتـەوە
بـەختـم هـەڵسابـوو لـە خـەو، دووبـارە بـۆ خـۆی خـەوتـەوە
ڕەبـبـی وێران بـێ بـە حـوجـرە و مـەدرەسە و مـزگـەوتـەوە
مـن خـۆم مـەحـرووم لـە چـایـی، هـەم لـە دار و نـەوتـەوە
بەحڕی دۆینەیش خۆت ئەزانی دەر دوو هەفتە یەك ژەمە(٣)

٥

هـەر کـوردە کـە عـوشرەتـی نـەمـابـێ
هـەر کـوردە کـە بـەزمـی بـێ صەدا بـێ

پـیـاوێ بـە ڕەواڵـدزی ئـەفـەرمـوو:
«ئـەم مـەسئـەلـە کـوو دەبـێ وەهـا بـێ»

عـالـەم لـە سەعـادەتـا دەژی گشت
هـەر کـوردە حـەیـاتـی لـێ بـڕابـێ

دنـیـا هـەمـوو عـەیش و نـۆشە تـەنـیـا
هـەر مـەحـفـەلـی کـوردە بـێ صەفـا بـێ

قـانـوونـی تـەبـەللـومـە ئـەفـەرمـوێ:
ئـەم کـوردە لـەژێر ئـەسارەتـا بـێ

سا گاز کەنە قەومی کوردی (خۆشناو)
بـا ڕۆمـی لـە قـەومـی (پـژدەر)ا بـێ

(٣) دیـارە شێخ بـابـارەسوڵ بـەم پـارچـە شیـعـرەی باسی ژیـانـی ناخـۆشی ئـەو سەردەمـەی فەقێیان ئەکا.

دەشتی (دزەیی) لە دەشتی (هەولێر)
باعیث چییە، ئەهلی بۆ جیا بێ

ڕمبازیی (جاف) و (تاڵەبانی)
با (داودە) وو(زەنگنە)ی تیا بێ

(سوورداش) و (سیوەیل) و (شاربازێڕ)
بۆ (شێوەکەڵ)ی ئەبێ فیدا بێ

(هەورامی) یو کوردی (شارەزوور)ی
بۆ دەردی (لهۆن) ئەبێ دەوا بێ

(گەڵباغی)یو (تیلەکۆ) و (مەریوان)
بۆ میللەتی(ژاوەرۆ) نەمابێ

(سنجاوی)یو (کەلوڕ) و (هەمەوەند)
بۆ میللەتی (لوڕ) ئەبێ شیفا بێ

(سابڵاغ) و (سنە) و (سەقز) بەجارێ
با بانگ کەنە ئەهلی (بانە) دا بێ

تیعدادی هەموو عەشایری کورد
باوەڕ مەکە بۆ کەسێ کرابێ

ئەمما بە هەموو ئەڵێم بە ئیجمال
گوێی هۆشی لە بانگی کابرا بێ

گوێی لێیە عوموومی کوردەواری
مەر ئەو کەسە گوێی دڵی نەمابێ

بۆ نەصرەتی مەنطیقەی جونووبی
با کوردی شیمالی عەینی با بێ

ئیمانی هەیە ئەگەر بە ئایەت
ئەم کوردە هەموو ئەبێ برا بێ

بـورهـانـی مـوفـەکـیـراتـی کـوردی
بـێ شوبـهـەیـە بـێ نـەتـیـجـە نـابـێ[٤]

به فارسی

٦

جـانـا مـراد هـر دو جـهـانت مـریـد بـاد
عـمـرت بـه کـام اهـل مـحـبت مـدیـد بـاد

از مـقـدم تـو غـنـچـهء دلـهـا شکـفـتـه شد
فـیض نسیـم صبـح وصالت مـزیـد بـاد

آنکس کـه داد مـژدهء جـان بـخش مـقدمت
یـا رب هـمـیشه شاد دل و خوش نـوید بـاد

وقت عـــزیـــمت سفـــر و بـــازگشتـــنت
حـضرت دلـیـل و پـیشروت بـایـزیـد بـاد

جـانـا صفـای عـیـد غـریـبـان لـقـای تست
خوش طـالـع آن غـریب ز تـو مستـفـید بـاد

مـــاتـــم زدای جـمـــع غـــریـــبـــان بـــی نـــوا
عـیشت مـدام و عـیـد شریـفت سعـیـد بـاد

خـــوشنـــود بـــاد از کـــرمت آشنـای تـو
بـیـگـانـهات ز عـیش جـهـان نـاامـیـد بـاد

وصلت بـــرای عـــاشق صادق فـــزون بـــود
هـجـرت نـصیب جـان رقـیب پـلـیـد بـاد

آن نـاکسی کـه مـنـکـر ایـن آستـانـه است

(٤) ئـەم پـارچـه شیـعـرە لـە رووی فـۆتـۆی کـەشکـۆڵـی مـەلا عـەزیـزی رێشاویـی جـوانـرۆیـی نووسراوەتـەوە.

از فیض خواجگان طریقت بعید باد

بسمل صفت به خاك طپان در مقام عشق
عشاق تو به تیغ محبت شهید باد

ای در برابر کرمت بحر، قطره‌ای
احسان تو قرین قریب و بعید باد

شرح شمایل تو مطول خوش است لیك
شایسته آنکه مختصر و هم مفید باد
در نزد قدرت همت تو آسمان زمین
در پیش چهره‌ات مه و خور ناپدید باد

بادا همیشه یاور تو لطف مصطفی
یارت مدام عون خدای مجید باد(۵)

۷

ای چشم یار! درد تو جان را خراب کرد
دل را دچار شدت صد اضطراب کرد

ای درد سوی نرگس جانان چه میروی
ای وای این قدر که ترا بی حجاب کرد

ای درد! اگر به دیدهٔ انصاف بنگری
باید ز طوق دیدهٔ او اجتناب کرد

ای درد چشم دور شو، این جور تا به کی
جانانه از شآمت تو ترك خواب کرد

چشمی که نور دیدهٔ اهل وفا بود
ای بی بصر چه حق بود او را عذاب کرد

(۵) شێخ باباڕەسوولّ و مەلا ڕەئووفی مەلا ئەحمەدی صائیب، ئەم پارچە شیعرەیان پێکەوە بۆ پیرۆزبایی لێکردنی شێخ نەجمودین وتووە بە بۆنەی گەڕانەوەیەوە لە سەفەر.

چشمی که روشن است ازو دیدهء جهان
او را چه ممکن است پر از پیچ و تاب کرد

چشمی که دسته ستە به گلزار کائنات
نرگس برای بندگی او شتاب کرد

چشم و رخی که نرگس و گل از حیای او
گل آب شد ز حسرت و نرگس حجاب کرد

ای خان و مان خراب چه بیداد میکنی
با دیدهء که تربیت شیخ و شاب کرد

ای بی ادب برو عرق انفعال ریز
ورنه ترا نتوان بدعا غرق آب کرد

آزار چشم دلبر ما لایق تو نیست
همچون تو کیست این گذر ناصواب کرد

چشم (رءوف) و دیدهء(بابا) مقام تست
اکنون توان که دیدهء ما کامیاب کرد

یارب کند به دیدهء ما زود انتقال
دردی که چشم مست ترا پر آب کرد(٦)

٨

آه از غم بی نیازی یار
فریاد ز دست جور دلدار

لیلای من از رم غزالت
دیوانهترم ز قیس بیزار

(٦) شێخ بابا پەسوولّ و مەلا پەئووفی مەلا ئەحمەدی صائیب ئەم پارچە شێعرەیشیان پێکەوە بەبۆنەی چاوێشەی شێخ نەجمودینەوە وتووە.

از فـتـنـهء جـاودان چشمت
بـیـمـار تـرم ز چشم بـیـمـار

شادم بـه امـیـد حـرفـی از تـو
از لـوم رقـیب و طـعـن اغـیـار

یـکـبـار گـل رخت نـدیـدم
دیـدم دوهـزار نـیش از خـار

بـر عـاشق بـی نـوا گـواهـی
از بـهـر خـدای حـی دادار

عـمـریست فـتـاده بـر در تـو
شایـد بـه سرم روی تـو یـکـبـار

جـانـا چـهشود بـرغـم زاهـد
بـاری گـذری بـه ایـن گـنـهکـار

تـا چـنـد خـورم غـم فـراوان
تـا چـنـد کشم جـفـای بسیـار

مـن طـاقت هـجـر دلـبـرم نـیست
ای وصل تـو جـان مـن نـگـهـدار

فـریـاد ز بـی کسی کسی نـیست
حـال دل مـن بـپـرسد از یـار

سالـی است ازو خـبـر نـدارم
رنـجـور بـرفت از بـرم یـار

در چـاه زنـخ بـمـرد یـا خـود
در سلسلـهء دو زلـف طـرار

گـر مـژده دهـی بشارت آرد
دل گشت فـدای پـای دلـدار

(بابا) سر و مال و جان خود هم
زین مژده دهد به آن خبردار

۹

